# چیرۆکستان

(دەق و رەخنە)

**و لە فارسییەوە: حەمە کەریم عارف**

**٢٠٠٥**



* چیرۆکستان
* دەق و رەخنە
* وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەمە کەریم عارف
* لە بڵاوکراوەکانی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- 1
* هونەرکاری ناوەوە: کاوە فاروق
* نەخشەی بەرگ: فەهد شوانی
* چاپی یەکەم - ٢٠٠٥

# دژمنان

## چیرۆکی چیخۆف

دکتۆر کریلوف، پزیشکی دەوڵەتی بوو، تاقە کوڕێکی شەش ساڵانی هەبوو و نێوی ئاندرێ بوو، نزیکەی سەعات (دە)ی تاریکە شەوێکی مانگی نۆ، ئەم تاقانەیەی بە نەخۆشی ملەخڕە مرد، ڕێک لەو دەمەدا کە ژنەکەی دکتۆر لەبەردەم قەرەوێڵەی کوڕە مردووەکەیدا بەچۆکدا هات و یەکەمین شاڵاوی نائومێدی بڕستی لێ بڕی. لە زەنگی دەرگاکەیان درا. دەنگی زەنگەکە لە هۆڵەکەدا دەنگی دایەوە.

ماڵی دکتۆر هەر کە زانیان ملەخڕە لە ماڵیاندا پەیدا بوو، بۆ بەیانی هەموو نۆکەرەکانیان ئیزن دا، کریلوف خۆی چووە بەر دەرگا، لە ماڵەوە چۆن بو واهی چووە بەر دەرگا. کراسێک و ئێلەکێکی لەبەر بوو. نە دوگمەی ئێلەکەکەی داخست و نەدەست و دەموچاوی وشک کردەوە. ئەسفەنیک دەستی سووتاند بوو. دالآنەکە تاریک بوو. کابرا هاتە ژوورەوە، نەدەناسرایەوە، هەر ئەوەندە دیار بوو کە میانە باڵا، ملپێچێکی سپی لە مل و ڕەنگی پەڕی بوو، هێند ڕەنگی سپی ببوو کە وەژوور کەوت لە تۆ وایە دالآنەکەی ڕووناک کردەوە، کابرای میوان زمانی تێکئالآبوو بە هەزار حاڵ تا پرسی: (جەنابی دکتۆر لە ماڵێیە؟)

کریلوف وتی: (بەڵێ لە ماڵم، چیت گەرەکە؟)

کابرای میوان گەشایەوەو وتی: (تۆ جەنابی دکتۆری؟ زۆر خۆشحاڵم.) لەتاریکییەکەدا دەستی بۆ دەستی دکتۆر گێڕا، هەر کە دەستی دکتۆری بەر دەستان کەوت بەتوندی گوشی و وتی: (زۆر خۆشحاڵم، جارێکی دیکەش بەخزمەتت گەییوم، ئەگەر بیرت مابێ من (ئەبوگین)م ناوە، ئەم هاوینە لە ماڵی (گنوشیف) بە خزمەتت گەیشتم زۆر خۆشحاڵم کە وای لە ماڵ. مەحز بۆ ڕەزای خوا، دەست نەنەی بەڕوومەوەو بڵێیی بەم درەنگە شەوە لەگەڵت نایەم، ژنەکەم لەپڕ لەزریکەی داو کەوت، حاڵی خراپە. عەرەبانەشم لەگەڵ خۆهێناوە..)

کابرای میوان بەقسەو ڕەفتاریدا دیاربوو پەریشان و خەمبارە، دەتوت لە ئاگرێکی بێ ئامان یان سەگێکی هار ترساوەو بەئاستەم ڕۆحی پێ ماوە. تەنانەت نەیدەتوانی جڵەوی هەناسە بڕکییەکەشی بگرێ، بەدەنگی لەرزۆک



و لێکدا لێکدا قسەی دەکرد. ڕاستگۆیی و ترسێکی منداڵانە لە قسەکانیدا دیار بوو، وەکو یەکێک زارەتەرەک بووبێ، بەپچڕپچڕی و تێکەڵوپێکەڵی قسەی دەکرد و گەلێ قسەی بێ سەروبەرو نابەجێ لە زاری دەردەپەڕین، لەسەری ڕۆیی: (هەر خەمی ئەوەم بوو کە خوا نەخواستە لە ماڵ نەبی، بە درێژایی ڕێگا دڵم لەمستمدا بوو،هیزە خێراکە، فریام کەوە، جلەکانت لەبەرکەو با بڕۆین، ئێوارە (پاپچینسکی) هاتە میوانیم، پاشان ئەلکساند زیمیوڤچیش هات، هەڵبەتە دەیانناسیت. دانیشتبووین بۆ خۆ قسانمان دەکرد، پاشان هەستاین بۆ چا خواردنەوە، لەپڕ ژنەکەم هاواری لێهەستا، دەستی بە دڵییەوە گرت و کەوت بەسەر کورسییەکەدا، هەڵمان گرت و بردمانە سەر جێگاکەی، نێوچەوانیم بەدەرمان چەور کرد، ئاوی ساردم بە دەموچاویدا پرژاند، ئیدی بوو بە جەنازەو لەو گۆڕە کەوت. دەترسم دڵی وەستابێ، خێراکە، بڕۆین، بابیشی بەنەخۆشی دڵ مرد).

کریلوف مات و بێدەنگ گوێی گرتبوو، هێندە بێدەنگ بوو دەتوت تاقە وشەیەکی ڕوسی نەدەزانی، وەختێ ئەبوگین جارێکی دی نێوی پاپچینسکی هێناو باسی خەزووری کردو جارێکی دی کەوتە گەڕان بەدووی دەستی دکتۆردا، دکتۆر سەری باداو هاتە قسان، زۆر بەبێ ئارامی و بێ قەراری قسەی دەکرد: ( ببوورە، ناتوانم لەگەڵت بێم، چونکە هەموو پێنج دەققە نابێ کە کوڕەکەم مرد).

ئەبوگین تۆزێ کشایەوەو وتی: (بەڕاست؟ خوایە لەم بەختە! چ ڕۆژێکی شوومە! چ ڕێکەوتێکە! بەڵێ ئەمە ئیرادەی خوایەو گەڕانەوەی نییە) ئەبوگین دەستی بەکێلونی دەرگاکەوە گرت، سەری داخست و لە فکران ڕاچوو، دیار بوو نەیدەتوانی بەدەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە، دوو دڵ بوو کە بڕوا، یا هەوڵێکی دیکەش لەگەڵ دکتۆردا بدات، کەوتە سەر دەست و پێی کریلوف و بەخەمبارییەوە وتی: ( دکتۆر من هەست بە وەزعی تۆ دەکەم، خوا ئاگادارە خۆم بە شەرمەزار دەزانم لەم کاتەدا تەکلیفت لێ بکەم، بەڵام چ بکەم؟ من ناڵێم، تۆ بڵێ ڕوو لە کوێ بکەم؟ جگە لە تۆ چ دکتۆرێکی دی لەم ناوە نییە. بیکە بە خاتری خوا لەگەڵم وەرە، خۆت دەزانی شتەکە بۆ خۆم نییە، من نەخۆش نیم..)

هەردوو بێدەنگ بوون، کریلوف پشتی کردە ئەبوگین، تۆزێک وێستا و ئەوجا بەئەسپایی لە دالآنەکەوە خۆی بە ژووری میواندا کرد، وەزعی نائاسایی و ڕەفتاری ئامێر ئاسا بوو، گڵۆپێکی کوژاوەی میزان کرد،

تەمەشایەکی کتێبێکی ئەستووری وازی سەر مێزێکی کرد.

دکتۆر خۆشی نەیدەزانی بۆ ئەم کارانە دەکا، چونکە لەو دەمەدا نە مەبەستێکی تایبەتی هەبوو نەبیری لەشتێک دەکردەوە، هەر بیریشی نەمابوو کە کابرایەکی غەریب لەبەر دالآنەکە وێستاوەو چاوەڕوانی ئەوە، کپی و تاریکیی ژوورەکە هێندەی دی خەمبارو بێ تاقەتیان کرد، کە لە ژووری میوانەوە چووە ژووری کارکردنەکەی خۆی، لاقی ڕاستی لە ڕادە بەدەر قورس بوو، کەوتە لەپە کوتێ بە دووی کێلوونی دەرگاکەدا. ئازای لەشی سست و خاوبوو، وەکو یەکێک بە ڕێکەوت ڕێی کەوتبێتە ماڵێکی بێگانە یان بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا مەست بووبێ، گێژو سەرسام کەوتبووە بەر شەپۆلی کۆمەڵێ هەست و سۆزی تازەوە. هێڵە ڕووناکییەک کەوتبووە سەر کتێبەکانی نێو تاقێکی ژووری نووستنەکەی، ئەم ڕووناکییە لەگەڵ بۆنی ئەسفەنیک و سپرتۆی ژووری نووستنەکە، تێکەڵ ببوو.. دکتۆر شەکەت و خەمبار خۆی دا بەکۆڵی کورسییەکی پشت مێزەکەیدا. بۆ ساتێ چاوانی گێژو وێژی بڕینە کتێبەکان کە لەبەر ڕووناکییەکەدا دەدرەوشانەوە، ئەوجا هەستاو چوو بۆ ژووری نووستن. لێرەدا، لە ژووری نووستندا مەرگ باڵی بە سەر هەموو شتێکدا کێشابوو، هەموو شتێک؛ بچووکترین شتی نێو ژوورەکە باسی لافاوو تۆفانێکیان دەگێڕایەوە کە تێپەڕی بوو. مۆمێک لەنێوانی کۆمەڵێ شووشەو قوتوو کۆزەدا لەسەر تەپڵەکێ دانرابوو و دەسووتا. چرایەکی گەورەش لەسەر دۆلابێ دانرابوو، مۆم و چراکە، تاقە ڕووناکی ژوورەکە بوون.

کوڕەکەیان لەسەر قەرەوێڵەیەکی نزیکی پەنجەرەکە ڕەق ڕاکشابوو.

چاوانی ئەبڵەق ببوون و ماکی سەرسامییەک بە چارەیەوە دیاربوو. جووڵەی نەدەکرد، پێدەچوو چاوە ئەبڵەقەکانی سات بەسات تاریک وتاریکتر ببن و زیاتر بەقووڵا بچن، دایکی دەستی خستبووە سەر لەشی کوڕەکەی و دەموچاوی لە چرچەفەکاندا نقوم کردبوو و بەرانبەر قەرەوێڵەکەی چۆکی دادابوو. ئەویش وەکو کوڕەکەی بێ جووڵە بوو، بەڵام ئازای بەدەنی وەکو بیی نێو ئاو دەلەرزی! بەهەموو هێزو توانای باوەشی بە قەرەوێڵەکەدا کرد، دەتوت لەوە دەترسێت ئەو ئارامییەی باڵی بە سەر خۆی و هەموو شتێکدا کێشاوە بشێوێ و سەر لەنوێ بوروژێتەوە، پەتۆکان، چەرچەفەکان، قاپ و ئامانەکان، ئەو دڵۆپە ئاوانەی سەر عاردەکە، ئەو فلچەو مراکانەی لێرەو لەوێ کەوتبوون، شووشەیەک دەرمانی سپی، هەوای



ناخۆشی ژوورەکە هەر هەموو بێ گیان و مات و مردوو دەهاتنە بەرچاو. دکتۆر کە چاوی بە ژنەکەی کەوت، هەڵوەستەیەکی کرد. دەستەکانی لەنێو گیرفانی پانتۆڵەکەیدا گرمۆڵە کردن، سەری دانەواندو سەیرێکی کوڕەکەی کرد، چ شتێک لە سیمایدا بەدی نەدەکرا، تەنیا ئەو فرمێسکانەی سەر ڕدێنی نەبێ کە ئەوەیان نیشان دەدا، تازە گریاوە.

ئەو ترسەی کە لەکاتی باسکردنی مەرگدا بە خەیاڵماندا دێ لەو ژووری نووستنەدا نەبوو، بێدەنگی و کپیی ژوورەکە، وەزعی دایکەکە، سیمای باوکەکە، هەر هەموو سامێکی تایبەتییان دەخستە دڵ، ناسکی و حەساسی غەمێکی مرۆڤانەی لە وەسف نەهاتووی ئەوتۆ لە ئارادا بوو کە مەگەر تەنیا موسیقا دەرەقەتی وەسف کردنی بێ، هەست بەکپی و بێدەنگییەکی یەکجار ناسک و سەیر دەکرا. کریلوف و ژنەکەی هێدی و ئارام بوون، نەدەگریان، وەک بڵێی ئەوانیش ئیعترافیان بە وەزع و حاڵی شاعیرانەی خۆ دەکرد، چونکە هەردوکیان چووبوونە ساڵەوە، ئومێدی ئەوەیان نەمابوو منداڵی دیکەیان ببێ.

دکتۆر چل و چوار ساڵە، مووی سپی بووەو لە تەمەنی ڕاستیی خۆی پیرتر دەنوێنێ. ژنە جەرگ سووتاوەکەشی هەرچەند تەمەنی سی وپێنج ساڵە، بەڵام تەواو ژاکاوەو تێکچووە، ئاندرێ نەک هەر تاقانەیان بوو بەڵکو دوا منداڵیشیان بوو.

دکتۆر، بەپێچەوانەی ژنەکەیەوە، لەو بابەتە مرۆڤانە بوو کە لەکاتی پەستی و غەمباری و سەغڵەتیدا حەز بە جووڵان دەکەن، پێنج دەققەیەک بەدیار ژنەکەیەوە وێستاو ئەوجا لە ژووری نووستن وەدەرکەوت، لاقی ڕاستی تەواو بەرز کردەوە، خۆی بە ژوورێکی چکۆلەدا کرد کە تاکە قەنەفەیەکی گەورە نیوەی پڕ کردبۆوە، لەوێوە خۆی بەموبەقەکەدا کرد. بەدەوری وەچاخەکەدا سووڕایەوە، دانەوییەوە و لە دەرکەیەکی بچووکەوە هاتە بەردالآنەکە.

دیسان زەلامێکی ملپێچ لەمل و ڕەنگ پەڕیوی لێ بەدیار کەوت.

ئەبوگین هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: «هاتیت» کێلوونی دەرگاکەی گرت و وتی: «فەرموو با بڕۆین.» دکتۆر کەوتە لەرزین، لێی ڕاماو وتی:

– ئەدی پێم نەوتی ناتوانم بێم؟ چ کابرایەکی سەیری!

– دکتۆر ئاخر منیش بەشەرم، وەنەبێ بەوەزعی تۆ نەزانم: باوەڕ بکە پڕ بەدڵ هاوبەشی خەمتم.» ئەبوگین دەستی خستبووە سەر ملپێچەکەی و بەدەم

تکاو ڕجاوە دەیوت: «خۆ من بۆ خۆمم ناوێی. ڕجات لێ دەکەم ژنەکەم خەریکە دەمرێ. ئەگەر گوێت لە ناڵەو هاواری دەبوو، ئەگەر ڕەنگو ڕوویت دەبینی، ئەوسا نەهەقت نەدەگرتم! سەیری من بکە، وامزانی چوویت خۆت بگۆڕی! دکتۆر ڕجات لێ دەکەم، مەحز بۆ ڕەزای خوا، پیاوی چابە تا درەنگ نەبووە بابڕۆین.»

کریلوف ماوەیەک بێدەنگ بوو، ئەوجا وتی: «ناتوانم لەگەڵت بێم» و خۆی بەژووری میواندا کرد. ئەبوگین دووی کەوت، قۆڵی گرت و وتی:

– دەزانم تۆش خەمباری و ناهەقت نییە، بەڵام من بۆ کارێکی سووکەڵە بە دووتدا نەهاتووم، بۆ ئەوە نەهاتووم ددانێ چارەسەر بکەی یا گەواهینامەیەکی پزیشکگەریم بۆ بنووسیت. هاتووم کە ژیانی مرۆڤێک ڕزگار بکەی.» عەینی گەدایان دەپاڕایەوە: «ژیانی مرۆڤێک کەم نییە، لە هەموو غەمێکی شەخسی گەورەترە، تکات لێ دەکەم هیمەتێ بکە، بەناوی مرۆڤایەتییەوە تکات لێ دەکەم.»

کریلوف بە دڵتەنگییەوە گوتی: «ئاخر مرۆڤایەتی دووسەرەیە، بەناوی هەمان مرۆڤایەتییەوە تکات لێ دەکەم کە لەگەڵ خۆتم مەبە.

خوایە، تووشی چ بووم! من بەتۆبزی خۆ بەپێوە دەگرم و تۆش مرۆڤایەتیم بەگژدا دەکەی. باوەڕ بکە، بێشم هیچم پێ ناکرێ. بەکەڵکی چ نایەم، ئاخر چۆن ژنەکەم بەتەنێ بەجێ بێڵم؟ نا، نا....»

کریلوف دەستی هەڵتەکاند، پشتی کردە ئەبوگین و لەسەری ڕۆیی: «و... لەمن گەرەک نییە، بە داخەوەم... بەپێی قانوونی مەدەنی، بەرگی سێزدە مەجبوورم بێم و تۆش هەقی خۆتە پشتی ملم بگری و بەزۆر لەگەڵ خۆتم بەری، قەیدی نییە بمکوژە، بەڵام من ناتوانم، تەنانەت ناتوانم قسان بکەم. بمبوورە.» ئەبوگین دیسان دەستەو دامێنی کەوتەوەو وتی: «خوا هەڵناگرێ بەمجۆرە وەڵامم بدەیەوە، دوای قانوونی مەدەنی و بەرگی سێزدە ببڕێتەوە.

من هەقی ئەوەم نییە بەتۆبزی لەگەڵ خۆمت بەرم، ئەگەر دێی وەرە، ئەگەر نایەی هەواڵە بەخوا بی، بەڵام من چ زۆرێکم نییە، ڕجات لێ دەکەم. ژنێکی گەنج خەریکە دەمرێ، تۆ خۆت دەڵێی تازە کوڕەکەت مردووە، جا تۆیەک بەو هەموو خەمەوە لەخەم و ترسی من نەگەی کێ لێم تێبگا؟.

دەنگی ئەبوگین لە داخاو لە خەفەتا دەلەرزی. ئاوازی قسەکانی گەلێ لە خودی قسەکان کاریگەرتر بوو، ئەبوگین یەکجار بە خەمەوە بوو، بەڵام وشەکانی قەبەو قەڵەوو بێ گیان و دەستکرد دەهاتنە بەرچاو. بەخۆشی



هەستی بە مە دەکرد. جا بۆ ئەوەی دڵی دکتۆر نەڕەنجێ، هەوڵی دەدا ئەگەر بە وشە دکتۆری بۆ نەیەتە ڕەوا، ئەوا بە ڕەفتارو کرووزانەوە لەوەتەری سۆزی بداو قەناعەتی پێ بکا. بەشێوەیەکی گشتی، وشە هەر چەند جوان و ناسک بێ، تەنیا کار لە کەسانی بێ خەم دەکەن، وشە هەمیشە ئەو توانا و دەسەڵاتەی نییە کە خەڵکانی زۆر شاد یان زۆر خەمبار ڕازی بکا، چونکە باشترین دەربڕی خۆشحاڵیی زۆر و غەمی زۆر، بێدەنگییە. ئاشقان لە بێدەنگیدا باشتر لەزمانی یەکدی حاڵی دەبن. وەعز دادانێکی گەرموگوڕی سەر گۆڕی مردوویەک تەنیا کار لە بێگانان دەکا. ژن و منداڵی ئەو مردووە، ئەو وەعزە گەرموگوڕەیان بەلاوە ساردو هیچە، کریلوف مات و بێدەنگ وێستابوو. کە ئەبوگین پتر لەسەر پیرۆزی و فیداکاری پیشەی دکتۆران ڕۆیی، دکتۆر بەتوندی وتی:

– زۆر دوورە؟

– هەر سەعاتە ڕێیەک دەبێ. ئەسپەکانم ئەسپی چاکن، دکتۆر وەعدی شەرەفت دەدەمێ کە بەسەعاتێ بتبەم و بتهێنمەوە.

ئەم قسانەی دوایی، گەلێ زیاتر لە چەمکی «مرۆڤایەتی» و «پیشەی پیرۆزی دکتۆران» کاری لە دکتۆر کرد. تۆزێ ڕاماو ئاهێکی هەڵکێشا: «چاکە، بڕۆ با بڕۆین!»

بە پەلە ڕۆیی، بەدوو دڵییەوە خۆی بە ژووری کارەکەیدا کردو خێرا بە پاڵتۆیەکی دەڵبەوە گەڕایەوە، ئەبوگین گەشایەوە، کەوتە مەرایی دکتۆر، یارمەتی دا تا پاڵتۆکەی لەبەر کردو ئەوجا بەدوو قۆڵی لەماڵ وەدەرکەوتن. دنیا تاریک بوو، بەڵام هێشتاش لە دالانەکەی ماڵی دکتۆر ڕووناکتر بوو، لە تاریکییەکەدا؛ بالای بەرزو کەمێ کووڕی دکتۆر، ڕدێنە تەنک و درێژەکەی، کەپووە بەرانییەکەی بە ئاشکرا دیاربوو. لە تەنیشت دکتۆرەوە، دەموچاوی پان و بێ ڕەنگی ئەبوگین، کڵاوە چووکەکەی کە بەهەزار حاڵ کەللەی داپۆشی بوو، دەبینرا. ملپێچەکەی هەر لەپێشەوە سپی دەچۆوە، لەپشتەوە وەبن قژە درێژەکەی کەوتبوو. ئەبوگین لەو دەمەدا کە یارمەتیی دکتۆری دەدا تا سەرکەوێ و لەنێو عەرەبانەکەدا جێگیر ببێ، بە ئەسپایی وتی: «باوەڕ بکە هەست بەخەمی تۆ دەکەم.» و بە عەرەبانچییەکەی وت: «باژۆ (لیوک)ی ئازیز باژۆ، تا دەتوانی خێرا باژۆ.»

عەرەبانچییەکە بەپەلە وەڕێکەوت، یەکەم جار گەیشتنە ئاستی ڕیزە خانوویەکی ڕووت، ئەم خانووانە لە دەوری حەوشەی خەستەخانەیەک

گیرسابوونەوە، هەموو لایەک هەر تاریک بوو، تەنیا لەو سەری حەوشەکە نەبێ کە ڕووناکییەک لە پەنجەرەی ژوورێکەوە دەبریسکایەوەو پەرژینی باخێکی ڕووناک کردبۆوە.

سێ پەنجەرەی نهۆمی سەرێی خانوویەکی تەنیا لە تاریکییەکەدا بێ ڕەونەقتر دەیاننواند، ئەوجا عەرەبانەکە کەوتە نێو تاریکییەکی ئەنگوستەچاوەوە، تەنیا خشەخشی گەڵای درەختان و بۆنی کارگ دەهات. دەنگی پێچکەی عەرەبانەکە، تەیرو تووی خەبەر کردەوەو لەنێو لقوپۆپی درەختەکانەوە کەوتنە جموجووڵ و فریادی خەمناک، وەک بڵێی دەیانزانی کوڕەکەی دکتۆر مردووەو ژنەکەی ئەبوگین زۆر نەخۆشە، لە چڕە دارستانەکە ڕەت بوون.

تاکوتەراو لێرەولەوێ درەختان دەکەوتنە بەرچاو، پاشان تاقە دەوەنێک پەیدا بوو، حەوزە ئاوێک بەحاڵ دەدرەوشایەوەو سێبەری گەورە لە باوەشیدا مت ببوون، ئێستا عەرەبانەکە بە پێدەشتێکی تەخت و هەمواردا دادەکشا. دەنگی تەیروتو زۆر لە دوور دەهات، بەڵام هەر زوو هەموو شتێک کپ و خامۆش بوو.

کریلوف و ئەبوگین بەدرێژایی ڕێگە بێدەنگ بوون، تاقە جارێک ئەبوگین ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو لەبن لێوەوە وتی: «کە دەردێکی گرانە، بنیادەم هیچ کاتێ کەسوکاری بەقەد کاتی خەتەری لە دەستدانیان خۆش ناوێ.»

کاتێ عەرەبانەکە بەهێواشی لە چۆمێک دەپەڕییەوە، کریلوف لە پڕ ڕاپەڕی و ترسی لێ نیشت. وەک بڵێی لە داکشانی ئاوەکە ترسا.

بەخەم و کەسەرەوە وتی: «ئارێم بکەن بابچم یەکێک بنێرمە کن ژنەکەم، فەقیرە بە تەنیایە، پاشان دێمەوە خزمەتتان.»

ئەبوگین بێدەنگ بوو. عەرەبانەکە بە لەقەلەق بەسەر بەردەکاندا ڕەت دەبوو، لە کەنارێکی قومەڵان ڕەت بوو و کەوتە ڕێ، کریلوف ئالفاوی کوڵ وکەسەری خۆی بوو. بەدەم خەموخەفەتەوە دەیڕوانییە دەوروبەر، کۆتایی جادەکە لە بەرتیشکی کزی ستێرەکاندا نەدەبینرا.

درەختی بی لە کەنارەکەدا ڕیزیان بەستبوو و غەرقی تاریکی بوون. پێدەشتەکەی دەشتی ڕۆژهەڵات، بێ هەوراز و نشێو، تەخت وساف وەکو ئاسمان بێ کۆتایی بوو، جارجارێ لێرەو لەوێ لەدووررا ڕووناکییەک بەرز دەبۆوە، پێدەچوو لە کێڵگەو پەرێزەکاندا ئاگر بکەنەوە، بەدەستی ڕۆژئاواداو شان بەشانی جادەکە گردۆلکەیەکی، بچووک قوت ببۆوەو بنچک



و دەوەن بە سەرییەوە مت ببوون، مانگ سوورو گەورەو بێ جووڵە لە ئاستی گردۆلکەکە بەئاسمانی وێستابوو. تەنکە تەمێک ڕووی داپۆشی بوو، گاژە هەور دەوریان گرتبوو، لە تۆ وایە ئێشکی دەگرن تا نەوەک لە پڕ ئاوابێ و لە دەست بچێ! سروشت و هەموو دیمەنەکانی ساردو سڕو خاڵی لە ئومێد دەهاتە بەرچاو. زەوی وەکو چۆن ژنێکی زیز لە ژوورێکی تاریکونووتەکدا بەتەنێ دادەنیشێت و هەوڵ دەدا یادی ڕابردوو نەکاتەوە، غەمبارو کەسەردار بوو، دەستی لە بەهارو هاوین شۆرد بوو، بەناچاری چاوەنۆڕی زستان بوو، تا چاو هەتەری دەکرد، سروشت تاریک و ساردو سڕو پڕ کەندو کلۆ دەهاتە بەرچاو، کریلوف و ئەبوگین و مانگی سوور هەڵگەڕاو ئەم هەموو شتەیان نەدەبینی و نەیاندەتوانی خۆی لێببوێرن. تا عەرەبانەکە نزیکتر دەبۆوە، ئەبوگین بێ قەرارتر دەبوو، هەڵدەستایە سەر پێیان، لەپشت عەرەبانچییەکەوە دەیڕوانییە پێشێ، ئەنجام عەرەبانەکە گەییە بەر قاڵدرمەیەک کە کەپرێکی بەسەرەوە قوت کرابۆوە. ئەبوگین ڕوانییە پەنجەرە ڕووناکەکانی نهۆمی ژێرەوە. بەئاشکرا دەنگی هەناسەدانی دەبیسترا. لەگەڵ دکتۆردا وەژوورکەوتن، بەخەمبارییەوە دەستەکانی پێکداماڵین و وتی: (ئەگەر شتێ ڕوو بدا دەمرم...) گوێی بۆ کپی و بێدەنگیی ماڵەکە هەڵخست و ئەوجا لەسەری ڕۆیی: (چ دەنگێ ناژنەوم، یەعنی ساغ و سەلیمە؟!..) نەدەنگێ نەسرتەیە لە داڵانەکەوە نەدەهات، هەر چەند چراکان ڕووناک بوون، بەڵام پێدەچوو هەموو ماڵەکە لە غورابی خەودا بێ ،ئێستا دکتورو ئەبوگین لەبەر ڕووناکییەکە یەکدییان بەجوانی دەبینی. دکتۆر زەلامێکی باڵا بەرزی نەختێ کۆم بوو، بەخۆی سادەو جلوبەرگەکەی سادەتر بوو، لێو ئەستوور. قولنگە کەپوو، دەموچاو ژاکاو، نیگاسارد، بەگشتی پیاوێکی بێ باک و بێ منەت بوو. قژی تەنکی و چرچولۆچی دەموچاوی، ڕدێنە تەنکە زوو سپی بووەکەی، ڕووی گرژو مۆنی، ساردو سڕی لەگەڵ خەڵکیدا، سەرسەختییەکەی و هەر هەموو ئەمانە ڕۆژانی تاڵی ڕابردوو، چارەنووسی پڕ جەورو جەفاو مەشەقەتی ژیان و ڕەنج بیوەری مرۆڤی بیری بنیادەم دەخستەوە، ئەگەر تەماشایەکی هەیکەل و کەلەشیت کردبا، باوەڕت نەدەکرد ئەم پیاوە ژنی هەبێ و توانیبێتی بەدیار جەنازەی منداڵەکەیەوە گریابێ، بەڵام ئەبوگین جیاواز بوو، توندوتۆڵ و تۆکمە بوو، قژی زەرد، کەللەی زل بوو، دەموچاوی هەرچەند پان و گەورەبوو، بەڵام ناسکییەکی تایبەتی هەبوو، جلەکانی هەڵبژاردەو لەسەر

دوا مۆد بوو، بەجلوبەرگەکەیدا دیار بوو کە داراو دەوڵەمەندە، کە ڕێی دەکر، سەری قیت دەگرت و سینگی دەردەپەڕاند، دەمولەبزی شیرین بوو، کە ملپێچەکەی دادەکەند یان قژی ڕێکدەخست ناسکییەکی ژنانە لە ڕەفتاریدا بەدی دەکرا، هەر چەندە بەدەم داکەندنی پاڵتۆکەیەوە، بەترسێکی منداڵانەوە دەیڕوانییە قاڵدرمەکە، بەڵام ئەم ترسەش نەیدەتوانی بیگۆڕێ، یان خۆپەسندییەکەی وەشێرێ و لە شەوق و زەوقی بخا.

لەو دەمەدا کە بە قاڵدرمەکەدا سەر دەکەوت، وتی: (کەس دیار نییە، چ دەنگێ نایێ، خوایە خۆت ڕەحم بکەی).

دکتۆری لە ڕاڕەوەکەوە برد بۆ هۆڵێکی گەورە، پیانۆیەکی گەورە لە سووچێکی هۆڵەکە دانرابوو، چرایەک هەڵواسرابوو، لەوێوە چوونە ژوورێکی بچکۆلەی جوان، ژووری دانیشتن بوو، زۆر خۆش و دڵگیر بوو، ڕووناکییەکی خۆشی ئاماڵ سوور ڕۆشنی کردبۆوە. ئەبوگین وتی: (جەنابت لێرە دانیشە با خەبەریان بدەمێ و هەر ئێستا دێمەوە خزمەتت..) کریلوف بەتەنێ مایەوە، نەجوانی و ڕازاوەیی هۆڵەکەو نە ئەم ماڵە غەریب و بێگانەیە شتاقیان کاریان تێ نەکرد، لەسەر کورسییەک ڕۆنیشت و ڕوانییە دەستە بە سپرتۆ سووتاوەکانی، نیو نیگایەکی گڵۆپە سوورباوەکەو جانتای چەلۆکەی کردو ئەوجا کەوتە هەڵڕوانین بە دیوارەکانی ژوورەکەدا تا بزانێ سەعاتەکە لە کوێیە، لە پڕ نیگای لەسەر گورگێکی بەکا ئاخنراو گیرسایەوە کە وەکو ئەبوگین لەخۆڕازی و خۆپەسەندبوو.

هەموو شتێک کپ و ئارام بوو.. لە شوێنێکی یەکجار دوورەوە، لە یەکێک لە ژوورەکانەوە کەسێک بە دەنگی بەرز ئاهێکی هەڵکێشا، دەرگایەکی شووشە چرکەیەکی لێوەهات و ئیدی هەموو شتێک کپ و بێدەنگ بوو، پێنج دەقیقە ڕەت بوو، کریلوف ئیدی نەیدەڕوانییە دەستی خۆی، چاوی بڕییە ئەو دەرکەیەی کە ئەبوگین لێوەی ڕۆیی بوو. ئەبوگین لەبەر دەرگا وەستا بوو، ئەبوگینەکەی جاران نەبوو وەکو کەو چووبوو و خۆپەسەندییەکەی نەمابوو، دەموچاو، دەستی، وەزع و حاڵی تەواو گۆڕابوون، ئیدی یان لە ترسابوو یا لەتاو ئازارێکی بەدەنی بوو، کەپووی، لێوی سمێڵی وسیمای دەلەرزین، بەڵام چاوەکانی بریسکەی ئازارێکی سەیریان دەدا. ئەبوگین بە هەنگاوی قورس و هەڕاوەوە، خۆی گەیاندە ناوەوەی ژوورەکە! کووڕ بۆوە، ناڵاندی و دەستی هەڵتەکاند، هاواری کرد: (فریو درام) ئەو، تا هێزی تێدابوو دانی بە وشەی ئەودا نا: (ئەو دێڵە



فریوی داوم، ڕۆیشتووە، بەدرۆ خۆی نەخۆش خست و دەستی بەمنەوە نا تا ڕەدوویی ئەم کەرپیاوە (پاپچینسکی) بکەوێ! ئەی هاوار! هاوار لە خۆم!)

بە سستی بەرەو لای دکتۆر چوو، دەستە سپی و نەرمەکانی گرت بە دەموچاوییەوە، بەدەم داخ و خەفەتەوە، لەسەری ڕۆیی: (ڕۆیشتووە، فریوی داوم، ئاخر ئەم درۆگەورەیە بۆ؟ ئەی خوای گەورە، ئاخر ئەم تەڵەکەبازییە پیسە بۆ؟ ئەم مارسیفەتییە بۆ؟ ئاخر من چم لێکردووە؟ ڕەدوو کەوتووە!) فرمێسک وەکو باران لە چاوانی دەباری، گەڕایەوە، کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا، ئەبوگین بە چاکەتە کوڵ و پانتۆڵە تەسکەکەیەوە کە مۆدی ڕۆژ بوو، لاقی لە چاو بەدەنیا یەکجار باریک دەهاتە بەرچاو، بەو قەدو قەڵافەتەوە لە شێر دەچوو، دکتۆر لەپڕ پەلەپەلی پێکەوت، هەستایە سەرپێ، ڕووبەڕووی ئەبوگین وەستاو وتی: (باشە نەخۆشەکە کوا؟) ئەبوگین هاواری کرد، قاقا پێکەنی، هون هون گریا، دەستی هەڵتەکاند: (نەخۆشەکە؟ نەخۆشەکە؟ نەخۆشی چی! مەلعوونە، ناچیزەیە، نائینسانە، شەیتانیش پەی بەم فەندە نەدەبرد: دەستی بەمنەوە نا تا بۆ خۆی ڕەدووی کەرپیاوێک بکەوێ، ڕەدووی قەشمەرێ، لۆتییە، چەکلێک، بکەوێ! خوایە چم بەسەر هات، خۆزی مردبا، قەت ئەمەم پێ قبووڵ ناکرێ، نەبەخوا قبووڵ ناکرێ).

دکتۆر ڕەق ڕاوەستا، چاوی پڕبوو لە ئەشک، ڕدێنە تەنک و چەناگە باریکەکەی کەوتنە لەرزین، بەسەرنجەوە ڕوانییە دەورو بەری خۆی و وتی: (ئەم گاڵتەبازاڕە چییە؟ منداڵەکەم مردووە، ژنەکەم بەو هەموو کوڵ و کەسەرەوە، بەتەنێ لە ماڵەوە بەجێ هێشتووە، خۆم لەسەر پێیان ناگرم، سێ دانە شەوە خەو نەچۆتە چاوانم .. لە وێندەرەوە منی هێناوە تا لەم کۆمیدیا بازارییەدا دەورم پێ ببینێ.. من لەمە تێناگەم، نەخێر سەر لەمە دەرناکەم!) ئەبوگین یەکێک لە کۆڵە مستەکانی کردەوە، کاغەزێکی چرچولۆچ کەوتە سەر زەوی، تا توانی پێی پێدانا، دەتوت پێ بەژەنگە سورەیەکدا دەنێ، بەرقەوە وتی: (سەیری منی نەفام بکە، چاوم کوێر ببوو!) دەستی گرت بەسەرییەوە، دەتوت فەلاحێکەو تەبارە گەنمەکەیان پێشێل کردووە، لەسەری ڕۆیی: (نەمدەزانی بۆ هەموو ڕۆژێ سەرمان دەدا، نەمزانی بۆ ئەمڕۆ بە گالیسکە هاتبوو؟ تۆ سەیری گێلیی من کە! بەستەزمانی دڵپاک!) دکتۆر کەوتە پرتەو بۆڵە: (من تێناگام، سەرم لەم شتە دەرناچێت، ئەم فێڵ و تەڵەکەبازییە یانی چی، یانی دەستخەڕۆ کردنی

خەڵکی، یانی گاڵتەکردن بە دەردو ئازاری خەڵکی، مەحاڵە من لە ژیانما شتی وام نەدیوە!).

دکتۆر گێژو وێژو سەرسام، سەرسام وەکو یەکێک لە پڕ هەست بکا کە زاڵمانە پێیان ڕابواردووە، شانەکانی هەڵتەکاند، دەستی بەیەکدا ماڵین، نەیدەزانی چ بڵێ و چ بکا، نیوەگیان خۆی دا بە کۆڵی کورسییەکدا. ئەبوگین بەچاوانی پڕ فرمێسکەوە قسەی دەکرد: ( ئێستا باشە، باش، ئەوا منی خۆش نەدەویست، دڵی بە پیاوێکی دیکەوە بوو، هەموو ئەمانە بەجێی خۆی، بەڵام ئەم فڕو فێڵە بۆ؟ ئەم ڕیسواییە بۆ؟ ئاخر بۆ؟ لەپای چی؟ ئاخر من چ خراپەیەکم لەگەڵ کردبووی؟) لە کریلوف نزیک بووەوەو بەگەرمی وتی: (جەنابی دکتۆر گوێت لە برای خۆت بێ، تۆ بێ ئەوەی بتەوێ تازە بوویت بە شایەتی ئەم کۆستەی من، منیش نامەوێ چ شتێکت لێ وەشێرم، باوەڕ بکەم ئەم پرچ براوەم خۆش دەویست، بەدڵ و گیان ئاشقی بووم، هەموو شتێکم کرد بەقوربانی ئەو لەگەڵ کەسوکارمدا تێکچووم، دەست بەرداری کارەکەم بووم و وازم لە مۆسیقا هێنا، لە شتی وادا چاوپۆشیم لێ کردووە کە لە دایک و خوشکی خۆمم نەکردووە، هەرگیز لێی تووڕە نەبووم، قەت لە گوڵ کاڵترم پێ نەوتووە ئاخر ئەم فێڵە بۆ؟ ئاخر ئەگەر دڵت بەمنەوە نەماوەو دڵت لە جێیەکی دییە، ئەوا ڕێکوڕەوان بیڵێ و تەواو، بەتایبەتی بەخۆت دەزانی کە من لێت تێدەگەم..).

ئەبوگین بەدەم فرمێسک هەڵڕشتنەوە، هەموو نهێنییەکی خۆی بۆ دکتۆر هەڵڕشت، بەگەرمی قسەی دەکردو بە هەر دووک دەستان دڵی دەگوشی، بێ سڵکردنەوە، هەموو نهێنییەیەکی خێزانداریی خۆی هەڵڕشت، پێدەچوو خۆشحاڵ بێ بەمەی کە ئەم ڕازانە لە دڵی وەدەرنێ، ئەگەر سەعاتێ -دووان بەو شێوەیە قسەی کردباو داخی دڵی خۆی هەڵڕشتبا، بێگومان دڵی هێورتر دەبوو. کێ دەڵێ ئەگەر دکتۆر گوێی بۆ گرتباو دڵی داباوە، ئەبوگین شێتگیر نەدەبووو کارێکی گەوجانەی نەدەکرد! بەڵام بەپێچەوانەوە، وەختێ ئەبوگین قسەی دەکرد، دکتۆر تەواو گۆڕا، تووڕەیی نیشتە سەر سیمای چارەی غەمبارترو تووڕەتر بوو، کە ئەبوگین وێنەی ژنەکەی خستەبەردەستی دکتۆرو ژنەکەی جوان و ئێسک سووک بوو، بەڵام عەینی دنیاتەرک کردووان، وشک و بێ دەماغ بوو-لێی پاڕایەوە کە سەیری ئەو وێنەیە بکاو بڵێ ئایا دەشێت خاوەنی دەموچاوێکی ئاوا، درۆیەکی ئاوا ڕێک بخا، دکتۆر لە پڕ وەکو یەکێک حاڵی لێ بێ، ئاگر لە چاوانی بێتەوە، هەستایە سەرپێ و



وتی: (لەگەڵ منتە؟ من نامەوێ گوێ بگرم! نا!) هاواری بەسەریدا کردو بەتوندی دەستی بە سەر مێزەکەدا کێشا). (من نامەوێ بەنهێنی هیچ و بێ مەعنای ئێوە بزانم، نەفرەت لە خۆتان و نهێنیتان، ئاخر تۆ بە چ ڕوویەکەوە ئەم قسە قۆڕانە بۆ من دەکەی یان لاتوایە هێشتا تەواو پێت ڕانەبواردووم! چما من گاڵتەچی جەنابتم.. ها؟)

ئەبوگین، پاشەوپاش کشایەوەو بەسەرسامی ڕوانییە کریلوف دکتۆر بەدەم ڕیشە لەرزێوە لەسەری ڕۆیی: (بۆچی منت بۆ ئێرە هێنا؟ تۆی بێ غیرەت بەملی شکاوت ژن دێنی، تۆی نامەرد بەئەستۆی وردت تووڕە دەبی و دەیکەی بەم هەرایە، پێم ناڵێی من چمە لەم سەر یەشەیە؟ داستانی ئاشقێنی ئێوە چ پێوەندییەکی بەمنەوەیە؟ واز لەمن بێنە و هەڕە بەردەوام بە لەسەر دزیی ئابڕوومەندانەی خۆت و تادەتوانی دەم لە بیروباوەڕی مرۆڤ دۆستانە بکوتە!)

دکتۆر بە تیلەی چاو ڕوانییە جانتای چەلۆکەو وتی: (بڕۆ سازو سەنتووری خۆت لێبدە، وەکو کەڵەشێری خەسیو خۆت پف بدە، نە خەڵەتابی بەپیاوی ماقووڵ ڕابوێری، ئەگەر ڕێزی ناگری ئەوا نەخەڵەتابی توخنی بکەوی!)

ئەبوگین سوور بۆوەو وتی: (ئەم قسانە چییە؟)

ئەم قسانە ئەوەیە کە بەخەڵکی ڕابواردن کارێکی نامەردانەیە، من بابایەکم دکتۆر، چما لاتوایە دکتۆران وکاسبکارانی بەحورمەت کە وەکو ئێوە گەل بەڕەڵلانین و بەمۆزەمۆز دووی ئافەرەتان ناکەون، کرێگرتەو شاگردی ئێوەن، لە ئێوە کەمترن، خۆ ئەگەر واش بیر بکەنەوە هەقی ئەوەتان نییە کە بابایەکی کاسبکار، دوو چاری ئەم سەریەشەیە بکەن.

ئەبوگین بەکاوەخۆ پرسی: ( بەچ هەقێ ئەم قسانە دەکەی؟.

دکتۆر هەمدیس نەڕاندی بەسەریانداو بەتوندی دەستی کێشا بەمێزەکەدا: (ئەدی تۆ بە چ هەقێک منت بۆ ئێرە هێنا؟ بۆیەت هێنام تا گوێ لە قسە قۆڕەکانت بگرم، بەخۆت نەتدەزانی لە چ وەزع و حاڵێکدام؟ بە چ هەقێ گاڵتە بە خەم و خەمباریی خەڵکی دەکەی؟) ئەبوگین هاواری کرد: (تۆ شێتی پیاوێکی کەلەمە ڕەقی، من یەکجار غەمگینم و .. و ..)

دکتۆر بزەیەکی کرد: ( غەمگین! نۆبەتی ئەو قەوانەیە، تۆو خەم کوجا مەرحەبا ئەو بەرەڵلایانەش کە دەستیان دەکەوێتەڕوو، خۆ بە بەدبەخت و غەمبار دەزانن، کەڵەشێری نێرەمووکیش غەمگینە، لەچەوری و قەڵەویی خۆی بێزارە. هەی گەجەرو گوجەرانی بێ حورمەت!)

ئەبوگین هاواری کرد: ( قوربان تۆ ئاگات لە خۆ بڕاوە، ئەم جوێنانە زەلامیان لەسەر دارکاری دەکرێ، تێدەگەی؟ )
ئەبوگین دەستی بەگیرفانی بەر باخەڵەکەیدا کرد، دەفتەرچەیەکی دەرێنا، دوو پارچە پارەی کاغەزی دەرێناو تووڕی هەڵدانە سەر مێزەکە، پەڕەی کەپووی دەلەرزی و وتی: (فەرموو ئەوە پارەکەتە، ئەوە هەقی هاتنەکەت!).
دکتۆر پارەکانی تووڕ دایە سەر زەوییەکەو وتی: ( بەچ ڕوویەکەوە پارەم دەدەیێ، ئیهانەکردن بەپارە خۆش نابێتەوە، عوزر لە قەباحەت خراتر. )
ئەبوگین و دکتۆر بەرانبەریان لێکدی گرت، تا توانیان جنێوی سووکیان بەیەکدی دا، کەسیان لە ژیانیاندا تەنانەت لە دنیای بێ هۆشی و شێتیش دا جنێوی وا سووک و نەهەق وبێ جێیان بەزاردا نەهاتبوو، غەمی هەردووکیان تەواو سەری کرد بوو و لێو ڕێژ بوو، خەڵکانی غەمگین، خۆپەرست و نارەسەن و بێ ویژدانن و لە شێت شێتترن و چەند شێتان لێکدی حاڵی دەبن ئەوانیش هەر ئەوەندە، غەم هەرگیز بەشەر یەک ناخا- بەشەر فێری دوو ڕوویی و ڕیا دەکا، ئەگەر کەسێک وابزانێ خەموخەفەت بەشەر یەکدەخا، ئەوا غەدر دەکاو بەهەڵەدا چووە، لەنێو خەڵکی غەمباردا زۆرو ستەم زیاتر ڕوو دەدەن و تا لە نێو خەڵکانی بێ خەم و بەکەیفدا.
دکتۆر پرزەی لێبڕا، گوتی: (ڕجات لێ دەکەم بمنێرەوە بۆ وێرانەکەی خۆم)، ئەبوگین بەتووڕەیی لە زەنگیدا، کەس بەدەنگییەوە نەهات، جارێکی دی زەنگەکەی لێدایەوەو ئەوجا بە تووڕەیی زەنگەکەی بەعاردییدا کێشا، زەنگەکە بێ ناز لەسەر مافوورەکە کەوت و دەنگێکی خەمناکی وەکو ناڵەی مەرگی لێوە هات، نۆکەرێ وەژوورکەوت.
ئەبوگین بەمستەکۆڵە تێی بەربوو: (باوە حیزی کەرانباوگاو پێم ناڵێی لە کوێ بووی! هەرە بێژە عەرەبانەیەک بۆ ئەم پیاوە حازر بکەن وعەرەبانە تاک ئەسپییەکەشی بۆ خۆم ئامادە بکەن)، هەر کە نۆکەرەکە ویستی بڕوا، گازی کردەوە: (سەبر کە سبەی شتاقتان لێرە نامێنن، نمەک حەرامینەی پێ نەزانینە، باروبنەتان وەپێچن و بڕۆن، پیاوی دی ڕادەگرم، خوێڕییانە!)
ئەبوگین و دکتۆر هەر دوو بێدەنگ و ئارام چاوەڕێی گالیسکە بوون.
ئەبوگین گەڕایەوە سەر باری جارانی، خۆپەسندو لەخۆڕازی بە ژوورەکەدا هاتووچۆی دەکرد، بەشێوەیەکی جوان و دڵگیر سەری بادەدا، دیار بوو مژوولی دانانی پیلانێکە، هێشتا تووڕەییەکەی نەنیشتبووەوە، بەڵام دەیویست وا خۆی بنوێنێت کە گوێ بە دژمنەکەی نادا، دکتۆر بەپێوە



وەستابوو، دەستێکی لەسەر قەراخی مێزەکە بوو، بەنیگایەکی پڕ گومان و قوڵ و ڕقنەوە دەیڕوانییە، ئەبوگین: نیگایەک کە تەنیا خەڵکی خەمبارو بێ ویژدان لە کاتی دیتنی جوانیدا دەیکەن.
دوای تۆزێک دکتۆر سواربوو، لەوێندەر دوورکەوتەوە، هێشتا هەر ماکی ڕق و تووڕەیی بەنیگایەوە مابوو، دنیا تاریک بوو، زۆر تاریکتر لە سەعاتێ بەر لە ئێستا کە بەڕێوەبوون بۆ ئێرە، مانگی سووربایو کەوتبووە پشت گردەچکۆڵەکەوە، هەورەکان ڕەوی بوونەوەو لە تاریکییەکەدا گوم ببوون، لێرەو لەوێ دەوری ئەستێرەکانیان دابوو، گالسکەتاک ئەسپییەکە بەتەقوهوڕ، لە عەرەبانەکەی دکتۆر ڕەت بوو، ئەبوگین بەسواری ئەو عەرەبانەیە دەڕۆیی، دەڕۆیی تا هەر حەماقەتێکی لە دەست بێ بیکا.
دکتۆر بەدرێژایی ڕێگا، نەبیری لای ژنەکەی بوو نەلای ئاندرێ، تەنیا بیری لە ئەبوگین و ئەو کەسانە دەکردەوە کە لە ماڵەکەیدا دەژیان، بیروبیرکردنەوەکانی نارەواو نامرۆڤانە بوو، تاتوانی لە دڵی خۆیدا جوێنی بە ئەبوگین و ژنە بەدڕەوشتەکەی و هەموو ئەو کەسانەی لە ماڵیدا بوون، دا. بەدرێژایی ڕێگا، نەفرەتی بۆ ناردن و هێشتاش هەر دڵی ئاوی نەخواردەوە، هەزارو یەک تانە و تانووتی لێدان، تاوانباری کردن، خەتاباری کردن و پێدەچوو، تامردن ئەم ڕقوکینەیەی لە دڵ دەربچێ.
ڕۆژگار دەگوزەرێ، غەمی کریلوف دەبڕێتەوە، بەڵام ئەم ڕقوکینەیە هەر چەند لایق بە دڵی ئینسان نییە، نابڕێتەوە، نابڕێتەوەو تامردن لە دڵی دکتۆرو لەبیری دکتۆر دەرناچێ.

## سەرچاوە

......

**دشمنان، انتون چخوف، ترجمهء سیمین دانشور، چاپ ششم (١٣٦١).**

# هەڵسەنگاندنی «دژمنان»

## ڕەخنە: لایونل تریلینگ

ئەگەر کەسێک بیەوێ ڕوونکردنەوەیەک لەمەڕ ئەفسوونی سەیری بەرهەمێن چیخۆف وەدەست بێنێ، سەرەنجام ڕوو بە ڕووی جۆرە تایبەتمەندییەکی شەخسی دەبێتەوە کە لە چیرۆک و شانۆنامەکانی چیخۆف-دا دیارو ئاشکرایە، ئەگەر بمانەوێ ناوێک بۆ ئەم تایبەتمەندییە بدۆزینەوە، ڕەنگە زاراوە یان وشەی (خاکی) هەڵبژێرین، چیخۆف نووسەرێکی زیرەک و گەلەک بەزەینە. چیخۆف هونەری بەلاوە گەورەو بایەخداربوو، جەختی لەسەر کاریگەریی هونەر بەسار ژیانی ئێمەوە دەکردو پایەی هونەری لە کۆمەڵگەدا بەپایەیەکی باڵا دەژمارد، بەڵام لە هەموو بەرهەمەکانی خۆیدا، سووربوو لەسەر ئەوەی کە بڵێ لافی ئەوە لێنادات کە خاوەنی ئەو توانا بەرزو بەهرە زاڵەبێ کە زۆربەی کات بەزادەی بلیمەتیی هونەری دێتە ژماردن، ئەو بابایەکی پزیشک بوو (هەر چەند لە ئەنجامدا وازی لە دکتۆری هێناو ڕووی کردە ئەدەبیات) و وەکو نووسەر خۆی بە بچووک دەزانی و ئەمە سیفەتێکە کە بەشایستەی دکتۆری چاک دەژمێردرێ؛ دکتۆرێک کە سەبارەت بە نەخۆشی خۆی هەست بە بەرعۆدەیی دەکات و ڕێزی دەردو ئازاری ئەو دەگرێت. بێ فیزیی چیخۆف، نەک تەنیا لە ڕەفتاریدا بەڵکو لە هەڵبژاردنی بابەتی چیرۆکەکانیشیدا بەرچاودەکەوێت، هەوڵ نادات تا بگاتە پایەی بەرزی تۆلستۆی و دۆستۆیڤسکی، کە هەردووکیان هاوولاتی بەرجەستەو دیاری نەوەی پێش خۆی بوون، چیخۆف پیاوێکی گەلێک بەهۆش بوو و لەوانەیە وامان بەبیردا بێت کە لەسەردەمی ئەودا، لە ڕووسیادا شۆڕشێک لە حاڵی هەڵایساندا بوو و ئەو ئاگای لێی نەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵی نەدا ڕووبەڕووی مەسەلە گرینگەکانی وەکو سیاسەت، ئایین و ئەخلاق ببێتەوە کە لە بەرهەمی هەردوو کەڵە ڕۆماننووسی نێوبراودا نەخشی بێ چەندو چوونیان هەبوو؛ چیرۆک و شانۆنامەکانی ئەو، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ خۆیان لە قەرەی کاروباری بەڕواڵەت سەرەکیی خەڵکی یان چەمکێن ئاڵۆزو تەمومژاویی خێروشەڕ نادەن. چیخۆف لە دەربڕینی سروشتی بوونی مرۆڤدا ئاماژە بە هەستێن ناکام، ئومێدێن بەباچوو، لە خۆبێگانەبوون، بێ تاقەتی و



خەمساردیی خەڵکانێک دەکات کە ڕۆژگارێک لێوان لێوی تاسەی ڤەژین و ژیان بوون، چیخۆف لە ڕێگەی خەمخۆریی تایبەتی خۆیەوە پێمان دەڵێت کە ژیانی مرۆڤ بەو جۆرەی کە لە سەردەمانی ڕووسیای تزاریدا دەگوزەرا، بەڕادەیەک سنووردارو پڕ کۆسپ و تەگەرە بووە کە ڕەفتارو هەست و سۆزی دەربڕی گەورەیی و شکۆداری کە ئێمە حەماسیان ناودەنێین، لە هیچ کونێکەوە دیار نەبوون. نکۆڵی کردنی چیخۆف لە شێوازی حەماسی (پاڵەوانی)، نەک هەر لەسەردەمی خۆیدا یان لەسەردەمی ئێمەدا وەکو نووسەرێکی هەرەتایبەتی دەیناسێنێ، بەڵکو بەگرینگترین ڕەوت و ڕێبازو ڕەوشی ئەدەبیاتی سێ یان چوار سەدەی ڕابردووی جیهانی دەزانرێ، واتە ناوی چیخۆف بەئەدەبیاتی دژە حەماسییەوە دەبەستێتەوە. زاراوەی حەماسە (پاڵەوانی) بەگوێرەی چەمک و واتاو بەکارهێنانی لە مێژووی ئەدەبیاتدا، بەپلەی یەک، لە چوارچێوەی زاراوەی ئەخلاقدا،ناهێورێ و جێی نابێتەوە، بەڵکو پێوەندی بەباسی ڕەفتارەوە هەیە، ئەم وشەیە لە بەکارهێنانی ناو عەوامی خەڵکیدا، جۆرە دلێری و پاڵەوانییەکی باڵا دەگەیەنێ و ماناکەی لەم توخووبە هێوەتر ناڕوات، پاڵەوانی یان دلێری، هەرچەندە لە چەمکی کۆنی ئەدەبیدا کاراکتەری حەماسی ڕەگەزێکی گرنگە، بەڵام بەتەنیا نەخشی یەک لاکەرەوەی نییەو بایەخەکەشی لەوەدایە کە کاراکتەر یان کەسی بەدەر لە دلێری، ڕەنگە لە ویقارو سەنگینیش بەدەربێ، چونکە ئەوەی کە چەمک و مانا بەکاراکتەری حەماسی (پاڵەوانی) مەلحەمی دەبەخشێت ویقارو سەنگینییە، وێڕای ئەمەش، ویقار چلۆنایەتییەکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو چلۆنایەتییەکی ڕواڵەتییە، چلۆنایەتییەکە کە لە شێواز یان لەڕەفتارەوە هەڵدەقوڵێ.

هەر هەموو تەقلیدو دابە ئەدەبییە حەماسییەکان لە ئەوروپادا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر بناغەی ئەو پێناسەیە ڕۆنراون کە ئەرستۆ بۆ قارەمانی کلاسیکی تراژیدی کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا قارەمان لە هەموو تەقلیدو دابەکاندا، بەکەسێک دەوترێ کە هەم بە زەبری پایەی بەرزیی کۆمەڵایەتی و هەم بەزەبری تایبەتمەندیی ئەخلاقیی خۆی، وامان لێ بکات ڕێزو حورمەتی بگرین. هەروەها قارەمان، دەبێ خودان ڕەفتارو ڕواڵەتێکی وەهابێ کە دەگەڵ ئەخلاق و پایەی بەرزی خۆیدا بگونجێت و بسازێت. ئەرستۆ حەماسە (مەلحەمە) تەنیا لە چوارچێوەی جۆرە نووسینێکی شاعیرانەدا، واتە تراژیدیدا پێناسە دەکات و ئیدی نەک تەنیا لە بارەی ئەو

چارەنووسە کارەساتاوییەوە کە پیشانی دەدات، بەڵکو لەباری شێوازیشەوە لێی دەکۆڵێتەوەو پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێت کە هەموو ڕەگەزەکانی ئەم شێوازە-واتە زمان، مۆسیقا، جووڵە و جلوبەرگ-دەبێ نیشانەو بەڵگەی گەورەیی و شکۆداری بێ، تراژیدی کۆن لافی ئەوەی لێنەدەدا کە بایەخی بەو شتە دەدا کە ئەورۆ پێی دەڵێن ڕیالیزم.

وەکو لە پێناسەکەی ئەرستۆدا دەردەکەوێت، تراژیدی مرۆڤەکان ڕەسەنتر لەوەی کە لە حەقیقەتدا هەن، نیشان دەدات، قارەمانی تراژیدی لەسەر شانۆ ڕەسەنایەتیی خۆی بەشێوازێک کە لە سایەیدا قسان دەکات و ڕەفتار دەکات، دەنوێنێ و دەبێ ئەوەمان لە یاد بێ کە لەسەر شانۆدا قارەمان بەڕاستی قاڵب و فۆرم بەبوونی خۆی دەبەخشێت. لەلایەکی دیکەوە، سروشتی ئەدەبی و نمایشی مەلحەمی لاری لەوە نییە کە کار لەسەر ژیانی واقیعی بکات، حەماسە، لە ڕاستیدا، کەماڵخوازییەکە کە مرۆڤان لەگینە ئارەزووی ئەوە لە هزرو بیری خۆدا پەروەردە بکەن کە پێی بگەن، بەگوتەیەکی دی، هەمان کەماڵخوازی کە لە قاڵبی چلۆنایەتی یان سیفەتێن جۆراوجۆردا دەبنە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ ئاشقی شیعر یان شانۆ ببن، ڕەنگە لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا حوکمی ئارەزوو و حەز پەیدا بکەن، بۆ وێنە ویقارو سەنگینی کە چلۆنایەتییەکە لە شێواز یان لە ڕەفتارداو لە هەمان حاڵدا زۆر چەمکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی ڕوون و بایەخداری لە خۆگرتووە، بەشێوەیەکی هێمایی ئاماژە بۆ مافی ڕێزگرتن و قەدرگری دەکات، کە خۆی لە خۆیدا چلۆنایەتییەکی هەمەپەسندە.. هەروەها حەماسە چونکە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بەئەدەبیات و نمایشەوەو لە لایەکی ترەوە بەرزی بەشتە سواوەکان دەبەخشێت، دەکرێت دژەداوەری دەرهەق بکرێت و ئەم ئەنجامگیرییە بەدەست بهێنرێت، چونکە حەماسە شێوە لە ناوەرۆک و ڕواڵەت لە واقیع بەبالاتر دەژمێرێت، بۆیە درۆو ڕواڵەتی و موبالەغە ئامێزە. خەیاڵ و ئەندێشەی حەماسی، هەموو کاتێک، تەنانەت لەناو یۆنانییەکانیش، لە ڕێگەی نمایشنامەی کۆمیدییەوە گاڵتەی پێ کراوە. لە سەدەی شازدەیەمدا، گاڵتەکردن بە قارەمانانی حەماسی (مەلحەمی) یەکێک لە ناوەرۆکە گەورەکانی ئەدەبیات بووە، شکسپیر لەبەرهەمێکی خۆیدا، بەشێوەیەکی سەتحی نکوڵی لە فەڕو شکۆداری ئەو شازادە جەنگاوەرانە دەکات کە قارەمانی حەماسی و تراژیدیی یۆنانن، ڕەخنەگرتن لە قارەمانانی حەماسی لە کۆتایی سەدەی شازدەیەمدا دەگاتە لووتکەی



خۆی. دۆنکیشۆت (١٦٠٥-١٦١٥) سەرەتاو دەستپێکی یەکەمین ڕۆمانی گەورەی دژ بە هزرو خەیاڵی حەماسی بوو، لەوە بەدواوە ئیدی زۆر ڕۆمانی گەورە، هەر لە فیلینگی سەدەی هەژدەوە بیگرە تا دەگاتە جیمێس جۆیس-ی سەدەی بیستەم، بەشێوەی کۆمیدی دەکەونە بەراوردی ژیان، وەکو چۆن لە ئەدەبیات و دابی حەماسیدا بەرجەستە دەبێ و ژیان وەکو چۆن خۆی هەیە. لێ هەر چەندە نووسەرانی (٣٥٠) ساڵی ڕابردوو گاڵتەیان بە بیروخەیاڵی حەماسی هاتبێ، ئەوا شەیداییان سەبارەت بە حەماسە نیشانەی ئەوەیە کە حەماسە هەر بەسەر هزرو زەینی مرۆڤاندا زاڵە. ئەگەر لەگەڵ زۆر لە نووسەراندا، بەوردی بڕوانینە ئەو ڕووداوە هیچ و بازاڕییانەی کە ژیانی ڕۆژانەی ئێمە پێکدەهێنن و ئەم ژیانە ناو بنەین (واقیعی) ڕەنگە ئەم ناوە بەپێی خەیاڵی مەلحەمی بمانڕەنجێنێ و ئازارمان بدات. لەوەیە بتوانرێ بوترێ کە سەرلەبەری ڕۆمانانی ڕیالستی بەدەر لە ئامادەبوونی خەیاڵ و ئەندێشەی حەماسی هاتونەتە نووسین. بێ گومان ئەم خاڵە دەربارەی چیرۆکەکەی چیخۆف دەقاودەق دروستە، باشترین نمایشنامەو چیرۆکی ئەو وێنە ئەو ژیانانە دەگرن کە کەم و زۆر نیشانەو ماکی حەماسەیان تێدا بەدی ناکرێت، هەر چەندە ئەو وێناو تەسەورە هێشتا لەبیروبیرەوەرییاندا ماوە کە ژیان ڕۆژگارانێک پڕ بوو لە سەربەرزی و شەهامەت و غرووڕێک کە ئێستا چ شوێنەوارێکی نەماوەو هەروەها خەڵکی ڕۆژگارو سەردەمانێک ڕێزی خۆیان و حورمەتی خەڵکانی دیکەیان دەگرت کە ئێستا ئیدی هیچ شوێنەوارو نیشانەیەکی بەرچاو ناکەوێت.

چیرۆکی (دژمنان) وێنەیەکی زۆر ورد، غەمگین و کومیدی لەمەڕ حەماسەدۆستی بەدەستەوە دەدات، ئەبوگین، مێردی هەڵخەڵەتاو، وێنەی هاوسەرە بێ وەفاکەی بۆ لای دکتۆر درێژ دەکات و دکتۆر کە باوکێکی جگەر سووتاوە، هاوار دەکات:(من نامەوێ بەڕازو نهێنیی هیچ و بێ مانای ئێوە بزانم، چ پێوەندییەکی بەمنەوە هەیە). دکتۆر بە بەکارهێنانی سیفەتی تانە ئامێزی وەک (هیچ) و(بێ مەعنا) لافی ئەوە لێدەدات کە خۆی پێگەیەکی حەماسی هەیە، هیچی و بێ مەعنایی دوو چلۆنایەتین کە بەر لە هەر شتێک، فۆرمی ڕەسمی بەئینکارکردنی کەماڵخوازی حەماسی دەبەخشێت ، باوکی جەرگ سووتاو بەڕواڵەت لەوانە دوورە، ئەو وادەزانێت کە خەمەکەی ویقارو سەنگینی پێ دەبەخشێت و پایەی ڕۆحی دە خزمەت دەنێ تا هەڤڕکی پایەی کۆمەڵایەتی بالاتری ئەبوگین بکات، ئەمە جگە

لەوەی، بەدەربڕینی دەستەواژەی (مرۆڤی واقیعی) وادەزانێت کە خەمەکەی ئیحتوبار بەبوونی ئەو دەدات و بەحاڵەتێکی غروورو کبریاوە لەگەڵ هاتنی چاوەنوار نەکراوی ئازارو خەمی ئەبوگین-دا کە لە ئازارو خەمی ئەو کەمترە، هەست بە بێزاری دەکات: تا ئەو دەمەی کە دکتۆر کریلوف بۆ بەرەڤانی لە ویقارو سەنگینیی خۆی، خەمی خۆی بەکاردێنێ، هەم خەمەکەی و هەم ویقارەکەی واقیعییە، دکتۆر، خەمگین و خامۆش، دەست شۆردوو لە ئومێدو تەنانەت لە ژیان، بەحاڵەتێکی هێندە ماندوو وبێ تاقەتەوە کە بە زحمەت توانای جووڵەی هەیەو لە عەینی حاڵدا بەچارەیەکی عەبووسەوە لە خەمی ئەنجامدانی وەزیفەدایە، بە ڕەسەنایەتییەکی سەرکێشانەوە، لەبەردەم ئێمەدا دەوەستێ و بەهەموو بوونییەوە خوازیاری هاودەردی و ڕێزو حورمەتی ئێمە دەبێت، بەڵام کاتێ کە هەق بەخۆی دەدات لەسایەی ئەو ئازارەوە کە دەیچێژێت، پایەکی حەماسی مەیلەو تراژیدی وەربگرێت، کاتێ کە دەڵێت نەدەبوو لە (کۆمیدییەکی بازاڕی)دا گیرۆدەی بکەن و مەرگی پڕ سوێی کوڕەکەی بەکاردێنێ تا بکەوێتە سووکایەتی کردن بە ئەبوگین و لەبارەی ئەخلاقییەوە لەو باڵاتر بنوێنێ، ئیدی کارایی و کاریگەریی خەمەکەی کەم دەبێتەوەو سیمای ئینسانیانەی دەڕووشێت.

هەموو گەواهی بۆ ڕەوشت چاکی دکتۆر کریلوف دەدەین، بەڵام چیخۆف کاری وەرگرتنەوەی ئەم گەواهییە یان ژێوان بوونەوە لە گەواهی ڕەوشت چاکی دژوارو سەخت دەکات، هاودەردی و هاوسۆزیان دەگەڵ ئەودا بەهۆی پیشەکەی، مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان، فیداکاری سەبارەت بە ژنەکەی، تەمەن و لەدەستدانی منداڵەکەی دروست بووە، خەنیمەکەی ئەو -یان باشترە بوترێ دژمنەکەی لە خەمدا- بەڕواڵەت مرۆڤێکە کە لە ویقار، ڕاستگۆیی و قووڵی هەستدا زۆر لەو کەمترە، کارێکی زەحمەت نییە ئەگەر پەی بەوەبەرین کە غروورو کیبریای زەدەداری ئەبوگین بەزوویی چاک دەبێتەوەو وەکو ڕقێک دژی هاوسەری بێ وەفا بەکار دەبرێت، هەروەها بەدڵنیاییەوە دەزانین کە دکتۆر نابێت بەخاوەنی منداڵێکی دیکەو ئەبوگین بێ چەندو چوون، ژنێکی تازە دێنێ، چیخۆف هەرچەندە ئاگادارە کە ئابوگین کەسایەتییەکی کەمتری لە کریلوف هەیە؛ لەگەڵ ئەمەشدا گەواهی نەبوونی چاک ڕەوشتییەکەی ئەو بەنسیبی دکتۆر کریلوف دەبێت، ئەوەی کە دەبێتە مایەی ڕەنجان و زویری چیخۆف، پێ داگرتنی لە ئەندازە پتری دکتۆرەکەیە کە وەکو مرۆڤ و ئادەمیزادێکی تازیە بار، خۆی بەزیاتر دەزانێ و خەمەکەی



خۆی دەخاتە خزمەتی هەڤرکی کۆمەڵایەتیی خۆیەوە.

زۆر جار دەگوترێ کە چیخۆف پتر لە هەر نووسەرێکی دی، لەباری تیۆری و پراکتیکیەوە کاری کردۆتە سەر کورتە چیرۆکی نوێ، دیارە چ ئیعترازێک لەمەڕ ئەمە نییە، بەڵام ئەوەش هەیە کە چیرۆکی (دژمنان) هەر ناوێکی لێ بنرێ یان هەر ناوێک هەڵبگرێت، ناوی نوێ هەڵناگرێت، ئەمڕۆکە ..هیچ نووسەرێک هەق بەخۆی نادات، کە لەڕێگەی نووسینی کۆمەڵە پەرەگرافێکەوە بکەوێتە گشتاندنی بابەت و ئەنجامگیریی ئەخلاقی و چیرۆک بەو شتانە کۆتایی بێنێ، تیۆری نوێی چیرۆکنووسین کە بەشێکی گرینگی لە چیرۆکەکانی چیخۆف-ەوە هەڵێنجراوە، لەم بارەیەوە دەڵێت کە ڕووداوەکانی چیرۆک، پێویستە بەبێ کۆمەکی تەفسیرو شرۆڤەی نووسەر، خۆیان قسە بکەن و بێنەزمان، (چیرۆکی -گردەکان وەکو فیلی سپی وان-)ی هەمینگوای باشترین نموونەی ئەم تەکنیکەیە، بەدڵنیاییەوە هەر نووسەرێکی پەروەردەی پێچەوانەی شێوەی چیخۆف، لەم چیرۆکەدا، دەبارەی کاریگەرییە زیانبەخشەکانی بەدبەختی بەسەر قارەمانی چیرۆکەکەوە، نادوێ. یان پێشبینی ئەوە ناکات کە ئایندەی ئەخلاقی دکتۆر کریلوف چۆن دەبێت، بەڵام لە هەمان بەشی چیرۆکەکە، وێڕای پەرتوبڵاوی، لەو ڕووەوە کە پێوەندی ڕاستەوخۆ بەخوێنەرەوە فەراهەم دەکات، جوانی و دڵگیرییەکی شایستەی هەیە، چونکە ڕازی بوونی چیخۆف بەوەی کە بێتە ئاستی خوێنەرو بەخۆی قسەی لەگەڵدا بکات، بەنموونەیەکی جوانی بێ فیزی و خاکێتیی ئەو دەژمێردرێ. **.ى**

**سەرچاوە**

**.....**

**داستان و نقد داستان/جلد دوم، ص٣٣- ٤٠، گزیده و ترجمهء احمد گلشیری، انتشارات نگاه، تهران، ١٣٧٠.**

# پیرەمێری سەر پردەکە

**چیرۆکی: هەمینگوای**

پیرەمێرێکی جل و بەرگ تۆزاوی کە عەینەکێکی چارچێوە ئاسنی لە چاودا بوو، لە کەناری جادەکەدا دانیشتبوو. پردێکی تەختە لەسەر رووبارەکە دروست کرابوو، گالیسکەو ئوتومبیلی باری و پیاوان، ژنان و منداڵان بەسەریدا دەپەڕینەوە. گالیسکەکان کە قاتریان لەژێردا بەسترابوو، بە قورسی و تەمەڵی بە هەورازی کەنارەکەدا هەڵدەگەڕان، سەربازەکان پەڕەی پێچکەکانیان دەگرت و بۆ پێشەوەیان پاڵ دەدا. ئوتومبیلەکان بە زەحمەت بەهەورازەکەدا سەردەکەوتن و دوور دەکەوتنەوەو هەمووان پردەکەیان دەبڕی و دەڕۆیشتن، ئەو گوندییانەی کە تا گوزینگی پێیان لەگڵ رۆدەچوو، بە قورسی هەنگاویان دەنا. بەڵام پیرەمێرەکە لە هەمان شوێن داو بەبێ جوڵەدانیشتبوو؛ هێندە شەکەت بوو کە نەیدەتوانی تاقە هەنگاوێک بنێ.

من راسپێردرابووم کە بەسەر پردەکەدا بڕۆم و تەماشای ئەو سەری پردەکە بکەم و بزانم کە دژمن تاکوێندەر پێشڕەوی کردووە.

کە کارەکەم تەواو بوو بەسەر پردەکەدا گەڕامەوە. گالیسکەکان کەم بوو بوونەوەو چەند کەسێک مابوونەوەو بەپێیان دەپەڕینەوە. لێ پیرەمێرەکە هێشتا لە وێندەر بوو.

لێم پرسی: «کوێندەریت؟»

گوتی: «سان کارلوس.» و زەردەخەنەیەکی کرد.

سان کارلوس شاری ئابادو ئەژدادی بوو، هەر بۆیەش کەیفی بە ناوەکەی هات و بزە کەوتە سەر لێوی.

پاشان گوتی: «ئاگاداری حەیواناتم دەکرد.»

من کە بە جوانی لێی حاڵی نەبووم گوتم: «ئاوها.»

گوتی: «بەڵێ، دەزانی، من بۆیە مامەوە تا ئاگاداری حەیوانەکان بکەم. من دواکەس بووم کە لەسان کارلوس وەدەرکەوتم.»

رواڵەتی لە شوان و مەرداران نەدەچوو. روانیمە جلە تاریک و تۆزاوییەکەی و سیمای گەردڵی نیشتوو عەینەکە چوارچێوە ئاسنەکەی و گوتم: «حەیوانەکانت چی بوون؟»



سەری، بە نائومێدییەوە، لە قاندو گوتی: «هەمە جۆر بوون. ناچار بووم بە جێیان بهێڵم.» من تەمەشای پردەکەم دەکرد و دەم روانییە ئاسمانی دەلتای ئەیبرۆ «Ebro» کە ئەفریقیای وەبیر مرۆڤ دێناوەو لە بیری ئەوەدا بووم کەنگێ چاومان بە دژمن بکەوێ. هەمیشە گوێم هەڵخستبو کە یەکەمین هەراو هەنگامەی پێکادانی ئەم شەڕە نادیار و بەتەمتومانە بژنەوم، پرەمێردەکە هێشتا لە وێندەر دانیشتبوو.

پرسیمەوە: گوتت حەیوانەکانت چی بوون؟»

گوتی: «سێ جۆرە حەیوان بوون. دوو بزن، پشیلەیەک و چوار جووت کۆتر.»

پرسیم: «ناچار بوویت بە جێیان بێڵی ها؟»

– «بەڵێ، لە ترسی تۆپان. ئەفسەرەکە پێی گوتم کە لە بوردی تۆپەکان دوور بکەومەوە.»

پرسیم: « خۆ ژن و منداڵت نین؟» و دەمڕوانییە ئەو سەری پردەکە کە چەند گالیسکەیەک بەلەز بەنشێوی کەنارەکەدا دادەگەڕان.

گوتی: «تەنێ ئەو حەیوانانە بوون کە گوتم. هەڵبەتە پشیلەکە هیچی بەسەر نایەت. پشیلان دەتوانن خۆیان رزگار بکەن، لێ نازانم ئەوانی دی چییان بەسەر دێ؟»

پرسیم: «تۆ لایەنگری کێی؟»

گوتی: «من عەقڵم سیاسەت نابڕێ. تەمەنم ٧٦ساڵە. دوانزە کیلۆمەتران بە پێیان هاتووم، پێم وانییە ئیدی بتوانم لەوەی زیاتر بڕۆم.»

گوتم: «ئێرە شوێنێکی ئەمین نییە. ئەگەر حەزت لێ بێ و بتوانی، ئوتومبیلەکان لەو جادەیەدان کە لە «تورتوسا»ەوە رەت دەبێ.

گوتی: «ماوەیەکی دیکەش دەمێنم. پاشان دەکەومە رێ. ئوتومبیلەکان بۆ کوێ دەڕۆن؟»

پێم گوت: «بۆ بارسەلونە».

گوتی: «من لەو ناوە کەس ناناسم بەڵام مەمنونی لوتفتانم، گەلەک مەمنونم.»

نیگای ماندوو پوچەڵی تێ بڕیم و ئەوجا وەکو کەسێک بیەوێ خەمی خۆی دەگەڵ کەسێکی دی دا دابەشبکات گوتی: «پشیلەکە هیچی بەسەر نایەت، دڵنیام. ئیدی بۆچی خەمی بخۆم و نیگەرانی بم، بەڵام ئەوانی دی چییان بەسەر دێت؟ تۆ دەڵێی چییان بەسەر دێت؟»

«هەڵبەتە بۆ خۆیان ڕێگە دەدۆزنەوە، نە جاتیان دەبێ.»
«تۆ پێت وایە؟»
گوتم: «هەڵبەتە.» و دەمڕوانییە کەنارە دوورەکە کە ئێستا چ گالیسکەیەکی لێ نەدەبینرا.
«باشە لەژێر تۆپباراندا چ دەکەن؟ ئەدی هەر لە ترسی ئەو تۆپانە نەبوو کە بەمنیان گوت لە وێندەر نەمێنم.»
گوتم: «دەرگای قەفەزی کۆترەکانت کردبووەوە؟»
- «بەڵێ.»
- کەواتە دەفڕن».
گوتی: «بەڵێ. هەڵبەتە دەفڕن. ئەدی ئەوانی دی؟ باشتر وایە پیاو هەر بیریان لێنەکاتەوە.»گوتم: «ئەگەر ماندویەتیت حەساوەتەوە، با من بڕۆم.» پاشان بەسوربونەوە گوتم: «دەی هەستەو هەوڵ بدە بڕۆیت.»
گوتی: «مەمنون.» هەستا لارە لاری پێکەوت، بە پشتا شکایەوەو لە نێو گڵەکەدا دانیشت.
لە ژێر لێوانەوە گوتی: «من تەنیا ئاگاداری حەیوانەکانم دەکرد.» لێ قسەکانی دیکەی لەگەڵ من نەبوو. و دیسان دووبارەی کردەوە: «من تەنیا لای حەیوانەکان بووم.»
ئیدی چ کارێک نەدەکرا. یەک شەممەی جەژنی پاک بوو و فاشییەکان بەرەو ئەیبرو هێرشیان دێنا. هەورێن تاری بەری ئاسمانی گرتبوو، و فڕۆکە کانیان نەیاندەتوانی هەستن.
ئەم مەسەلەیەو ئەوەی کە پشیلەکان دەیانزانی چۆن ئاگایان لەخۆبێ، تاقە دڵخۆشی پیرەمێرەکە بوون.



# هەڵسەنگاندنی چیرۆکی «پیرەمێری سەر پردەکە»

**نووسینی/ ئیدموند ڤۆلیر**

جەنگ و شەڕ بۆ ئەو کەسانەی کە تێیدا بەشدارن لەوەیە شانۆی نمایشێکی بەرین بێ بۆ وەدەست هێنانی میداڵ و هیوای گەیشتن بە ئاواتی گەورەکە لەسەرێکییەوە هەڕەشەی مەرگ و مردن بۆسەی ناوەتەوە. یان لە بۆسەدایە. لێ خەڵکی سادە دەتوانێ چ بکات؟ خەڵکێک کە لە هیواو ئارمانجی گەورەو مەزن بێ ئاگان و تەنێ دەربەدەری و زەرەری گیانی و بێنەواییان بۆ دەمێنێتەوە.

نووسەر، لەم چیرۆکەدا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێماوە کاریگەری چیرۆکەکە زیاد دەکات؛ شتێکی سادە دەتوانێ وێنای نێوەرۆکی ئاڵۆز بێ و یان ئەو هەستانە بنوێنێ کە پەیوەستن بەو نێوەرۆکانەوە. بۆ وێنە لەگینە ژنێک ماڵ و حاڵ و زنەگی خۆی بەجێ هێشتبێ و تەنیا قۆری یەکی زیوین-ی دەگەڵ خۆی دا هێنابێ. ئەم قۆرییە لە حەقیقەتدا هێمای هەر هەموو ئەو شتانەیە کە ژنەکە لە پاش خۆی جێی هێشتوون و گوم بوونی قۆرییەکە نیشانەی دابڕانە لە رابردوو. کەسێکیش دەتوانێ هێما بێت و نوێنەری کۆمەڵە خەڵکێکی هاوسیفەت یان هاوخەم بێت. خوێنەر کاتێ پەی بە قوەتی چیرۆکی «پیرەمێری سەر پردەکە» دەبات کە پیرەمێرەکە وەکو هێمای میلونان قوربانی جەنگ بدینێ و بخوێنێتەوەو

«پیرەمێری سەر پردەکە» نەخشەیەکی زۆر لاوەکی تێدایە، یان بە گوتەیەکی دی، چ نەخشەیەکی تێدا نییە. لەم چیرۆکەدا کاروکاردانەوەی بەدەنی نابینرێ و لە ئارادانییە. دوو پیاو یەکدی دەبینن، چەند دەقەیەک دەکەونە گفتوگۆو هیچی دی. پەرەسەندنی دەرونی و سۆزداری پانتایی ئەم چیرۆکەی گرتۆتەوە. چیرۆکەکە بەگێڕانەوەیەکی بێ پەردەو پێچ و پەنا ،دەست پێدەکات:

پیرەمێرێکی جل و بەرگ تۆزاوی کە عەینەکێکی چوارچێوە ئاسنی لە چاو بوو، لە کەناری جادەکە دانیشتبوو.

هەمینگوای هەر هەموو مەیدانی چیرۆکەکە وەسف دەکات و ئەوجا دەگەڕێتەوە سەر پیرەمێرەکەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کابرای لێقەوماوی شەڕ هێشتا هەر لەجێی خۆی ماوە، چونکە ئەوەندە شەکەتە کە توانای

رۆیشتنی نییە.

ئەوجا چاوی چیرۆکەکە لەسەر پیرەمێرەکە دەوەستێ و شوێنی چیرۆکەکە دیمەنی شەڕ، هەڵاتن و ماڵوێرانی دروست دەکات.

بەشی دوای ئەمە مایەی سەرنجە:

من راسپێردرا بووم کە بەسەر پردەکەدا بڕۆم و ئەوسەری پردەکە تاقی بکەمەوەو بزانم دژمن تا کوێ پێشڕەوی کردووە. کە کارەکەم تەواو بوو بەسەر پردەکەدا گەڕامەوە.

لێرەدا بوارو دەلیڤەی کارو کاردانەوە هەیە، ئەگەری پێکادان دەگەڵ دژمندا هەیە، بەڵام بەم حاڵەشەوە، چ قسەیەک لەمەڕ هێرش و پەلاماری دوو لایەنە نایەتەکرن و تەنانەت باسی ئەوەش ناکرێ کە دژمن چەند نزیکەو گەییوەتە کوێندەر. ئێمە دیسان روو دەکەینەوە پیرەمێرەکەو هەست دەکەین شتێکی خراپ لە حاڵی رووداندایە. جا لەم بارەیەوە دیقەتی کاریگەری ئەم رستەیە بدەن:

ئۆتومبیلەکان بەزەحمەت بەهەورازەکەدا هەڵدەگەڕان و دوور دەکەوتنەوە و هەمووان پردەکەیان بەجێ دەهێشت.

هەڵبەتە تەنیا پیرەمێردەکە دەرفەتی هەڵاتنی نییە.

گوتیاری «راوی» چیرۆکەکە هەندێ پرسیار لە پیرەمێرەکە دەکات و هەندێک وەڵامی لێ دەژنەوێ، و لە ئەنجامدا، چیرۆکی کابرای ئاوارەی شەڕ، وردە وردە دروست دەبێ. لەو کاتانەدا کە گفتوگۆیەکە بەردەوامە، ئێمە ناتوانین بۆ ساتێک زەمینەی چیرۆکەکە، کە هەر لە سەرەتاوە قاڵبی خۆی وەرگرتووە، فەرامۆش بکەین.

بە نائومێدییەوە سەری لەقاندو گوتی: «حەیوانی هەمە جۆر بوون.

ناچار بووم بەجێیان بهێڵم.» من تەمەشای پردەکەو ئاسمانی دەڵتای ئەیبرۆم دەکرد کە ئەفریقای وەبیری مرۆڤ دێنایەوەو لە بیری ئەوەدا بووم کە ئاخۆ کەنگێ چاومان بە دژمن بکەوێ و بەدرێژایی کاتەکە گوێم هەڵخستبوو کە یەکەمین هەراو زەنای هەنگامەی هەڵگیرسانی ئەم شەڕو رووداوە هەمیشە ئاڵۆزو بە تەمتومانە بژنەوم و پیرەمێرەکە هێشتا هەر لەوێ دانیشتبوو.

چیرۆکەکە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت.

پرسیم. «خۆ ژن و منداڵت نین؟» و دەمڕوانییە ئەو سەری پردەکە، کە چەند گالیسکەیەک بەلەز بە نشێوی کەنارەکەدا دادەگەڕان.



و سەرەنجام:

گوتم، «هەڵبەتە» و دەمڕوانییە کەنارە دوورەکە کە گالیسکەیەکی پێوە نەدەبینرا.

دژمن هیچ کاتێک لە دوور ناوەستێ. نەهوو مەیدان، کە تا چەند ساتێک لەمەوبەر پڕ لە گالیسکە، سەربازو ئاوارەی شەڕ بوو، کپ و بێدەنگ و دوور، و بە بێدەنگییەکی شوومەوە چاوەڕوانی «هەڵگیرسانی ، ئەم رووداوە هەمیشە ئاڵۆزو بەتەمتومانەی» دەکرد.

گوتیاری چیرۆک لەسەرانسەری «پیرەمێری سەر پردەکە»دا خۆی لە باس و دەربڕینی ئەو خاڵە دەدزێتەوە کە هەردوکیان واتە گوتیارەکەو پیرەمێرەکە ئاگایان لێیەتی و دەیزانن؛ ئەویش ئەوەیە کە حەیوانەکان دەکوژرێن. بە گوتەیەکی دی حەیوانەکان دوو کاری هێمایییان لە چیرۆکەکەدا هەیە: یەکەمیان ئەوەیە کە وێنای هەموو ئەو شتانەن کە لێقەوماوانی جەنگ لە کاتی هەڵاتن دا بەجێی دەهێڵن و دووەم هێمای ئەوەشن کە ئەگەر حەیوانەکان نەتوانن هەڵێن، مرۆڤەکانیش ناژین. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا بە مەزندە بۆمان دەردەکەوێ کە پیرەمێرەکە دەکوژرێ. هەوڵدەدات هەستێ بەڵام دەکەوێت و ئیدی چ کارێک ناکرێ.

بەندی کۆتایی نوکتەیەکی تەنز ئامێز بە چیرۆکەکە دەبەخشێت: یەک شەممەی جەژنی پاک بوو، و فاشیستەکان بەرەو ئەیبرۆ هێرشیان دێنا.

یەک شەممەی جەژنی پاکە، لێ شەڕ بەردەوامەو پیرەمێرەکە کە نەبەشداری شەڕەو نە ئەهلی سیاسەتە، دەبێ رەنج و مەینەت بکێشێت:

هەوری تاری بەری ئاسمانی گرتبوو، و فرۆکەکانیان نەیاندەتوانی هەستن. ئەم بابەتەو ئەوەی کە پشیلەکان دەیانزانی چۆن خۆیان بپارێزن تاقە دڵخۆشی پیرەمێرەکە بوو.

**ل٥٩– ٦٣**
**سەرچاوە/ داستان و نقد داستان/ چاپ سوم**
**تهران ١٣٧٥ (١٩٩٦)**
**گزیدەو ترجمەء احمد گلشیری.**

# جەنگ

## چیرۆک: لویجی بیراندیللۆ

ئەو نەفەرانەی کە شەوێ لە ڕۆماوە بە شەمەندەفەری خێرا وەڕێکەوتبوون، ناچاربوون تا سپێدە لە وێستگە بچووکەکەی (فایریانۆ)دا، کە هێڵی ئاسنی سەرەکی بە سولموناوەی دەبەست، چاوەنۆڕی شەمەندەفەرە بچووک و کۆنە ناوچەییەکە بکەن.

لە سپێدەدا، ژنێکی کەتەی سەراپا ڕەشپۆش، وەک کۆڵەبارێکی بێ شێوەو ڕوخسار، لە فارگۆنێکی نمرە دووی دوکەلاوییەوە کە پێنج نەفەران شەویان تێدا ڕۆژ کردبووەوە، سەری هێنایە دەرێ و وەژوورکەوت، شوەکەی کە پیاوێکی وردیلەی لاوازی داتەپیو بوو، بە هانکە هانک و ئاهو ناڵە و ڕەنگ و ڕووی پەڕیو و چاوانی چکۆلەی دڵگیرەوە کە شەرم و نیگەرانییان تێدا دەخوێنرایەوە، لە دوایەوە سەرکەوت و وەژوورکەوت.پیاوەکە پاش ئەوەی جێگەی دەست کەوت، بە نەزاکەتەوە سوپاسی ئەو نەفەرانەی کرد کە یارمەتی ژنەکەیان داو جێیان کردەوە. پاشان ڕووی کردە ژنەکەی، یەخەی پاڵتۆکەی بۆ دادایەوە، بە ئەدەبەوە وتی:

– حاڵت باشە، ئازیزم؟

ژنەکە وەڵامی نەدایەوە، یەخەکەی تا سەرچاوانی خۆی هێناو دەموچاوی ڤەشارت.

پیاوەکە، بەدەم بزەیەکی تاڵەوەو لە بن لێوانەوە وتی: «ئێی دنیای هیچ!»هەستی دەکرد، کە لە سەرێتی ئەوە لە هاوسەفەرەکانی بگەیەنێت کە ژنە بە لەنگازەکەی شایستەی بەزەیی و دڵسۆزییە؛ جەنگ تاقە کوڕەکەی لێ دوور خستۆتەوە.

کوڕێکی گەنجی بیست ساڵانە، ئەمانە، هەرتکیان ژیانیان بۆ ئەو تەرخان کردووە. خانوویەکیان لە سولمونا هەبووەو هەڕاجیان کردووە، ئەوجا توانیویانە تا ڕۆما لەگەڵیدا بڕۆن و لەوێندەر لە زانستگە ناونووسی بکەن و ئەوجا ڕەزامەندی بۆ وەربگرن کە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لە جەنگدا بەشداری بکات و بەلای کەمەوە تا شەش مانگان بۆ شەڕگە ڤڕێ نەکرێت، لێ لە نکاودا بروسکەیەکیان بۆ چووە کە گوایە تا سێ ڕۆژی دی لە ڕۆما دەڕوات و داوایان لێ دەکات کە بۆ بەڕێ کردنی بۆ ڕۆما بێن.



ژنەکە، لە بن پاڵتۆکەیەوە گینگڵی دەدا. جار جار وەک حەیوانێکی کێوی دەی پرخاند، دڵی دەیوت کە هەموو قسانە بە قەد نووکە دەرزییەک بەزەیی و سۆزی ئەو خەڵکەی نەبزواندووە کە ڕەنگە ئەوانیش لە هەمان حاڵی ئەو دابن. یەکێک لە نەفەرەکان کە سەراپای بوو بوو بە گوێچکە، وتی: «ئێوە شوکری خوا بکەن کە کوڕەکەتان تازە بۆ شەڕگە دەڕوات. لە هەوەڵی شەڕەوە، کوڕی منیان بۆ شەڕگە ناردووە، تانهو دوو جاران بەزامداری هاتۆتەوەو هەمدیس بۆ شەڕگە گەڕاوەتەوە.»

نەفەرێکی دی هەڵیدایێ: «جا لە جێی من بن چ دەکەن؟ دوو کوڕو سێ برازام هان لە شەڕگە.»

مێردی ژنەکە خێرا وتی: «بەڵێ لێ کوڕی ئێمە تاقانەیە.» «چ فەرقێک دەکات؟ مرۆڤ دکارێت زیاد لە پێویست ناز بە کوڕە تاقانەکەی بدات و نازداری بکات، بەڵام لە منداڵانی تری خۆشتر ناوێت. خۆ خۆشەویستی باوک نان نییە کە بکرێت تیکە تیکە بکرێت و بە یەکسانی بەسەر منداڵەکاندا دابەشبکرێت. هەر بابێک بگریت، هەموو خۆشەویستیی خۆی بێ جیاوازی، بەسەر هەر منداڵێکیدا هەڵدەڕێژێت ئیدی تاقە منداڵەکی هەبێت یان دە منداڵ، ئەگەر من هەنووکە بۆ کوڕەکانم نارەحەتم، ئەم نارەحەتی و نیگەرانییە بۆ هەر یەکێکیانی نابێت بە نیوە، بگرە دوو بەرانبەر دەبێت..»

مێردی پەریشان، ئاهێکی هەڵکێشاو وتی: «دروستە.. دروستە. لێ گریمان، دوور لەوانەی تۆ، بابێک دوو کوڕی لە شەڕگە بن و یەکێکیان، لە دەست بدات، لەم حاڵەتەدا یەکێکیانی بۆ دەمێنێتەوەو سێبوری پێ دێت.. لە کاتێکدا ئەگەر...»

یەکێکی دی لەولاوە هەڵیدایێ و وتی: «بەڵێ، کوڕێکی دەمێنێت تا سێبوری پێ بێتەوە. لێ لە هەمان کاتدا کوڕێکی دەمێنێت تا ببێت بە نیگەرانی گیانی ئەو، لە کاتێکدا گەر بابەک کوڕەکی تاقانەی هەبێت، دەتوانێت پاش مەرگی کوڕەکەی بڕوات، سەری خۆی بە گۆمێکدا بکات و کۆتایی بە پەرێشانی خۆی بێنێت ئەم دوو حاڵەتە کامیان خراترە؟ ئەدی نابینیت کە حاڵی من چەند لە حاڵی تۆ خراترە؟»

نەفەرێکی دی، کە پیاوێکی قەڵەوی سوورەی چاوکەوەیی کاڵ و دەرپۆقیو بوو، هەڵیدایێ: «کە قسەی قۆڕ دەکەیت.»

هانکە هانکی پێ کەوتبوو، چاوە دەرپۆقیوەکانی دەتوت توڕەییەکی

دەروونی سەرکێشی ئەوتۆ هەڵدەڕێژن کە جەستەی بێ توانای ئەو دەرەقەتی نایێت لە کاتێکدا هەوڵی دەدا بەدەست زاری داپۆشێت و نەهێڵێت جێی دوو دانەکەلۆسەکەی پێشەوەی بە دیار بکەون، دووبارە وتی: «قسەی قۆڕ، قسەی قۆڕ دەکەی. چما ئێمە بۆ قازانجی خۆمان منداڵان دەخەینەوە؟».

نەفەرەکانی دی بە پەریشانییەوە لێی رامان، نەفەرێک کە لە یەکەم ڕۆژی جەنگەوە، کوڕەکەی بۆ شەڕگە رۆیی بوو، ئاهێکی هەڵکێشا و وتی: «تۆ راست دەکەیت، منداڵەکانمان ئی خۆمان نین، ئی نیشتمانن..»

نەفەرە قەڵەوەکە خێرا وتی: «پاح! کەواتە بفەرموو ئێمە لەبەر خاتری نیشتمان زوربەت دەخەینەوە، منداڵانمان دێنە دنیاوە.. ئیدی وایە. چونکە دەبێت بێنە دنیاوەو کاتێک وان دێنە دنیاوە ئیدی گیانی ئێمە فیدای ئەوان دەبێت ئەمە دۆغریەکەیەتی و تەواو، ئێمە هی ئەوانین. ئەوان هی ئێمە نین. کاتێک دەگەنە تەمەنی بیست ساڵی، رێک حاڵەتی تەمەنی بیست ساڵی ئێمەمانانیان لا پەیدا دەبێت ئێمەش باب و داکمان هەبوو. لێ شتی دیکەش لەم دنیایەدا هەبوو.

ژن، جگەرە، خەونی دوورودرێژ. پێوەندیی تازە.. هەڵبەتە نیشتمانیش جێی خۆی هەبوو، واتە گاڤێک کە دەگەییشتینە بیست ساڵان بەدەنگییەوە دەچووین؛ تەنانەت ئەگەر باب و دایکیش رێیان نەدابایین هەردەچووین، هەڵبەتە ئێستاو لەم تەمەنەی ئێمەدا ئەشقی نیشتمان هەمان قەدرو پایەی جارانی هەیە، لێ خۆشەویستیی منداڵەکانمان لە هی نیشتمان زێدەترە. حەز دەکەم بزانم، ئاخۆ لە نێو ئێمەدا چ کەسێک هەیە کە ئەگەر توانای هەبێت، لە ناخی دڵەوە حەزنەکات لە بری کوڕەکەی لە شەڕگەدا بێت؟»

ورتە لە کەسەوە نەهات. هەموو سەری رەزامەندییان لەقاند. کابرای قەڵەو لەسەر قسەکانی رۆیی: «.. کەواتە ئێمە بۆ هەستی بیست ساڵانەی منداڵەکانمان بە هەند نەگرین؟ ئایا ئاسایی نییە لە تەمەنی بیست ساڵیدا بیر لە خۆشەویستیی نیشتمان بکەنەوە. هەڵبەتە مەبەستم لە کوڕی باش و گوێ رایەڵە- و بیخەنە سەرووی خۆشەویستیی ئێمەوە، ئایا ئاسایی نییە کە ئێمە بە پیرەکوڕانی پەککەوتە بزانن و دەبێت لە ماڵەوە بمێنین؟ ئەگەر نیشتمان وەک نانێک بێت کە دەبێت یەک بە یەکی ئێمە بیخۆین تا لە برسان نەمرین، ئەوا دەبێت خەڵکانێک برۆن و بەرەڤانی لێبکەن. کوڕانی ئێمە کە دەگەنە بیست ساڵان، ئەم کارە دەکەن و پێویستییان بە رۆندکی مە نییە، چونکە ئەگەر بمرن، ئەوا بە جۆش و خرۆش و شادمانییەوە دەمرن-



هەڵبەتە مەبەستم لە کوڕانی سەلار و گوێڕایەڵە- جا ئەگەر کەسێک بەلاوی و بەشادمانی بمرێت و تووشی کرێتیی ژیان، زەبوونی، بێهوودەیی و سەر شۆڕی نەبێت، چ شتێک لەوەی باشتر هەیە؟ نابێت کەس لە مەرگدا بگریێت دەبێ هەموو کەس پێبکەنێت، وەک چۆن من پێدەکەنم.. یا لایەنی کەم شوکرانە بژێری خوا بن، وەک چۆن من شوکرانە بژێرم؛ چونکە کوڕەکەی من بەر لە مردنی، نامەی بۆ ناردم کە کۆتایی ژیانی بەو جۆرە بووە کە بەخۆی هەمیشە ئارەزووی کردووە. هەر بۆیە وەک دەبینن رەشم نەپۆشیوە...»

چاکەتە چەرمەکەی بەدەست تەکاند وەک بڵێیت بیەوێت دروستی قسەکەی خۆی بسەلمێنێت لێوە شینەکەی، کە دوو دانەکەلۆسەکەی پێشەوەی داپۆشی بوو، دەلەرزی، رۆندک لە چاوە بێ جوڵەکانیدا قەتیس مابوو، زۆری نەبرد کە قسەکانی بە پێکەنینێکی هاوار ئاسا، کە پتر لە هۆڕژنی گریان دەچوو، کۆتایی هێنا.

ئەوانی دی بۆیان سەلماند: «دۆغرییە.. قسەیتی.» ئەو ژنەی کە لە ژێر پاڵتۆکەیەوە، لە سووچێکدا وەک بوخچەیەکی ئاخنراو دەینواند، دانیشتبوو و گوێی رادێرا بوو، سێ هەیڤان دەبوو، دەیویست شتێک لە قسەکانی مێردەکەی و دۆستەکانییەوە هەڵێنجێت کە تۆزێک خەمی دڵی برەوێنێتەوەو سوکنایی بە ناخی ببەخشێت شتێک کە بە جۆرێک ورەی دایکێک بەرز بکاتەوە کە نەک کوڕەکەی بەرەو ژیانی خەتەر، بەڵکو بەرەو مەرگیش رەوانی بکات. لێ لە تێکڕایی ئاخافتنەکاندا تاقە یەک پەیڤی سوکنایی بەخشی وەچنگ نەکەوتبوو.. هەر بۆیەش باری خەمەکەی قورستر بوو بوو، چونکە بۆی دەرکەوتبوو چ کەسێک ناتوانێت هەستەکانی وی کەوی بکات و دەرکی بکات.

لێ هەنووکە، قسەکانی ئەو نەفەرە کەم و زۆر ئەویان گێژ و سەرسام کرد. لە پڕ بۆی بەدیارکەوت کە خەتای خەڵکی نییە کە ناتوانن لەو حاڵی بن، بەڵکو خەتای خۆیەتی کە ناتوانێت وەک ئەو داک و بابانە بێت کە بێ رۆندک رشتن لە منداڵی خۆ جیا دەبنەوەو تا لێوی قەبر دگەل کوڕانی خۆدا دەچن و بە رێیان دەکەن.

سەری هەڵبڕی هەر لەجێی خۆیەوە سەری هێنایە بەرێ و هەوڵی دا بە هەموو بوونییەوە گوێ بۆ ئەو قسانە رادێرێت کە کابرای قەڵەو بۆ هاوسەفەرەکانی دەکردو بۆی شرۆڤە دەکردن کە چۆن کوڕەکەی مینا قەهرەمان

شادو بەکەیف خۆی لە پێناوی شاو نیشتماندا بەخت کردووە. وای هاتە بەرچاو کە کێشراوەتە جیهانێکەوە کە هەرگیز لە خەونیشدا نەیدەتوانی ببینێت جیهانێک کە زۆری بەلاوە نەناسراو و غەریب بوو. زۆریش بەوە خۆشحاڵ بوو کە دەبینی هەموو پیرۆزبایی لە بابێکی ئازا دەکەن کە بەو سەبر و حەوسەڵەیەوە باسی مەرگی کوڕەکەی خۆی دەکات.
پاشان لەپڕ وەک ئەوەی هەر گوێی لەو قسانە نەبووبێت، وەک بڵێی لە خەو رابووبێت رووی لە پیرەمێرەکە کردو وتی: «.. کەواتە... بە راستی راستی کوڕەکەت مردووە؟».
هەموو لێی رامان. پیرەمێرەکەش روی وەرگێڕا تا نیگای بکات، بە چاوە درشتە دەرپۆقیوە ئەسرین تێزاوە کەوەییە کاڵەکانی، ژنەکەی دابێژت. هەوڵی دا وەڵامی ژنەکە بداتەوە. لێ چ قسەیەکی بۆ نەهات. هێشتا واق ورماو و حەپەساو چاوی هەر لە ژنەکە بوو، کە دەتوت تەنیا لەو ساتەدا- پاش ئەو پرسیارە نابەجێیە بوو کە لە پڕو سەرەنجام بۆی دەرکەوت کە کوڕەکەی بە راستی مردووە.
بە یەکجارەکی مردووە، بۆ هەتا هەتایە مردووە، چارەی چوو بە یەکدا، بەشێوەیەکی سامناک تێکچوو، ئەوجا بەپەلە دەستەسڕێکی لە بەرکی دەرهێناو، لە نێو سەرسامیی هەمووانداا، بێ ئەوەی بە دەستەخۆی بێت، لە هۆڕژنی گرینێکی بەسوێ و کاریگەری دا.



# هەڵسەنگاندن

**رەخنە: کلیفنت بروکس – رابرت پن وارن**

دەبێت بەسەرسامییەوە بوترێت کە ئەم چیرۆکە لە «کار» یان لە کاری بەدەنی خاڵییە. پاش ئەوەی کە ژنە قەڵەوەکە لە فارگۆنەکەوە سەری دەرهێنا، مێردەکەی بەنەزاکەت و ئەدەبەوە لە دووی وێ وە ژوورکەوت. جگە لە گینگڵ دانی ژنەکە لە بن پاڵتۆکەیەوە. هەوڵدانی پیرەمێرەکە تا لە کاتی قساندا بە دەستان زاری داپۆشێت و دوو دانەکەلۆسەکەی بەدەرنەکەون. دەست هێنان بە چاکەتەکەیدا تا بسەلمێنێت کە رەشی نەپۆشیوە، سەر هێنانە پێشەوەی ژنە قەڵەوەکە تا باشتر گوێ لە قسەکانی پیرەمێرەکە رادێرێت و چاو برینی نەفەرەکان لە ژنەکە کاتێک کە پرسیاری لە پیرەمێرەکە کرد.
گرژبوونی چارەی پیرەمێرەکە لە کاتی وەڵامدانەوەدا.. جگە لەمانە چ جووڵە و کارێکی بەدەنی دیکە لە چیرۆکەکەدا بەدی ناکرێت، ئەم جووڵە بە دەنیانە لە چیرۆکدا بایەخی خۆیان هەیە؛ بایەخەکەشیان لەم حەقیقەتە شاراوەیەدایە کە کلیلی هەست و بۆچوونی قارەمانانی چیرۆکن، بە وتەیەکی دی ئەم کارانە جێی پلۆت «نەخشە»ی چیرۆک ناگرنەوە.»
نەخشەو ماکی چیرۆکەکە، خۆبەخۆ و لە ئەنجامی کێشمانەکێشی نێوان روانینی جۆراوجۆری قارەمانانی چیرۆکەکەوە بۆ بابەتی چیرۆکەکە، کە بریتییە لە خۆ فیداکرنی رۆڵەکانی میللەت لە رای نیشتماندا، دەمەیێت. بەمجۆرە قالّبی ئەم پلۆت و نەخشەیە، قالّبی مونازەرەیەو لەو گفتوگۆ و مونازەرەیەدا بۆچوونی جۆراوجۆر دەخرێتە روو و باسی لێوە دەکرێت، بەڵام ئەم مونازەرەیە تەنێ لەبەر خاتری مونازەرەو لەڕای مونازەرەدا نایەتە ئەنجام دان. ئەو کاراکتەرانەی کە بەشداری تێدا دەکەن. کەسانێکن کە بابەتی گفتوگۆیەکەیان گەلەک واقیعییە رۆڵەکانیان لە شەڕگەدان، پیاوێکی پیری چاکەت زەردی ئامال قاوەیی کوڕەکەی لە دەست داوە؛ ئەمە بەو مانایەیە کە مونازەرەکە بۆ بەشدارانی گفتوگۆیەکە بایەخی خۆی هەیە.
ژنە قەڵەوەکەو پیرەمێرەکە دوو جەمسەری دایەلۆگەکەیان پێکهێناوە. ژنە قەڵەوەکە چ قسەیەک ناکات، لێ ئەم ئاگادارین کە بۆچوونی وێ چەوایە!
«ژنەکە لە بن پاڵتۆکەوە گینگڵی دەدا، جار جار وەک حەیوانێکی کێوی

دەیپرخاند، دڵی پێی دەوت کە هەموو ئەو قسانە بەقەد نووکە دەرزییەک بەزەیی و سۆزی ئەو خەڵکانەی نەورووژاندووە. کە ڕەنگە ئەوانیش لە هەمان حاڵی ئەودابن.»

خەمی ژنەکە وەک ئازارێکی بەدەنی ڕاستەوخۆیە، پێویستی بە باس و بەڵگە نییە، ئەو هەر هێندەی لە توانادایە بەدەم سوێ و ئازارەوە بتلێتەوە، یان حەیوان ئاسا ببۆڕێنێت جەمسەری دووەمی مونازەرەکە کە دەئەستۆی پیرەمێری کوڕ کوژراودایە، بە دوورودرێژی و تێروتەسەلی باس دەکرێ، بنەمای بەڵگەکانی ئەمانەن:

* مرۆڤ، بۆ سوودو قازانجی خۆی منداڵ و زوڕیەت ناخاتەوە.

* کوڕ، گاڤێک دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری و خەیاڵپەروەری، ئیدی خۆشەویستی و ڤیانی نیشتمانی لا گەورەتر و پیرۆزترە لە هی باب و دایک.

* ئەگەر کوڕێک- کوڕی گوێڕایەڵ- لەڕای نیشتماندا گیان بەخت بکات، مرنەکەی مرنێکی خۆشە.

* کەسێک کە بە لەلاوی و بەشادمانی گیانی بەخت بکات، تووشی کرێتی ژیان، زەبوونی، بێهوودەیی و سەرشۆڕی نابێت.

* سەرەنجام ئەو داک و بابەی کە کوڕیان قارەمانانە گیانی بەخت کردووە، دەبێت خۆشحاڵ بن و پێبکەنن، یان بەلای کەمەوە شوکرانەی خوا بکەن.

بە کورتی، کابرای پیرەمێری کوڕ کوژراو، بە قسەکانی و بەزەبری فەلسەفەڕێیی خۆی، هەموو جۆرە هەستێکی نابوودی و خەم و خەمبارییەک ڕەفز دەکاتەوە.

ئەو دوو بۆچوونەی ئاماژەمان کردنێ، هەر یەکەیان جەمسەرێکی مونازەرەکەیان پێکهێناوە، نەخش و نیگاری چیرۆکەکە لەسەر ناکۆکیی نێوان ئەم دوو بۆچوونە ڕۆنراوە، لێ ئەم ناکۆکییە وەستاو و نەگۆڕ نییە، هەردووکیان بە تێروتەسەلی نیشاندەدرێن.

سەرەتا، ژنە قەڵەوەکە، کە لەلایەن مێردەکەی و دۆستەکانییەوە، چ سوکنایییەکی چنگ نەکەوتووە، چونکە وەک خۆی هەست دەکات، چ کەسێک نەکارییە لە هەستەکانی وێ حاڵی ببێت، کەم کەم بەبیستنی قسەکانی کابرای بێگانە سوکنایی دێت کابرا جەرگی سوزیاگەو ڕۆڵەیەکی لە دەست داوە، بۆیە گومانی تێدا نییە کە دکارێت لە هەستەکانی وێ حاڵی ببێت و هاوبەشی خەمی بکات. پیاوەکە، بە قەناعەتی تەواوی ژنەکە،



مرۆڤێکی ئاقڵ و بە ئاوەزە، چونکە ئەوەی کە ئەو لە دەستی داوە، پترە لەوەی کە ژنەکە لەدەستی داوە؛ چونکە کوڕی ئەم «ژنەکە» هێشتا زیندووە. جگە لەوەش، دژواریی وەزعی پیرەمێردەکەو جیاوازیی بۆچوونی ئەو لە هەموو بۆچوونەکانی مێردو دۆستەکانی ژنەکە، نکوڵی کرنی تەواو لە خەم و دڵدانەوەی خۆی بە وشەو زاراوەی قارەمانێتی، ئەو ناچار دەکەن کە هەست بکات «کێشاویانەتە جیهانێکەوە کە هەرگیز لە خەونیشدا نەیدەتوانی بیدینێت» بەلای ئەوەوە باوەڕ ناکرێت کە پیاوێک بە ڕاستی کوڕی مردبێت، بتوانێت بەمجۆرە باس لە دەستچوونی کوڕەکەی بکات. بۆیە.. وەک یەکێک لە خەو ڕاپەڕی بێت» لەو دەپرسێت: «کەواتە.... بە ڕاستی ڕاستی کوڕەکەت مردووە؟».

لەوەیە ئەگەر پیاوەکە بەسادەیی بیوتوایە: «بەڵێ، مردووە» ژنەکە بەلای کەمەوە بۆ ئەم ساتە وەختە، بۆچوونی کابرای قبووڵ بوایە. یان پیاوەکە دڵنیای کردبووایە کە کوڕەکەی «بەڕاستی ڕاستی» مردووە.. لەم حاڵەتەدا ژنەکە هەوڵی دەدا، چاو لەو بکات و ڕووبەڕووی هەقیقەتی مەرگ ببێتەوە. لێ پرسیارەکەی وێ کە لوتکە یان خاڵی چەقی چیرۆکەکە پێکدێنێت، شتێک بۆ پیرەمێردی کوڕ کوژراو کەشف دەکات، وەک چۆن قسەکانی پێشووی پیرەمێردەکە، شتێکی بۆ ژنەکە کەشف کردووە. بەمجۆرە لە بەشێکی چیرۆکەکەدا، کابرا بۆچوونی ژنەکە دەگۆڕێت و لە بەشێکی دیدا بۆمان بەدیار دەکەوێت کە ژنەکە بۆچوونی پیاوەکە دەگۆڕێت. گاڤێک کە پیرەکە «ژنەکە» دەستەواژەی «بە ڕاستی ڕاستی مردووە» دەردەبڕێ، هەموو سەیری دەکەن، وەک بێژی ئاخافتنەکی کرێت، قسەیەکی بێ نەزاکەتانەیی کردبێت. وەک بڵێی ڕازو نهێنییەکی سامناکی کەشف کردبێت، پیرەمێردەکەش حایر دەمێنێت و چ وەڵامێک نادۆزێتەوە. بۆ جاری یەکەم فامدەکات کە کوڕەکەی «بە ڕاستی ڕاستی مردووە، بۆ هەتا هەتایە مردووە، بۆ هەمیشە». ئەوجا دووچاری خەمێکی گەورە دەبێت و مینا ژنکان لە هۆڕژنی گریانێ دەدا. وەک چۆن ژنەکە پێشتر دووچاری هەمان حاڵەت بوو بوو.

بەمجۆرە، چیرۆکەکە بەشێوەی کێشمانەکێشی نێوان عاتیفەیەکی ئوسوڵی، بەرچاو و یاسانەگر لەلایەک و کۆی یاساو بەڵگەو یاداشتەکان لەلایەکی ترەوە، دەکەوێتە ڕوو. لێرەدا لەبەردەم ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی تەنز ئامێزیم، ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی ئاشتی هەڵنەگر ڕووبەڕوو بوونەوەیەک کە ئەگەر

ئاشتیش هەڵبکرێت ئەوا هەوڵ و تەقەللایەکی فرەی گەرەکە. دەبینین کە هاوسەنگی پیاوێک کە گەیوەتە ئاشتی، بەبچووکترین ئاماژە، واتا بە «پرسیارە گەوجانەو نابەجێیەکەی» ژنەکە دەشێوێت وێڕای ئەوەش کە پرسیارەکە ئوسوڵییە. جا بەم پێیە ئاخۆ دەبێت ئەوە قبووڵ بکرێت کە نووسەر ویستوویەتی بڵێت: نیزام، قانوون، بەڵگە، پابەندی و ئیلتیزام و ئامانج هیچیان شایانی بایەخ پێدان نین و تاقە شتێک کە شایستەی بایەخ پێدان بێت، هەقیقەتی عاتیفەی ئینسانییە؟ پێناچێت وابێت ئەگەر وابوایە، ئیدی نووسەر بۆچی گوتەکانی کابرای پیرەمێردی بەجۆرێ ترش و خوێ دەکرد تا سەرنجی ژنێکی خەفەتبار راکێشێت؟ پێدەچێت نووسەر دژایەتی و ناکۆکییەکی ئوسوڵی، لەگەڵ هەلومەرجی بابەتیدا، بخاتە بۆتەی ئەزموونی مرۆڤێکەوەو دەیەوێت بڵێت هەردوو لایەنی ناکۆکی هەمیشە هەن و ناکرێت چ لایەنێکیان پشت گوێ بخرێت.

جارەکی دی دێینەوە سەر نەخش و نیگاری چیرۆکەکە، وتمان جگە لەو دوو بۆچوونەی لە سەرێڕا باسمان کردن، بزاڤێکی دیکەش دەناو چیرۆکەکەدا دەبینرێت، ئەویش ئەو گۆڕانەیە کە لە ئەنجامی پرسیاری ژنەکە لە پیرەمێرەکە روو دەدات. بە وتەیەکی دی ئەمە لەلایەکەوە، دوو چیرۆکان لەناو یەک چیرۆکدا دەبینین: چیرۆکی گۆڕانی روانگەی ژنەکەو چیرۆکی گۆڕانی دیدو بۆچوونی پیرەمێرەکە. ئەم دووانە، لە سەرەتادا هەردووکیان بە رواڵەت لە سەر باوەڕی خۆیان سوورن. ئەم گۆڕانانە چۆن روو دەدەن؟ ئایا لە رێگەی زەمینە خۆشکردنەوە روو دەدەن و لە جیهانی چیرۆکدا دێنە قبووڵ کرن؟

نووسەر، چەند شرۆڤەو شیکردنەوەیەک لەمەڕ گۆڕانی ژنەکە دەخاتەڕوو ئەو شتەی ژنەکەو سەرنجی ژنەکە رادەکێشێت تازەیی یان چۆنیەتی هەڵچوانەی شێوەی سێبووری و تەسەلاو سوکنایییەکەیە، کە پیرەمێرەکە لە گوتەکانی خۆیدا بەکاری دەهێنێت. جگە لەوەش، ئەم هەقیقەتەی کە ئەو بە راستی رۆڵەیەکی لەدەست داوە، قەناعەت لدەف ژنەکە چێدەکات کە پیرەمێردەکە لە ژنەکە تێدەگات.

لێ شیکردنەوەیەکی روون و ئاشکرای لەم بابەتە لەمەڕ گۆڕانی پیرەمێرەکە بەرچاڤ ناکەوێت. گۆڕانی دیدو بۆچوونی پیرەمێرەکە لە نکاو و کتوپڕدا روو دەدات، بەڵام ئایا پیرەمێرەکە لە بەشەکانی هەوەڵی چیرۆکەکەدا، زیادەڕۆیی لە دەربڕینی روانین و دیدی خۆیدا نەکردووە؟ ئایا نیشانەیەکی



ئەم هەقیقەتە بەرچاو ناکەوێت کە ئەو لەبری ئەوەی هەوڵبدات دژی ئەوانی دی قسان بکات، دژی خۆی قسان دەکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێت دەست بکرێت بە هەڵسەنگاندنی ئەو رستەیەی کە راستەوخۆ پاش ئەوەی کە ئەو دەڵێت: تەنانەت رەشی نەپۆشیوە، دێت. «چاکەتە چەرمەکەی، تەکاند تا دروستی قسەکەی خۆی بسەلمێنێت. لێوە شینەکەی کە دوو دانەکەلۆسەکەی پێشەوەی داپۆشی بوو، دەلەرزی. رۆندک لەچاوە بێ جووڵەکانیدا قەتیس مابوو. زۆری نەبرد کە قسەکانی بە پێکەنینێکی هاوار ئاسا، کە پتر لە هۆڕژنی گریانێک دەچوو، کۆتایی هێنا.»

لێرەدا دیدی ژنەکە، کە لە جەمسەری موخالیف دایەو حاشا هەڵنەگرە، دەشێت بەجۆرە تەدارەک و زەمینە خۆشکردنێک بۆ گۆڕانی دیدو روانگەی پیرەمێرەکە بێتە ژماردن، ئەم گۆڕانکارییە بەیەک کەرەت لەگەڵ لوتکەو گرێ ڤەبوون و ئەنجامگیری چیرۆکەکەدا لە دیماهی چیرۆکەکەدا دێتە نیشاندان:

«چارەی چوو بەیەکدا، بەشێوەیەکی سامناک تێکچوو، ئەوجا بەلەز دەستەسرێکی لە بەرکی دەرهێناو لەنێو سەرسامی هەمووان‌دا، بێ وەی بەدەستە خۆی بێت، لە هۆڕژنی گریانێکی بە کوڵ و بەسۆزی دا».

# میوان

## چیرۆکی: ئەلبێر کامۆ

مامۆستا، دەیڕوانییە ئەو دوو زەلامەی کە بە هەورازەکەدا بەرەو لای ئەو هەڵدەگەڕان. یەکێکیان ئەسپ سوارو ئەوی تریان پیادە بوو: هێشتا بە تەواوی نەگەیبوونە سەر ئەو ڕێگە سەختەی بەرەو قوتابخانەکە دەهات. بە نێو تاشەبەردانداو بەنێو ئەو بەفرەی کە تا چاو بڕ دەکات، ئەو هەڵەتە چۆڵ و هۆڵەی داپۆشی بوو، هیلاک و ماندوو دەهاتنە پێشێ. ئەسپەکە ناو بەناو ساتمەی دەدا.. مامۆستا بێ ئەوەی گوێی لە چ شتێک بێ، هەڵمی هەناسەی ئەسپەکەی لە دوورەوە دەبینی. پێ دەچوو بەلای کەمەوە یەکێک لەو دوو ڕێبوارە شارەزای ناوچەکە بێ. چونکە بە هەمان ڕێگەدا دەهاتن کە چەند ڕۆژێک بوو چینە بەفرێکی ئەستوور داپیۆشی بوو. مامۆستا لە دڵی خۆیدا حیسابی کرد کە بە نیو سەعاتی دی ئەوجا دەگەنە سەر گردەکە.

دنیا ساردبوو، خۆی بە قوتابخانەکەدا کرد تا چاکەتێک لەبەر بکات. بەنێو پۆلە چۆڵ و ساردەکەدا ڕەت بوو. ئەو چوار ڕوبارەی فەرەنسا کە بە چوار ڕەنگی جۆراوجۆر لەسەر تەختە ڕەشەکە ڕەسم کرابوون، سێ ڕۆژ بوو دەڕژانە ڕێژگەی خۆیانەوە. لە پڕو لە ناوەندی مانگی ئوکتوبەردا، پاش هەشت مانگ بێ بارانی، ئەو بەفرە ئەستوورە باری بوو، و ئەو (٢٠) قوتابییەی کە خەڵکی گوندە پەراگەندەکانی ئەو ناو شاخە بوون بۆ قوتابخانە نەهاتبوونەوە. دەبوایە چاوەڕوان بکات تا دنیا خۆش دەبێ وڕێ و بانان دەکرێنەوە. دارۆ، تەنیا ئەو ژوورەی گەرم دەکرد کە خۆی تێیدا دادەنیشت. ژوورەکەی بە تەنیشت ژووری پۆلەکەوە بوو. لە ڕۆژهەڵاتەوە دەیڕوانییە هەڵەتەکە. پەنجەرەی ئەم ژوورەش، وەک پەنجەرەکانی پۆلەکە ڕووەو باشوور دەکرایەوە.

بینای قوتابخانەکە (٢-٣) کیلۆمەترێک لەوێندەرەوە دوور بوو کە هەڵەتەکە بەرەو باشوور نشێو دەبووەوە. لە ڕۆژانی ساف و خۆشدا مرۆڤ دەیتوانی ئەو کۆمەڵە شاخە ئەرخەوانییە بدینێ کە دەتوت



دەرگای بیابانەکەی ئەو دیویەتی.

دارۆ کەمێک گەرمی بووەوە. هاتەوە بەر ئەو پەنجەرەیەی کە یەکەمجار دوو پیاوەکەی لێوەبینی. کەوتبونە نەدیوی. کەواتە ڕێگە سەختەکەیان بڕی بوو. ئاسمان زۆر تاریک نەبوو. دوێنێ شەو بەفر نەباری بوو.

بەیانی، بە ڕووناکییەکی تەڵخ چاوی کردەوە. هەرچەند هەورەکە کەمێک ڕەوی بووەوە، بەڵام دنیا هەر تەڵخ وتاریک بوو.

سەعات دووی پاش نیوەڕۆ بوو، کەچی لە تۆ وایە تازە ڕۆژ دەستی پێدەکرد. بەڵام ئەمڕۆ لەوسێ ڕۆژە چاکتر بوو، کە دنیا یەکپارچە تاریکستان بوو. بەفرێکی ئەستور باری بوو. با بەگڤ و هۆڕ دەرگا دوو تاکییەکەی پۆلەکەی رادەتەکاند. دارۆ بە چەند سەعات لەم ژوورەدا دەمایەوە تەنیا بۆ ئەوە لە ژوور وەدەر دەکەوت کە سەرێکی عەمارەکە بدات، دان بە مریشکەکان بدات و هەندێ ڕەژوو بێنێ. خۆشبەختانە ئوتومبیلەکەی (تاجید) کە نزیکترین گوندی باکوورە، دوو ڕۆژان بەر لەم بەفرو بۆرانە، ئازووقەی بۆ هێنابوو، ورۆیی بوو. دوای چل و هەشت سەعاتی دی دەگەڕایەوە.

بەڕاستی هێندەی ئازووقە لەلابوو کە ترسی لە هیچ جۆرە ئابلوقەیەک نەبێ. ژوورڕێکی بچکۆلەی هەبوو پڕ بوو لە گونییە گەنم، ئیدارە لەوێندەرێ عەمار کردبوو، تا بەسەر ئەو قوتابیانەدا دابەش بکرێ کە خێزانەکانیان تووشی نەهاتی ووشکە ساڵی بوو بوون. بەڕاستی گوندنشینەکان کەساس و داماو بوون و و قوربانی قاتی و وشکە ساڵ بوون. بێکارو دەست کورت بوون. دارۆ، هەموو ڕۆژێ بەشە خواردنێکی بەسەر منداڵەکاندا دابەش دەکرد. دەیزانی لەم ڕۆژە سەخت و دژوارانەدا وەزعیان خراپ بووەو خواردنیان نەماوە. بۆیە پێشبینی دەکرد کە ئەم پاش نیوەڕۆیە بابی یەکێکیان یان برا گەورەی یەکێکیان پەیدا ببێ و بەشە ئازووقەی هەموویانی پێدا بنێرێ.

هەڵبەتە دەبوایە هەوڵی بدایە ئەم گەنمە بیانگەیەنێتە وەرزی ئایندەو هەنگینێ کەشتی پڕ لە گەنم لە فەرەنساوە دەگەیشتن و ئێدی لەم تەنگانەیە دەردەچوون.

ئەستەم بوو ئەم وەزعە نالەبارە لەبیر بکرێ، ئەم هەژارییە، ئەم

کولەمەرگییە، ئەو لەشکرە تارماییە شڕپۆشە سەرگەردانەی بەر هەتاو، ئەو دەشتە سوتاوە هەڵپرۆکاوە بە خۆڵەمێش بووە، ئەو زەمینە تینووە شەقار بووە، ئەو بەردانەی کە لەبن پێیاندا دەبوون بەخۆڵ، ئەستەم بوو ئەمانە لەبیر بچنەوە، هەزاران مەڕو مالاّت، و چەندین بنیادەم لێرەو لەوێ مردبوون، بێ ئەوەی کەسێک پێ بزانێ.

لە ناو جەرگەی ئەم کولەمەرگییەدا، ئەو کە وەک رەبەنان لە قوتابخانە دوورە دەستەکەی خۆیدا دەژیا، بە ژیانی هەژارانەو سەخت قاییل بوو. لەنێو چوار دیواری گەچیندا، لەنێو ئەو تەختە باریکانەدا، تاقە رەنگ نەکراوەکان، بیری ئاوی هەبوو بەشی خۆراکی هەفتانەی هەبوو، خۆی بە پاشا دەزانی. لە پڕ ئەم بەفرە، بێ ئەوەی خەبەر بدات، بێ ئەوەی دڵۆپە بارانێک بباریێ، نیشتبووە سەر زەوی. ئەمە وەزعی ئەوێ بوو، هەرچەندە ژیان لەوێندەر، تەنانەت بەبێ بەشەرەکانیشی کە بوونیان نەیدەکردە هیچ، تاقەت پروکێن بوو، بەڵام دارۆ لەوێندەر لە دایک بوو بوو؛ هەر شوێنێکی دی بۆ ئەو حوکمی مەنفای هەبوو.

لە ژوورەکە وەدەرکەوت، لەسەر سەکۆکەی بەردەم قوتابخانەکە وەستا. دوو پیاوەکە گەیی بوونە ناوەندی هەورازەکە. سوارەکەی ناسییەوە؛ باڵدوچی بوو؛ ئەو پیرە جەندرمەیە بوو کەلە مێژ بوو دەیناسی، باڵدۆچی سەری پەتێکی بە دەستەوە بوو. کابرایەکی عەرەبیش بەدەست بەستراوی، سەری دانەواندبوو، بە دوایدا دەهات. جەندرمەکە بە دەست سلاّوی کرد، دارۆ هێندە غەرقی تەمەشای کابرای عەرەب بوو بوو، نەیتوانی سلاّوەکەی بسەنێتەوە. کابرای عەرەب دیزداشەیەکی شینی کاڵی تاڵکێشی لەبەردابوو. بابوجێکی شڕی لە پێدا بوو، بەڵام گۆرەوی ئەستووری خوری لە پێدابوو، چەفییەیەکی کورت و باریکی لەسەر کردبوو. بەرەبەرە نزیک دەبوونەوە، باڵدوچی، جڵەوی ئەسپەکەی دەگرت تا کابرای عەرەب ئازاری نەگاتێ و بریندار نەبێ. هەردووکیان سەلاّنە سەلاّنە دەهاتنە بەرەوە.

باڵدوچی، لە دووری دەنگ رەسەوە، گازی کرد: (بە سەعاتێک ئەو سێ کیلۆمەترەی نێوان (العمور) و ئێرەمان بڕیوە.) دارۆ وەلاّمی نەدایەوە. بەو چاکەتە خورییەوە کوڵ و چوار شانە دەینواند. دەیبینین



که سەردەکەوتن، کابرای عەرەب بۆ تاقە جارێکیش سەری هەڵنەبڕی بوو. وەختێ گەیشتنە بەر هەیوانەکە دارۆ وتی: (بەخێربێن، فەرموونە ژووریێ خۆتان گەرم بکەنەوە.) باڵدوچی بێ ئەوەی سەری پەتەکە بەربدات، بەروی گرژو مۆنەوە لە وڵاخەکە دابەزی. لەبن سمێڵە زبرو کورتەکەیەوە. بزەیەکی بەروی، مامۆستادادا. چاوە چکۆلەو رەشەکانی کە لەژێر تەوێڵی تاوەگازیدا بە قووڵاچوبوون و چرچ و لۆچ کەوتبوونە ئەم لاو ئەولای دەم و پلی دیمەن و روخسارێکی وریاترو هوشیارتریان پێدەبەخشی. دارۆ، هەوسارەکەی لێ وەرگرت. ئەسپەکەی برد بۆ ژێر کەپرەکە، ئەوجا گەڕایەوە بۆ لای ئەو دوو پیاوە کە لە حەوشی قوتابخانەکەدا چاوەڕێیان دەکرد.. بردنییە ژوورەکەی خۆی وتی: (دەچم ژووری پۆلەکە گەرم دەکەم، لەوێ چاتر ئێسراحەت دەکەین.) کاتێ بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە، باڵدوچی لەسەر تەختەکە دانیشتبوو. پەتەکەی خۆی لە دەستی کابرای عەرەب کردبووەوە.

کابرای عەرەب لەسەر چۆکان و لە پاڵ سۆپاکەدا دانیشتبوو. هێشتا دەستەکانی هەر بەسترابوون. چەفییەکەی سەری بەپشتدا چووبوو. دەیڕوانییە پەنجەرەکە. دارۆ، سەرەتا چاوی بەلێوە ئەستوورو سافەکانی کەوت کە کەم تا کورتێ لە لێوی زەنگیان دەچوو.

چەفییە بە پشتداچووەکەی، تەوێڵی قۆقزو عینادی ئەوی نیشان دەدا. چارەی تاوەگازی کابرای عەرەب کە لە سەرما رەنگی نەمابوو، هێندە نیگەران و سەرکێش دەینواند، کاتێ کە روی بۆ لای دارۆ وەرگێڕاو چاوانی لە دوڕ چاوی بڕی، دارۆ راچڵەکی.

مامۆستا وتی: (بابچینە ئەو ژوورەی دی تا چای بە نەعناتان بۆ لێ بنێم.) باڵدوچی وتی: (مەمنون، ئەزیەتە، حەزم دەکرد ئیسراحەتێ بکەم). ئەوجا رووی کردە زیندانییەکەی و بە عەرەبی وتی: (هەستە) کابرای عەرەب رابوو، دەستە بەستراوەکانی لەبەردەم خۆیدا گرتبوو، هێدی هێدی بۆ ژووری پۆلەکە رۆیی..

دارۆ، لەگەڵ چایەکەدا کورسیەکیشی هێنا. باڵدوچی لەسەر نزیکترین رەحلەی نێو ژوورەکە دانیشتبوو. کابرای عەرەب پشت لە مێزو کورسییەکەی مامۆستاو روو لە سوپاکە، کەوتبووە نێوان مێزو

پەنجەرەکەوە، هەڵتروشکابوو، دارۆ، کاتێ پەرداخە چایەکەی بۆ زیندانییەکە درێژ کردو دەستە بەستراوەکانی بینی حەیرما، وتی: (دەستی بکەینەوە باشتر نییە.) باڵدوچی وتی: (با، ئەمە تەنیا بۆ ڕێگابوو.) و ویستی هەستێ بەڵام دارۆ پەرداخە چایەکەی لەسەر زەوی دانابوو، لەبەردەم کابرای عەرەبدا و لەسەر چۆکان دانیشت. کابرای عەرەب بێ ئەوەی ورتە بکات، چاوە سوورهەڵگەڕاوەکانی تێ بڕی. وەختێ کە دەستی کرانەوە، مەچکە هەڵاوساوەکانی شێلان. پەرداخە چایەکەی هەڵگرت و بەفڕی بچووک و خێرا کەوتە خواردنەوەی چایەکە. دارۆ وتی: (ئێ، بڵێ بزانم کێوە دەچن؟) باڵدوچی دەمی لە چایەکە هەڵگرت و وتی: (بۆ ئێرە، ئازیزم) دارۆ وتی: (بە ڕاستی جووتە قوتابییەکی سەیرن! ئەمشەویش لێرە دەمێننەوە؟!)

– نەخێر، من دەگەڕێمەوە بۆ (العمور)، تۆش ئەم یارۆیە دەدەیە دەست (تینجویت) پۆلیسی ئەوێ چاوەڕوانی دەکەن.

باڵدوچی بەدەم بزەیەکی دۆستانەوە دەیڕوانیە ئەو.

مامۆستا پرسی: (ئەوە چ دەڵێی، پێم ڕادەبوێری؟)

– نا، کوڕی خۆم، ئەمە فەرمانە فەرمان.

– فەرمان؟ من ناتوانم.. ئەوجا هەڵوەستەیەکی کرد، چونکە نەیدەویست ئەم پیرە جەندرمەیە بشەمزێنێ.. (دەمەوێ بڵێم ئەمە کاری من نییە)

– چی؟ مەبەستت چییە؟ لەسەردەمی جەنگدا خەڵکی هەموو کارێک دەکەن.

– کەواتە دەبێ چاوەڕێی ڕاگەیاندنی جەنگ بم!

– زۆر چاکە، بەڵام فەرمانەکە دەبێ جێ بەجێ بکرێ، و تۆ لەکەس زیاتر نیت. پێدەچێ هەندێ ڕوداوان بەڕێوە بن. بەجدی باسی شۆڕش دەکرێ. ئێمەش خەریکە خۆ ساز دەدەین.

دارۆ، هێشتا هەر لاسارانە دەیڕوانی.

باڵدوچی وتی: (گوێ بگرە گیانە. من تۆم خۆش دەوێ بۆیە ئەم قسانەت لە لادەکەم. ئێمە لە (العمور)دا تەنیا (١٢) کەسین و دەبێ ئاگامان لە سەرانسەری ئەم ناوچەیە بێ و پێویستە بەلەز بگەڕێمەوە. بە منیان وتووە ئەم پیاوە بەتۆ بسپێرم و بەپەلە



بگەڕێمەوە. نەدەکرا لەوێ گلی بدەینەوە. خەڵکی گوند خەیاڵیان خراپ بوو، دەیانویست بە تۆبزی لێمانی بسەننەوە. تۆ دەبێ سبەینێ بەر لە ڕۆژاوا بیبەی بۆ (تینجویت) بیست کیلۆمەتر ڕێگە بۆ کەسێکی بەتاقەتی وەک تۆ چ نییە. پاشان دەگەڕێیتەوە سەر قوتابخانەکەی خۆت و دەست بە دەرس و دەوامی خۆت دەکەیەوە.)

لە پشت دیوارەکەوە دەنگی ئەسپەکە دەهات کە دەیپڕماند و سمکۆڵانی دەکرد. دارۆ، لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە دەرێ، دنیا بەرە بەرە ساف دەبوو، ڕووناکی، هەڵەتە بەفر گرتووەکە زیاتر دەبوو. دوای توانەوەی هەموو بەفرەکە، دیسان هەتاو دەست بەکار دەبووەوە، زەمینی دەسووتاند. ئاسمانی ساف جارێکی دی تیشکی گەرمی بێ بڕانەوەی خۆی بەسەر ئەو هەڵەت و دەشتە بەرینەدا دەڕشتەوە کە جێی بنیادەم نەبوو.

ڕوی کردە باڵدوچی و وتی: بەهەر حاڵ با واز لەم قسانە بێنین، ئەمە چیی کردووە؟ بەرلەوەی جەندرمەکە زار هەڵێنێ، پرسی:

– فەرەنسی دەزانێ؟

– نەخێر، تاقە وشەیەک نازانێ. مانگێک بوو بەدویدا دەگەڕاین، شاردبوویانەوە. پس مامی خۆی کوشتووە.

– دژی ئێمەیە؟

– باوەڕ ناکەم. بەڵا پیاو چوزانێ.

– بۆ کوشتوویەتی؟

– پێم وایە، لە بەینی خۆیاندا شەڕیان بووە. وابزانم یەکێکیان گەنمی لە لای ئەوی تریان بووە. ئەوەی مەعلومە ئەوەیە کە کوڕە مامەکەی خۆی بە کێرد سەربڕیوە، وەک مەڕ گۆشاو گۆش سەری بڕیوە.

بە ئیشارەت، دەستی وەک چەقۆ بە ملی خۆیدا هێنا. کابرای عەرەب کە ئەمەی بینی، بە نیگەرانییەوە لێی ڕوانی. دارۆ، لەپڕ لە ناخی خۆیەوە ڕقی لە کابرا هەستا، ڕقی لە هەموو خەڵکانی بە کەرب و کین، ڕقی لە تینوانی خوێن ڕشتن هەستا.

دەنگی گیزەگیزی کتری سەرسۆپاکە دەهات، چای بۆ باڵدوچی تێکرد پاشان بۆ کابرای عەرەبیشی تێکرد، ئەمجارەش زۆر بە تامەزرۆیی خواردییەوە. عەرەبەکە دەستەکانی کێشمان داو یەخەی

دیزداشەکەی کرایەوە. مامۆستا، سینەی رەق و تەق و پیاوانەی بینی.
باڵدوچی وتی: مەمنون کوڕم. ئێ، ئیدی من دەڕۆم.
هەستا، پەتێکی بچووکی لە بەرکی دەرێناو بەرەو لای عەرەبەکە چوو.
دارۆ، بەساردییەوە وتی: دەتەوێ چ بکەی؟
باڵدوچی، بەسەرسامی پەتەکەی نیشان دا.
- پێویست ناکا.
جەندرمە پیرەکە بە دوو دڵییەوە وتی: کەیفی خۆتە، خۆت دەیزانی، بێگومان چەکت هەیە!
- دەمانچەم هەیە.
- لە کوێیە؟
- لە جانتاکەم دایە.
- دەبێ نزیکی فەرەوێڵەکەت بێ.
- بۆ؟ من ترسم لە خۆم نییە.
**- تۆ شێتی کوڕم. ئەگەر شۆڕش هەڵگیرسێ، ئیدی کەس لە خۆی ئەمین نابێ، من وتۆ نامێنێ.**
- بەرگری لە خۆم دەکەم، تا ئەوان دەگەنە ئێرە من فریای خۆم دەکەوم.
باڵدۆچی، لە قاقای پێکەنینی دا. لەپڕ سمێڵی ددانە سپییەکانی داپۆشی.
- فریا دەکەوی؟ زۆر باشە. منیش دەمویست ئەمەت پێ بڵێم. تۆ هەمیشە هەر کەللە رەق بووی بۆیە تۆم خۆش دەوێ، لە کوڕەکەی من دەچی.
دەمانچەکەی دەرهێناو لەسەر مێزەکە داینا.
- بۆ خۆت. لێرەوە تا (العمور) دووچەکم نەگەرەکە.
دەمانچەکە لەسەر مێزە رەشەکە دەبریقایەوە. کە پیرە جەندرمەکە رووی کردە ئەو، بۆنی چەرم و ئەسپ بە کەپوی مامۆستا داچوو.
دارۆ، لە نکاورا وتی: گوێ بگرە باڵدوچی، ئەم کارانە بێ تاقەتم دەکەن. بە تایبەتی ئەم یارۆیە. بەڵام تەسلیمی ناکەم ئەگەر شت بێتە سەر راستی ئەوا شەڕیش دەکەم، بەڵام تەسلیمی ناکەم.



پیرە جەندرمەکە رووبەڕووی وەستاو بەتووڕەیی نیگای کرد، بە ئەسپایی جەندرمەکە روبەروی وەستاو بە تووڕەیی نیگای کرد، بە ئەسپایی وتی: خەریکە خۆت گەوج دەکەی. راستت دەوێ منیش ئەم کارەم پێ خۆش نییە. بنیادە پاش ساڵەهای ساڵ کە بە بەردەوامی پەت لە ملی مەحکومان دەکات، ئەو جا کەنۆرەش دێتە سەر مەحکومێکی تازە دەستی تێناچێ. مرۆڤ خەجاڵەت دەبێ، بەڵێ شەرمەزار دەبێ، بەڵام خۆ ناشکرێ ئەمانە هەروا بەرەڵڵا بکرێن.
دارۆ وتی: دەمن تەسلیمی ناکەم.
- جارێکی دی دوبارەی دەکەمەوە کە ئەمە فەرمانە کوڕی خۆم.
- زۆر چاکە، پێیان بڵێ کە دارۆ دەڵێ: تەسلیمی ناکەم.
باڵدوچی ویستی بیر بکاتەوە. روانییە کابرای عەرەب و ئەوجا دارۆ. ئەنجام بڕیاری خۆی دا
- نە، هیچیان پێ ناڵێم. من هیچ ناڵێم. دەستوورم پێ بوو کە ئەم زیندانییە تەسلیم بکەم، منیش ئەو کارەدەکەم. تۆ تەنیا ئێرە بۆ من ئیمزا بکەو تەواو.
- پێویست بە ئیمزا ناکات. من حاشا ناکەم لەوەی کە تۆ بەدەستی منت سپاردووە.
- دەزانم حاشاناکەی. تۆ خەڵکی ئەم ناوەیت و سەر راستی.. بەڵام دەبێ ئەمەم بۆ ئێمزا بکەی. قانون وا دەخوازێ.
دارۆ، چەکمەجەی مێزەکەی راکێشا، شووشەیەک مەرەکەبی وەنەوشەیی چکۆڵەی چوارگۆشەو قەڵەمێکی داری سووری سەر درشتی دەرهێنا، کە بۆ نووسینەوەی سەر مەشقەکان بەکاری دەهێنا، ئیمزای بۆکرد. جەندرمەکە، بە کاوەخۆ کاغەزەکەی قەدو نوشت کردو خستییە جزدانەکەیەوەو بەرەو دەرگا وەڕێ کەوت.
دارۆ وتی: تا بەر دەرگا لە گەڵت دێم.
باڵدوچی وتی: نەخێر، پێویست ناکات وێڵ و ماریفەت بنوێنی تۆ سوکایەتیت پێ کردم.
روانییە کابرای عەرەب کە بەبێ جووڵە لە جێی خۆی دانیشتبوو. بە کەسەرەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا، بەرەو دەرکە رۆیی و وتی: خوا حافیز کوڕم.
دەرگاکە لە پشتییەوە داخرا. باڵدوچی لە پڕ لەبەردەم پەنجەرەکەدا

بەدیار کەوت و دیسان کەوتەنە دیوی، بەفرەکە دەنگی پێیەکانی هەڵدەمژی. لەو دیو دیوارەکەوە ئەسپەکە تەکانی دا، چەند مریشکێک لە ترساندا رەوینەوە. دوای تۆزێکی دی هەمدیس لە پەنجەرەکەوە بەدیار کەوتەوە. هەوساری ئەسپەکەی گرتبوو، و بە دوی خۆیدا رای دەکێشا. بێ ئەوەی ئاوڕی پاش بداتەوە بەرەو رێگا سەخت و دژوارەکە نشێو دەبووەوە. لە پێشدا خۆی کەوتە نەدیوی ئەوجا ئەسپەکە. دەنگی بەردێکی غلەوە بووهاتە گوێی. دارۆ گەڕایەوە بۆ لای زیندانییەکە، لە جێی خۆی نەجولابوو، بەڵام چاویشی لە دارۆ نەدەگواستەوە. بە عەرەبی وتی: سەبر بکە.

بەرەو ژووری نووستنەکەی چوو. بەڵام لە نێو دەرگاکەدا بیری کردەوە، گەڕایەوە، دەمانچەکەی لە چاوی مێزەکە دەرهێناو خستییە گیرفانییەوە. ئەوجا بێ ئەوەی ئاوڕی پاشەوە بداتەوە، بۆ ژوورەکەی خۆی چوو.

ماوەیەکە لەسەر قەرەوێڵەکەی راکشا، روانییە ئاسمان، ئاسمان بەرە بەرە تاریکتر دەبوو. گوێی لە بێدەنگییەکە گرت، هەمان ئەو بێدەنگییە بوو کە لە رۆژانی هەوەڵی جەنگدا ئازاری دەدا. داوای کردبوو لە شارێکی بچووکی بناری هەڵەتەکاندا کارێکی پێ بسپێرن، ئەو هەڵەتانەی کە بیابان و دەشتەکانی لە زنجیرە چیاکان جیادەکردەوە. لەوێدا، دیواری بەردینی سەوزباوی رەش لە باکوردا هەبوو، دیواری قاوەیی و ئەرخەوانی لە باشووردا هەبوو، ئەم دیوارە سنووری هاوینێکی هەمیشەیی دیاری دەکرد. ئەوەبوو لە بەشی باکووردا، رێک لە ناوەندی هەڵەتەکەدا کارێکیان پێی دابوو. سەرەتا تەنیایی و گۆشەگیری ئەم دەڤەرەی لەبەر گران بوو، دانیشتوانی ئەم دەڤەرە بەردبوو. جار جار لێرەو لەوێ چاڵێک بەدی دەکرا لە تۆ وایە بۆ کشتوکاڵ کێڵدراوە، کەچی پاشان دەردەکەوت کە بۆ هەڵکەندنی بەردی بینا، کێڵراوە. لەم دەڤەرەدا تەنیا بۆ بەرد دروینەوە زەوی دەکێڵرا. دوور لە بەردەکان توێژاڵە گڵێکی تەنک بەسەر چاڵەکانەوە دەبینرا، کە دێهاتییەکان بۆ ناو باخچە بچووکەکانیان کۆیان دەکردەوە. وەزعی ئێرە بەمجۆرە بوو: سێ چارەگی دەڤەرەکە بەردو تاوێر بوو، شاریان لێ دروست دەکرد، گەشەیان دەکرد، ئەوجا نەدەمان. پیاوان پێیدا تێدەپەڕین،



ئاشقێنی- یان دەکرد، شەڕیان دەکردو ئەوجا گیانیان لە دەست دەدا. چ کەسێک لەم بیابانەدا، نە ئەو، نە میوانەکەی بایەخیان نەبوو. ئەوجاش دارۆ دەیزانی کە هیچ کەسێک لەو دووە نەیدەتوانی لە دەرێی ئەو بیابانەدا بەڕاستی بژی.

کاتێ هەستا، چ دەنگێک لە پۆلەکەوە نەدەهات. وەیزانی کابرای عەرەب هەڵاتووەو ئێدی پێویست بەوە ناکات بڕیار بدات، هەستی بەشادییەکی سەیر دەکرد. بەڵام زیندانییەکە لەوێ بوو، لە بەینی سۆپاکەو مێزەکەدا راکشابوو، چاوانی بڕی بوونە بنمیچەکە. لەو حاڵەدا لێوە ئەستوورەکانی زەقتر دیار بوون و رقی مرۆڤیان هەڵدەستاند. دارۆ وتی: وەرە.

کابرای عەرەب هەر هەستاو شوێنی کەوت. چوونە ژووری نووستن، مامۆستا کورسییەکی نزیکی مێزەکەی بەر پەنجەرەکەی پێ نیشاندا. کابرای عەرەب بێ ئەوەی چاو لە دارۆ هەڵگرێ، لەسەری دانیشت.

– برسیتە؟

زیندانییەکە وتی: بەڵێ.

دارۆ مێزێکی دوو نەفەری رێک خست. ئاردو رۆنی هێنا، لە تاوەیەکدا کێکی دروست کرد. تەباخێکی گازی پێکرد. کێکەکەی خستە سەری و خۆی بۆ عەمارەکە چوو. پەنیرو هێلکە، خورماو شیری خاوی موعەلەبی هێنا. کە کێکەکە ئامادە بوو، و پێگەیی لەسەر رەفەی پەنجەرەکە داینا تا سارد ببێتەوە. تۆزێ شیری خەستی بە ئاو روون کردەوەو گەرمی کرد. هێلکەکانی تێک هەڵشڵەقاندو هێلکەو رۆنی دروست کرد. کە کاری دەکرد، دەستی بەر دەمانچەکەی بەرکی راستی کەوت. قاپەکەی لە زەوی دانا. چوو بۆ ژووری پۆلەکە. دەمانچەکەی خستە چاوی مێزەکەوەو هاتەوە بۆ ئەم ژوورە. تاریکی شەو دەستی پێکردبوو. چرای هەڵکردو خواردنی بۆ کابرای عەرەب دانا، وتی: بخۆ.

کابرای عەرەب، پارچەک کێکی هەڵگرت. بە تامەزرۆییەوە بۆ دەمی برد، بەڵام راوەستا. پرسی: ئەدی تۆ ناخۆی؟

– تۆ جارێ بخۆ، من دوایی دەخۆم.

لێوە ئەستوورەکانی تۆزێ کرانەوە. هەڵوەستەیەکی کرد، ئەوجا بێ چەندو چوون قەپی بە کێکەدا کرد. کە لە نان خواردن بووەوە، کابرای

عەرەب روانییە مامۆستاو وتی: تۆ قازیت؟
– نەء، من تەنیا تا سبەینێ رات دەگرم.
– ئەدی بۆچی لەگەڵ مندا نان دەخۆی؟
– چونکە برسیمە.
کابرای عەرەب بێ دەنگ بوو. دارۆ هەستا، قەرەوێڵەیەکی سەفەری لە عەمبارەکە هێناو لە نێوان مێزەکەو سۆپاکە چاکی کرد. بە جۆرێ داینا کە لەگەڵ قەرەوێڵەکەی خۆی گۆشەیەکی قائیمی دروست دەکرد. دوو پەتۆی لە جانتایەکی گەورەی سوچێکی ژوورەکە دەرهێناو لەسەر قەرەوێڵە سەفەرییەکە رای خستن. ئەوجا هەڵوەستەیەکی کرد. بیری کردەوە کە بۆچی ئەم کارانە دەکات. لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی دانیشت. چ کارێکی دی نەبوو تا بیکا چ شتێکی دی نەبوو تا ئامادەی بکات. چاوانی برییە کابرا. دەیڕوانییە ئەوو هەوڵی دەدا دەموچاوی ئەو بە تووڕەیی بێنێتە بەرچاوی خۆی. بەڵام بێ سوود بوو. جگە لە دەمێکی چوون زاری حەیوان و چاوانی رەشی بریقەدار چ شتێکی دی نەدەدی. بە دەنگێکی دوژمنانەی ئەوتۆ کە کابرای عەرەبی سەرسام کرد،
پرسی: بۆ کوشتت؟
کابرای عەرەب رووی وەرگێڕا
– هەڵات و منیش دوای کەوتم.
دووبارە روانییە چاوانی کە لەلێوان لێوی پرسیاری خەم بزوێن بوون.
– چم لێ دەکەن؟
– دەترسیت؟
راست دانیشت و رووی وەرگێڕا
– پەشیمانی؟
کابرای عەرەب بەزاری بەشەوە لێی روانی. پێدەچوو سەری لە قسەکانی ئەو دەرنەکردبێ. دارۆ زیاتر تووڕەبوو. وێڕای ئەوەی کە کەلەشی زەلامی بەزەحمەت لەنێو هەردوو قەرەوێڵەکەدا جێی دەبووەوە، هەستی بە نارەحەتی و نائەمنی دەکرد. بە نارەحەتییەوە وتی: لێرە بخەوە، ئەمە جێی تۆیە.
کابرای عەرەب خۆی نەبزوت. رووی کردە دارۆ وتی:



– دەمویست پرسیارێک بکەم؟
مامۆستا لێی روانی:
– سبەی جەندرمەکە دێتەوە؟
– نازانم.
– تۆ لەگەڵمدا دێی؟
– نازانم، بۆچی؟
زندانییەکە هەستا. لەسەر جێگەکەی خۆی راکشا. لاقەکانی روو لە پەنجەرەکە بوون. تیشکی گڵۆپەکە راستەوخۆ لە چاوانی دەدا. ئەویش یەکسەر نوقاندی.
دارۆ لە کەنار قەرەوێڵەکەدا وەستاو دووبارە وتی: بۆچی؟
کابرای عەرەب چاوی لەبەر تیشکە توندەکەدا کردەوەو روانییە ئەو، هەوڵی دا چاو نەتروکێنێ، وتی: تۆش لەگەڵماندا وەرە. دارۆ، تا نیوەشەویش هەر خەو نەچوو بووە چاوانی. تەواو خۆی رووت کردبووەو لەسەر قەرەوێڵەکە راکشابوو، هەموو جار هەر بە رووتی دەنووست. کەچی وەختێ بیری لەوەکردەوە کە هیچی لەبەر نییە، دوچاری گومان و دوو دڵی بوو. هەستی بەنائەمنی کرد. کەوتە وەسوەسەی ئەوەی کە جل لەبەر بکات. ئەوجا شانەکانی هەڵتەکاند. ئاخر خۆ ئەو منداڵ نەبوو، ئەگەر کار بهاتبایەتە سەر راستی دەیتوانی حەریفەکەی بکات بە دوو لەتەوە. لەسەر قەرەوێڵەکەیەوە چاوی برییە ئەو، کابرای عەرەب بە پشتا نووستبوو. چاوەکانی نوقاند بوون و جوڵەی لێوە نەدەهات. دارۆ، کاتێ کە گڵۆپەکەی تەمراند، چڕیی تاریکییەکە چەند بەرانبەر بوو. شەو بەرە بەرە لەنێو پەنجەرەکەوە کە ئاسمانی بێ ئەستێرە بە ئارامی لە بزاڤدا بوو، دووبارە گیانی وەبەرکەوتەوە. زۆری نەبرد، مامۆستا چاوی بە تاریکییەکە راهات و توانی کابرا عەرەبەکە لەسەر جێگایەکەی خۆی بنوێنێ. کابرای عەرەب دیسان بێ جووڵە بوو، بەڵام لەوە دەچوو چاوی کراوە بێ. کزە بایەک بە دەوری قوتابخانەکەدا هەڵیکرد. پێدەچوو هەورەکان رامالێ و دووبارە هەتاو دەربکەوێ. بایەکە توندی کرد. مریشکەکان تۆزێ پەڕوباڵیان راوەشاندو ئەوجا بێدەنگ بوون. کابرای عەرەب بە تەنیشتا تلی داو پشتی کەوتە دارۆ. ئەوجا دارۆ گوێی بۆ دەنگی هەناسەی میوانەکەی کە قووڵترو رێک تر

دەبوو، هەڵخست، گوێی بۆ ئەو هەناسانە هەڵخست کە زۆر لێوەی نزیک بوون. ئەوجا بێ ئەوەی بتوانێ چاوان لێک بنێ لە فکرانڕا چوو. ئا لەم ژوورەدا کە ساڵێک بوو بە تەنیا لێی دەنووست، بوونی ئەم کابرا عەرەبەی لەبەر گران بوو. ئامادە بوونی ئەو، جۆرە برایەتییەکی بەسەردا دەسەپاند کە لەو وەزع و حاڵەدا پێی قبوڵ نەدەکرا. ئەو پیاوانەی کە پێکەوەو لەژێر یەک بنمیچدا بەسەر دەبەن، سەربازان یان زیندانییان، بە هەموو ناکۆکییەکیانەوە، هەست بەجۆرە نزیکییەکی سەیر دەکەن، هەموو شەوێ کە چەک و جلەکانیان دادەنەن، لە تۆ وایە لە هاوبەشی دێرینە خەون و ماندووبوندا دەبن بەیەک، بەڵام دارۆ، بەخۆیدا هاتەوە، لەم بیرانە بێزار بوو، پێویستی بە خەو بوو.

بەڵام دوای تۆزێک کە کابرای عەرەب کەمێک جووڵا، مامۆستا هێشتا نەخەوتبوو. کاتێ کە زیندانییەکە دووبارە جووڵا، ئەو گوێ قوڵاغ بوو، خۆی ئامادەکرد. کابرای عەرەب وەک یەکێک بەدەم خەوەوە بڕوات، تۆزێک لەسەر باسکەکانی بەرز بووەوە.

ڕاست و قیت لەسەر قەرەوێڵەکە ڕونیشت. بێ ئەوەی ڕوو بکاتە دارۆ، بێ جووڵە چاوەڕێی کرد. دەتوت بەوردی گوێی دەگرت. دارۆ لە جێی خۆی نەجووڵا. لە پڕ بیری کەوتەوە کە دەمانچەکەی هێشتا لە چاوی مێزەکەدایە. چاکتر وابوو یەکسەر دەست بەکار بێ. بەڵام هێشتا چاودێری زیندانییەکەی دەکرد کە بەهەمان ڕەفتاری ئارام پێیەکانی نایە سەر زەوییەکە. دیسان چاوەڕوانی کرد، ئەوجا هێدی هێدی بە پێوە وەستا. دارۆ دەیویست بانگی بکات. بەڵام ئەو زۆر ئاسایی و بەبێدەنگی دەستی بەڕۆیشتن کرد. بەرەو ئەو دەرگەیە دەچوو کە لەوسەری ژوورەکە بوو، بەسەر کەپرو عەمارەکەدا دەکرایەوە. زۆر بە ئەسپایی دەرگاکەی کردەوە، وەدەرکەوت و دەرگاکەی پاڵنا بێ ئەوەی دای بخات.

دارۆ نەجووڵا، بیری کردەوە: «هەڵدێ. زۆر چاکە. سەرم ڕەحەت دەبێ!» لەگەڵ ئەمەشدا، بەوردی گوێی دەگرت. مریشکەکان نەیان قریشکاند. دیارە گەییوەتە هەڵەتەکە. دەنگی شوڕە شوڕی ئاوی هاتە گوێ، هێشتا نەیدەزانی چ دەکات کە کابرای عەرەبی لە نێو ئاستانەی دەرگاکەدا بینی. دەرگاکەی بە ئەسپایی داخست و



بەبێدەنگی بەرەو قەرەوێڵەکەی هات. ئەوجا دارۆ، پشتی تێکردو خەوت.

لە غوڕابی خەودا بوو کە وای هەست دەکرد لە دەورووبەری قوتابخانەکەدا دەنگی دزە هەنگاوان دەژنەوێ.

لە دڵی خۆیدا وتی: **(چ نییە خەون دەبینم خەون!)** هێشتاش هەر لە خەودا بوو.

کاتێ بێدار بووەوە، ئاسمان ساف بوو، هەوایەکی پاک و فێنک لە پەنجەرەکەوە وەژوور دەکەوت. کابرای عەرەب لەژێر نوێنەکاندا خۆی گرمۆڵە کردبوو. زاری بەش کرد بووەوەو بەو پەڕی ئاسودەیی خەوت بوو. بەڵام کە دارۆ رای تەکاند، بە ترسەوە لە خەو راچڵەکی و بە چاوانی پڕ نیگەرانییەوە لە دارۆ راما. دەتوت یەکەمجارە ئەو دەیبینێ. ترسێکی وەها لە سیمایدا بەدی دەکرا کە دارۆ پاشەو پاش کشایەوە.

– مەترسە. منم. وەختی تاشتە. کابرای عەرەب سەری لەقاندو وتی: باشە. سیمای ئارام بووەوە، بەڵام نیگای هەر نیگەران بوو.

قاوە ئامادەبوو. هەردووکیان لەسەر قەرەوێڵە سەفەرییەکە دانیشتان و قاوەو کێکیان دەخوارد. ئەوجا دارۆ کابرای عەرەبی بۆ ژێر کەپرێک برد، دەستشۆرێکی نیشان دا تا دەستەکانی بشوات.

گەڕایەوە ژوورەکە. نوێنەکان و قەرەوێڵە سەفەرییەکەی هەڵگرت. قەرەوێڵەکەی خۆی چاک کردو ژوورەکەی کۆکردەوە.. ئەوجا بەنێو پۆلەکەدا چوو بۆ بەر هەیوانەکە. هەتاو بە بەرۆکی ئاسمانی شینەوە، روناکییەکی هێدی و درەخشانی بەو هەڵەت و بانە چۆڵەدا پەخش دەکرد. بەفرەکە، لەسەر بەرزاییەکان و لێرەو لەوێ دەتوایەوەو بەردەکان بەرە بەرە بەدیار دەکەوتن.

مامۆستا لەبەر هەیوانەکەدا وەستابوو، باڵدوچی بیر کەوتەوە، خراپ رەنجاند بووی، بەجۆرێ وەدەری نا وەک بڵێی نەیەوێ جارێکی دی پێوەندی لەگەڵیدا هەبێ. دوعا خوازی جەندرمەکە، هێشتا لە گوێیدا دەنگی دەدایەوەو بێ ئەوەی هۆیەکەی بزانێ هەستی بە نارەحەتی دەکرد. لەم کاتەدا زیندانییەکە لەو سەری قوتابخانەکەوە کۆکی. دارۆ، بێ ئەوەی بیەوێ گوێی بۆ دەنگی ئەو رادێرا، ئەوجا بە توورەیی بەردێکی هاویشت. بەردەکە بەگڤە گڤ لە

بەفرەکەدا رۆچوو. تاوانی گەوجانەی کابرا ئەوی بێ تاقەت کرد بوو.
بەڵام تەسلیم کردنی کارێکی ئابڕوومەندانە نەبوو. تەنانەت
بیرکردنەوەش لەم کارە، هەستی سووک بوونی لەلای دروست دەکرد.
لە هەمان کاتدا کە لە دڵی خۆدا جوێنی بەوانە دەدا کە کابرای
عەرەبیان بۆ لای ئەو ناردبوو، جوێنی بە کابرای عەرەبیش دەدا کە
پیاوی کوشتبوو، راینەکردبوو. دارۆ هەستا. بە دەوری هەیوانەکەدا
سووڕایەوە. هەڵوەستەیەکی کردو ئەوجا بۆ ناو قوتابخانەکە
گەڕایەوە.

کابرای عەرەب لای کەپرەکەدانەوی بووەوەو بەدوو قامکان
دانەکانی دەشت، دارۆ لێی روانی و وتی: وەرە.

ئەوجا لە پێش کابرای عەرەبدا چوو بۆ ژوورەوە. لەسەر چاکەتەکەی
خۆیەوە چاکەتێکی راوی لەبەر کرد، پێڵاوی جەوەڵی لەپێ کرد.

ئەوجا وەستاو چاوەڕوانی کرد تا کابرای عەرەب چەفییەکەی و
نەعلەکانی لەپێ بکات. چوونە ژووری پۆلەکەوە. مامۆستا ئاماژەی
بۆ دەرگەی دەرەوە کرد وتی:

– برۆ.

کابرای عەرجەب نەجووڵا. دارۆ وتی: منیش دێم.

کابرای عەرەب وەدەرکەوت. دارۆ، گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی
کیسەیەکی پڕ کرد لە نان و خورماو شەکر. بەر لەوەی بڕوات تۆزێک
لەبەردەم مێزەکەیدا وەستا. ئەوجا لە دەرگەوە وەدەرکەوت وقفڵیدا.
وتی: رێگەکە لێرەوەیە.

رێگەی خۆرهەڵاتی گرتەبەرو کابرای عەرەبیش شوێنی کەوت..

بەڵام کە تۆزێ لە قوتابخانەکە دوورکەوتنەوە، وای هەست کرد
گوێی لە دەنگێکی سووک بوو. وەستا. روانییە دەوروبەری
قوتابخانەکە، چ کەسێکی لەوناوە نەبینی. کابرای عەرەب کە دیار
بوو، هیچ حاڵی نەبوو بوو، لەوی دەڕوانی. دارۆ وتی: رێکە!
سەعاتێکی تەواو رێیان کرد و ئەوجا لە پاڵ بەرزاییەکی قسڵ دا
لایان دا. بەفران خێراتر دەتوانەوەو هەتاو دەم و دەست ئاوی چاڵ و
گۆلەکانی دەخواردەوە.

ئەو دەشت و هەڵەت و بانەی کە بەلەز وشک دەبووەوەو، وەک
هەوا دەلەرییەوە. کە دووبارە کەوتنەوە رێ، دەنگی پێیان دەنگی



دەدایەوە. جار جارە باڵندەیەک لەبن پێیان هەڵدەفڕی و بە دەنگێکی
خۆش، ئەو بێدەنگییەی دەشڵەقاند. دارۆ، پڕ بەسییەکانی هەوای
تازەی بەیانی هەڵدەمژی. بە دیتنی ئەو دەشت و هەڵەتە بێ سنوورە،
کە ئێستە لە سای ئاسمانی شیندا، سەرانسەر زەرد بوو، حاڵی
لێدەهات. ئەوجا رووەو باشوور بە هەورازەکەدا هەڵگەڕان و یەک
سەعاتی دی رێیان کرد. گەیینە شوێنێکی بەرزی هەموار کە
بەردەکانی لە حاڵی کەوتن و هەرەسدا بوون. لەوێ بەولاوە ئیدی
نشێوی دەستی پێدەکردو لەلای رۆژهەڵاتەوە دەگەییە دەشتێکی نزم
کە چەند درەختێکی باریکی لێ روابوو. لەلای باشوورەوە بە چەند
چینە تاوێرێک کۆتایی دەهات کە دیمەنێکی تێکەڵ و پێکەڵی بەو
دەڤەرە دەدا. دارۆ، بە هەردوولادا هەڵیڕوانی. تا چاو بڕی دەکرد
ئاسمانی بێ کۆتایی بوو. تاقە بەنی بەشەرێک بەرچاو نەدەکەوت.
دارۆ، ئاوڕی لە کابرای عەرەب دایەوە کە سەرسام لەوی دەڕوانی.
کیسەکەی بۆ درێژ کردو وتی: بیگرە، ئەمە خورماو نان و شەکرە.
بەشی دوو رۆژان دەکات.

ئەمەش هەزار فرانک بۆ خۆت.

کابرای عەرەب پریاسکەکەی وەرگرت. هەردووک دەستی
بەسنگییەوە قەرساند بوو. دەتوت نەیدەزانی چییان لێ بکات.
مامۆستا ئاماژەی بۆ رۆژهەڵات کردو وتی: سەیرکە، ئەم رێیە دەچێت
بۆ تنجویت. دوو سەعات دەبێ. ئەوجا دەگەیە مەخفەری پۆلیسی
تنجویت، لەوێ چاوەڕانت دەکەن.

کابرای عەرەب کە هێشتا پریاسکەو پارەکەی بەسنگییەوە
قەرساند بوو، بەرەو رۆژهەڵات هەڵیڕوانی. ئەوجا دارۆ قۆڵی گرت
و هەندێ بە توندی بەرەو باشوور وەری چرخاند. کوێرە ریەک بە
داوێنی ئەو بەرزاییەوە کە لی وەستا بوون، دەبینرا: ئەمەش رێیەکە
بە هەڵەت و دەشتەکەدا تێدەپەڕێ. لێرەوە بە رۆژێک دەگەیە ماڵە
مەرداڕەکان. جا ئەوانە بەپێی داب و نەریتی خۆیان جێت دەکەنەوەو
پەنات دەدەن.

کابرای عەرەب کە بۆ لای دارۆ گەڕابووەوە، ترسێکی سەیر
نیشتبووە سیمای. وتی: گوێ بگرە.

دارۆ، سەرێکی لەقاندو وتی: نا، قسە مەکە،من ئیدی

دەگـــەڕێمـــەوە. پشـــتی کـــردە ئەوو دوو هەنگاوی هەڕاوی بەرەو قوتابخانەکە هەڵنا. ئەوجا بەپەلە تەمەشایەکی کابرای عەرەبی کرد کە رەق راوەستا بوو. دیسان کەوتەوە رێ. بۆ چەند چرکەیەک جگە لە دەنگ دانەوەی دەنگی هەنگاوەکانی خۆی چ شتێکی نەژنەوت و ئاوڕی نەدایەوە. بەڵام دوای تۆزێک گـەڕایەوە. کـابرای عـەرەب هێشتا هەر لەجێی خۆی وەستا بوو. دەستی هێنابوونە خوارەوەو لە مامۆستای دەڕوانی. دارۆ هەستی کرد شتێک ئەوکی گرتووە. بەڵام کە لە هەموو شتێک بێزار بوو بوو، دەستەکانی هەڵتەکاندو دووبارە کەوتەوە رێ. ماوەیەک رۆیی، دیسان وەستا روانی. کابرای عەرەب دیار نەبوو.

دارۆ، گومانی پەیدا کرد. هەتاو گەیبووە ناوەندی ئاسمان و رێک لەسەری ئەوی دەدا. مامۆستا لە پێشدا بەنا بەدڵی و پاشان بە دڵنیایەوە گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی کابرای عەرەبی لێ بەجێ هێشت. وەختێ گەیییە لای بەرزاییەکە ئازای لە ئارەقەدا هەڵکشابوو. بە پەلە بە بەرزاییەکەدا هەڵگەڕا، کە گەییە ترۆپکی بەرزاییەکە هەر ئەوەتا هەناسەی پێ دەدرا. تاوێرە بەرزەکانی باشوور چووبوون بە ئاسمانا، بەڵام لە هەڵەت و دەشتەکەی رۆژهەڵاتەوە، هەڵمی گەرما بە حەوادا دەچوو. دارۆ، لە نێو تەنکە تەمەکەوە بەدڵێکی غەمگینەوە دەیڕوانیە کابرای عەرەب کە رێگەی زندانی گرتبووە بەر.

مامۆستا. دوای تۆزێک، لەبەر پەنجەرەی پۆلەکە وەستابوو، لەو رووناکییە بێگەردەی دەڕوانی کە سەرانسەری دەشت و هەڵەتەکەی بەبێ جیاوازی لەئامێز گرتبوو. بەڵام چ شتێکی نەدەدی. تۆزێ پێشتر، لە پشتییەوە، ئەو رستەیەی خوێندبووەوە کە لەنێو رووبارە پێچاو پێچەکانی فەرەنساداو بە خەتێکی نارێک و پێک و بە پەلە بە دەباشیر نووسرابوو: (براکەمانت تەسلیم کرد، خۆت دەبینییەوە).

روانییە ئاسمان، روانییە دەشت و هەڵەتەکەو ئەولاتر کە تا کەناری دەریا دەکشا. ئا لەم وڵاتە بەرینەدا، لەم دەڤەرەدا کە زۆری خۆش دەویست، تەنیا بوو.



## هەڵسەنگاندنی چیرۆکی میوان

**نووسینی: لایونل تریلینگ**

کە دەقی ئینگلیزی ئەم چیرۆکە لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەیدا، کە فەرەنسییە بەراورد بکرێ، ئەوە بەدیار دەکەوێ کەوەرگێڕەکەی، یەکجار وردو کارامە کارەکەی خۆ ئەنجام داوە.

بەڵام لەیەک خاڵی بچووک و لە هەمان کاتدا گرینگ، سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. نەیتوانیوە بۆ عینوانی چیرۆکەکە هاوواتایەکی گونجاوی ئەوتۆ بدۆزێتەوە کە هەمان ئەو واتایە بگەیەنێت کە لە زمانە فەرەنسییەکەدا دەیگەیەنێت. بەهەر حاڵ، چونکە وشەیەکی ئینگلزی ئەوتۆ نیە کە بتوانێ مانای وشەی (ئوت hote) کە هەم بە مانای میوان، هەم بە مانای خانەخوێ دێت، بگەیەنێ، بۆیە برادەری وەرگێڕ زۆر جێگەی گلەیی نییە.

ئەم بابەتە کە وشەیەک هەم مانای میوان و هەم مانای خانەخوێ بدات، نادیارە و نابێتە مایەی شێواندن و بە مەتەڵ بوونی مەبەستی قسەکەر، ئەگەر، ئەگەری هەڵە لە ئارادا بوایە، نووسەرە فەرەنسییەکە وشەیەکی بەکار دەهێنا کەرێک مانای میوانی بگەیاندایە. لەگەڵ ئەمەشدا خوێنەری فەرەنسی کاتێ کە تووشی عینوانی چیرۆکەکەی کامۆ دەبێ نازانێ کام واتا پەسند بکات، تەنانەت پاش تەواو کردنی چیرۆکەکەش تەواو دڵنیا نییە کە عینوانەکە ئاماژەیە بۆ خانەخوێ کە مامۆستا فەرەنسییەکەیە، یان ئاماژەیە بۆ میوان کە کابرای عەرەبی زیندانییە.

ئەلبێر کامۆ، ئەم ئیبهامەی مەبەست بووەو لە نامەیەکدا کە بۆ جوستین ئوبراین-ی وەرگێڕی چیرۆکەکەی ناردووە، داخی خۆی سەبارەت بەوەی کە زەرووڕەتی وەرگێڕان، ئێبهامەکەی لابردووە، دەربڕیوە. تێگەیشتن لەم داخ خواردنەی کامۆ ئەوەندە قورس نییە، چونکە مانای دوولایەنی عینوانی چیرۆکەکە، هەموو مەبەستی چیرۆکەکەی گرتۆتە خۆی. مامۆستاکەو کابرای قاتیل لە روانگەی ویژدان و شارستانییەوە لەدوو جەمسەری موخالیف دان و کاتێ کە دارۆ ناچار دەبێ کابرای عەرەب وەک زیندانییەک لای خۆی گل بداتەوە، پێوەندی هەر یەکێکیان سەبارەت بەوی دی دەگۆڕێ بۆ

پێوەندییەکی دوژمنانە. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، رەفتاری دارۆ ئەم حاڵەتە دەگۆڕێ. لەبەر ئەوەی کابرای عەرەب لەلای خۆ گل دەداتەوە، ناچار دەبێ خواردنی بداتێ و جێگەی بۆ دابین بکات. هەر ئەم رەفتارە میوان پەروەرانەیەی ئەوێ کە نیگەرانی و تەنانەت سۆزی ئەو دەوروژێنێ. کابرای عەرەب بەرە بەرە بۆی بەدیار دەکەوێ کە مامۆستاکە پشتیوانی ئەوە. بۆ هەر یەکێک لەم دوو پیاوە، وێڕای جیاوازییان، دەشێت هەمان تاک وشەی عینوانەکە بەکار ببرێ: هەر یەکێکیان (میوان)ی ئەوی تریانە. لەنێو زۆر خەڵکدا (نان ونمەک کردن)ی میوان و خانەخوێ، پێوەندییەکی مکوم لە بەینیاندا چێدەکات.. پێوەندییەک کە ناشێت پێشێل بکرێ. بەڵام ئەوەی دارۆ هەستی پێدەکات، رێزگرتنی ئەم داب و نەریتە باوە نییە، بەڵکو ئەو لە روانگەی کۆمەڵێ سۆزی هەڵقووڵاوی دەروون و ناخی خۆیەوە ئەم دابە دەپارێزێ.

سۆزو گودازێک کەلێوان لێوە لە هەوێنی ئینسانی و ئەو لە هەموویاندا لەگەڵ میوانەکەیدا بەشدارە. هەروەها شان بەشانی یەکدی هەندێ کاری زەروری ژیان، وەک: خواردن، خەوتن، ریتن و میزتن و دەست و چاو شتن، ئەنجام دەدەن.

پێوەندی نێوان ئەم دوو پیاوە هەمیشە دەبێ کەم بێ و وەک دیارە کەمیشە. بەڵام شتە هاوبەشەکانی نێوانیانیش کەم نییە و بگرە زۆریش فرەیەو دارۆ هەست بەمە دەکات و دەیەوێ چاکەیەکی گەورەو مایەی سەرنج بکات. ئەو زەمینە بۆ هەڵاتنی کابرای عەرەب خۆش دەکات و ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەنجامی پڕ خەتەری بۆ سەر ژیانی ئەو لێدەکەوێتەوە.. لەوەیە سزای ئەم کارە نەقڵ کردنی ئەو بێ لەم شوێنەی کە ئەو خۆشی دەوێ و پابەندییەتی، یان لەوەیە هەر لەوەزیفەی دەوڵەتی دەربکرێ.

ئەو چاکەیەی کە رەنگدانەوەو نیشاندەری هەستی میوان پەروەری دارۆیە، بەرەنجامێکی وەهای نییە. میوانە عەرەبەکە بەهەر تاوانێ دەستگیر کرابێ، کابرایەکی زەبوون و داماوەو کاتێک دارۆ، دەرفەتی بۆ دەرەخسێنێ کە پەنا وەبەر سارانشینانی باشوور بەرێ و لە قەڵەمڕەوی یاسایی فەرەنسا دەربچێ، رووبەڕووی قبووڵ نەکردنی ئەو دەبێتەوە. ئەو باوەڕی بە داب و نەریتی میوان پەروەری ئەو



سارانشینانە نییە کە دارۆ، بیری ئەویان دەخاتەوە.

پێدەچێ لێپرسراوانی فەرەنسی کە بڕیارە مەحکەمەی بکەن بەلای ئەمەوە خەتەریان کەمتر بێ وەک لە خەتەری سارانشینانی نەناسراو.

ئەو ئارەزوومەندانە دەڕوات بۆ مەخفەری پۆلیس تا خۆی تەسلیم بکات.

**ئیبهامی وشەی (ئوت) تەنیا بەمانای دوو لایەنی میوان و خانەخوێ پەیوەست نییە. ئەگەر بە مێژووی ئاڵۆزی ئەم وشەیەدا بچینەوەو ریشەی وشەکە لە زمانی لاتینیدا بدۆزینەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە مانای نامۆو دوژمن-یش دەگەیەنێت. کاتێ کە دارۆ بۆ پۆلەکە دەگەڕێتەوەو هەڕەشەی کەسوکارەکانی کابرای عەرەب لەسەر تەختە رەشەکە دەبینێ، ئەوەی بیر دەکەوێتەوە کە ئەو وێڕای ئەوەی نامۆیەکی بەخشندەیە، لە هەمان کاتدا نامۆیەکی خراپە خوازو دوژمنیشە.** دارۆ، لەگەڵ ئەوەدا کە پیاوێکی جەزایری و فەرەنسییە، لە جەزایر لە دایک بووە، کەم و زۆر لەگەڵ عەرەبی ئەوێدا بێ گیروگرفت و سەربەشە ژیاوەو ئەو شوێنەی خۆش دەوێ، کە هەنوکە لەسەر پێیە بۆ شۆرش، بەمەش دەگاتە ئەم ئەنجامەی کە لەم وڵاتەدا شوێنێکی نییە.

لەم دوژمنایەتییە گشتییەدا، کاری دارۆ هەرچەندە لە ئینسانییەتێکی تاکڕەوانەوە هەڵقووڵاوە، چ دەنگدانەوەیەکی نابێ و تەنانەت دەبێتە مایەی نەفرەت و لێک دوورکەوتنەوەش.. ئەو کە داواکانی دەوڵەتی خۆی بەزەبری هاندەرە مرۆڤانییەکان رەت دەکاتەوە، لە هەموو لایەکەوە بە تەنیایی مەحکوم دەبێ.

گۆشەگیری تایبەتی، جۆرە شێوەیەکی ژیانە کە دارۆ بۆی گەڕاوەو بە دەستی هێناوە. ئێمە بە مەزەندە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەزموونی ئەو لە جەنگی جیهانی دووەمدا بۆتە هۆی ئەوەی کە دوور لە کۆمەڵگەو لە زۆر کەس بژی. (دووری لە خەڵکان) بۆ نیشاندانی ئەوەی دارۆ هەستی پێدەکات زۆر روون نییە. ئەو بە گوتەی خۆی بۆیە تەنەوفور لە کابرای عەرەب دەکات چونکە تاوانی کوشتنی ئەنجام داوە، هەروەها تەنەفور لە هەموو کەسێکی کەرب و کین لەدڵ، بوغزاوی و تینووی خوێن رشتن دەکات کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هیچی لەو تەنەفورە کەمتر نییە کە لە ئەنجامی بیری هاوکاری کردنی

لەگەڵ لێپرساوانی دەوڵەتدا هەستی پێدەکات. باڵدوچی جەندرمەش کە لە کارەکەی خۆی (شەرمەزارە) لەم هەستەدا هاوبەشی دارۆیە.. هەڵبەتە دارۆ مرۆڤێک نییە کە ئارمانێکی ئامانجداری لە کەللەدابێ و بیەوێ دژی ئیمپریالیزمی فەرەنسا بوەستێ. خۆ لە گوینە لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی عەرەبەکاندا، هاوشانی فەرەنسییەکان دژی عەرەب بجەنگێ **بەهەر حاڵ، هەست دەکات کە ئەو سەر زەمینەی ئەو بۆ ژیانی خۆی هەڵی بژاردووە چەند هی ئەوە، ئەوەندەش هی عەرەبەکانە؛ بەتایبەتی ئەم دەڤەرە کە هەموو مەرجە ئەخلاقی و گۆشەگیرییەکانی دڵخوازی ئەوی تێدایەو بوەتە مایەی دووری ئەو لە هەموو ئەو خەڵک و کۆمەڵگەیەی کەمایەی نەفرەت و شەرمەزاری ئەون.**

بەلای دارۆوە، پاکی و بێگەردی دەشت و هەڵەتەکە، ڕەسەنایەتی و جوانییەکی ماڵی نەکراوی گرتۆتە خۆ. ئەو بۆیە ئەم دەڤەرەی خۆش دەوێ، چونکە ئەو گۆشەگیرییەی بۆ فەراهەم کردووە کە ئەو پێوستی پێیەتی لەگەڵ هەموو ئەمەشدا بۆی بەدیار کەوتووە کە فاکتەری غەریزی خەمخۆری، بە دەرکردنی ئەو، لە بەهەشتی بێزارکەری گۆشەگیرییەکەی ئەو کۆتایی دێ. ئەم تەنزە توندو خەم بزوێنەی چیرۆکەکەی کامۆ دەست لە بەرۆکمان بەرنادات. ئایا ئەو لەم بیابانەدا کە بەری کێلانی، تەنیا بەردو تاوێرە، جێیەکی بۆ حەوانەوە، دۆزیوەتەوە؟!

* * *

**ئەلبیر کامۆ**

**١٩١٣ - ١٩٦٠**

**کامۆ، بابی فەرەنسی و دایکی ئەسپانییە. لە جەزایر لە دایک بووە. لە ساڵەکانی هەوڵی پاش دووەم جەنگ جیهانی، لەگەڵ ژان پۆل سارتەرو سیمون دی بوڤوار دا گرووپی نووسەران، فەیلەسوفان و ڕەخنەگرانی مولتەزیمی فەرەنسایان پێک هێنا. ئامانجی هاوبەشی ئەمانە خەبتین بوو بۆ بەدەست هێنانی ئازادی، عەدالەت و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ، لە سەردەمی ستەمکارانێکدا کە چاویان بەیەکتردا**



**هەڵنەدەهات.**

**کامۆ، لە ساڵ ١٩٣٥وە، واتا لەو کاتانەوە کە خوێندکاری زانستگەی جەزایر بوو، لە جەنگی بانگەشەییدا دژ بە فاشزم کاری دەکرد. کامۆ لەبەرهەمەکانی خۆیدا مەسەلە گرینگەکانی زەمان، وەک فاشیزم، کۆمەڵکوژی، پاکسازی دڕندانە، ئیمپریالزم، سزای مەرگ، ئەشکەنجە، و جیاوازی ڕەچڵەکی تاوتوێ دەکرد. کامۆ بۆ هەر یەکێک لەم مەسەلانە وەلامێکی ئەخلاقی روونی نیشان دەداو دەیخستە روو. ئەو وەک زۆر ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی، بۆ چوونەکانی خۆی لە دوو قاڵبی گرینگی ئەدەبیدا، واتە ڕۆمان و شانۆنامەدا دەردەبڕی. بەرهەمە سەرەکییەکانی کامۆ بریتین لە شانۆنامەی: کالیگوڵا ١٩٤٤، بەدحاڵی بوون ١٩٤٤، دادپەروەران، هەروەها ئەفسانەی سیزیف ١٩٤٢، مرۆڤی یاخی ١٩٥١ و ڕۆمانی نامۆ ١٩٤٢ و تاعون. بابەتی زۆربەی بەرهەمەکانی کامۆ (پوچییە) واتا (بێ مانا بوونی، بوونی مرۆڤ لە زەویدا) و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە چارەسەرێکی ئیجابی بۆ ئەو مەسەلانە بدۆزێتەوە کە پوچگەرایی نیشانی دەدا.**

**کامۆ لە ئەفسانەی سیزیف دا مرۆڤێک نیشان دەدا کە ناچارە ئەرکێکی پوچ ئەنجام بدات، مرۆڤێک لە هەرەتی ئەنجامدانی ئەرکێکی وەها قورس و دژواریشدا، لەگەیشتن بە بەختەوەری غافڵ نییە، کامۆ، پوچی وەک واقیعێک قەبووڵە، بەڵام بەهەر هەموو ئەو چەکانەی لەبەر دەستیدایە، بەگژیا دەچێت.**

**لە ساڵانی یەکەمی چلەکاندا ١٩٤٠ واقیعی تاڵی داگیر کردنی فەرەنسا لە لایەن سەربازانی ئەڵمانییەوە، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە دیدو روانینی کامۆ بۆ جیهان، دروست کرد. لەمە بەدواوە بەرەبەرە لە زەبرو زەنگی شۆڕشگێڕی و بەتایبەتی لە کۆمۆنیزم و فەلسەفەی مێژووی کۆمۆنیزم دوورکەوتەوەو ئیدی لە سارتەرو دۆستەکانی دابڕاوی مرۆڤی یاخی نووسی. مرۆڤی یاخی دژایەتییەکی دوو لایەنەی کۆمۆنیزم و ئایینە کە بەزاراوەی فەلسەفی موتوریەکراوە. بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە لە ١٩٥٢دا بووە هۆی دەست پێکردنی موجادەلەی توند لەنێوان کامۆو سارتەر کەبە هاوپەیمانی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا دەژمێردرا، کامۆ لە بواری کورتە چیرۆکیشدا**

**هەر نووسەرێکی بە تواناو گەورە بووە. کامۆ لە ساڵی ١٩٦٠دا، لەسەردەمێکا کە سەر گوتارەکانی لە رۆژنامەی نهێنی (نەبەرد)ی رۆژنامەی راپەرینی بەرەڤانی فەرەنسادا، ئومێدی بە جەماوەرێک دەبەخشی کە لەترسی چەکمەی سەربازانی هیتلەر هەناسەیان پێ نەدەدرا، بە کارەساتی ئوتومبێل گیانی لە دەستدا، کامۆ ئەگەر لەم کارەساتەدا نەمردبایە، ئێستە یەکێک دەبوو لە رۆمان نووسە پێشرەوەکانی ئەم سەردەمە.**

**کامۆ، لە ساڵی ١٩٥٧دا، خەڵاتی ئەدەبی (نۆبڵ)ی وەرگرت. ئەم خەڵاتە بۆ پیاوێک کە باوکی وەرزێری ئەم و ئەوی دەکرد و دایکی کارەکەرێکی نەخوێنەوار بوو، دەستکەوتێکی بچووک نییە.**

**تێبینی/ لە هەشتاکانەوە ئەم بەرهەمانەی کامۆم لە فارسییەوە کردون بە کوردی و بە نوسخەی زۆر کەم چاپ و بڵاوم کردونەتەوە:**

**١- نامۆ ٢- دادپەروەران ٣- بەدحاڵی بوون.**



# گردەکان وەکو فیلی سپی وان

**چیرۆکی: هەمینگوای**

گردەکانی ئەوبەری گەلی ئیبرۆ Ebro درێژ و سپی بوون. لەم بەرەوە نە سێبەرێک هەبوو نە درەختێک، وێستگەی نێوان دوو رێز سکە، لە ژێر هەتاودا بوو، لە لایەکی وێستگەکەوە سێبەری گەرمی ئەپارتمانەکە کەوتبوو، و پەردەیەکی بەقەفی مورووی حەیزەران دروستکراو بە دەرکی کراوەی بارەکەوە هەڵواسرابوو تا رێگەی هاتنە ژورەوەی پێشکەنەدات. پیاوێکی ئەمریکایی لەگەڵ کیژەکەی هاورێیی دا، لە سەر مێزێک، لە دەرێی بیناکە، لە سێبەردا دانیشتبوون. دنیا زۆر گەرم بوو و چل دەقیقەی دی قیتاری سەریع لە بەرشەلۆنەوە دەگەیی. لەم وێستگەی یەکانگیری دوو هێڵەدا، دوو دەقیقەیەک دەوێستاو بەرەو مەدرید دەکەوتە رێ.

کچەکە پرسی: «چی بخۆین؟» کڵاوەکەی لەسەری داکەندبوو و لە سەر مێزەکەی دانا بوو.

پیاوەکە گوتی: «دنیا زۆر گەرمە.»

«وا چاکە شتێک بخۆینەوە.»

پیاوەکە رووی کردە پەردەکەو گوتی: «دوس سروساس»* - واتە دوو بیرە-

ئافرەتێک لە ئاستانەی دەرکەکەوە پرسی: «گڵاسی گەورە؟»

«بەڵێ، دوو گڵاسی گەورە.»

ئافرەتەکە دوو گڵاس و دوو ژێر گڵاسی هێنا. ژێر گڵاسەکان و هەردوو گڵاسەکەی لەسەر مێزەکە داناو تەمەشایەکی پیاو و کچەکەی کرد. کچەکە چاوی بڕی بووە دوور، تەمەشای هێڵی گردەکانی دەکرد. گردەکان لەبەر هەتاودا سپی دەچوونەوەو دەوروبەریان قاوەیی و ووشک بوو.

کچەکە گوتی: «وەکو فیلی سپی وان.»

پیاوەکە گڵاسەکەی خۆی هەڵدا: «من قەت گردی سپیم نەدیوە.»

«ئاخر چاوی دیتنت نییە.»

پیاوەکە گوتی: «هەمە. قسەکەی تۆ هیچ شتێک ناسەلمێنێ.»

کیژە روانییە پەردەکە، گوتی: «لەسەر پەردەکە بە بۆیە شتێکیان نووسیوە، مانای چییە؟»

«ئەنیس دل تورو- Anisdel Toro»

«تاقی بکەینەوە؟»
پیاوەکە لە پشت پەردەکەوە بانگی کرد: «وەرنە ئێرە.» ژنی بارەکە هاتە دەرێ.
«دەکاتە چوار ریال.»
«دوو ئەنیس دل تورومان دەوێ.»
«لەگەڵ ئاودا؟»
«تۆ ئاو دەخۆی؟»
کیژە گوتی: «نازانم. بە ئاوەوە خۆشە؟
«خۆشە.»
ئافرەتەکە پرسی: «بە ئاوەوە دەخۆیت؟»
«بەڵێ، بە ئاوەوە.»
کچە گوتی: «تامی شیرین بیان دەدات» وگلاسەکەی لەسەر مێزەکە دانا.
«هەموو شتێک هەمان تامی هەیە.»
کچە گوتی: «بەڵێ، هەموو شتێک تامی شیرین بەیان دەدات بە تایبەتی ئەو شتانەی کە بنیادەم دەمێ بێ بە تەمایان بێ. وەکو ئەفسەنتین.»
بەسە ئیدی کچە گوتی: «تۆ دەستت پێکرد. دەنا من خۆشم لێدەگوزەرا.»

«چاکە، واز بێنە با بەخۆشی بیبەینە سەر.»
«زۆر چاکە، من هەروام دەکرد. هات بە دەمماو و گوتم، کێوەکان وەکو فیلی سپی وان، ئەمە قسەیەکی خراپ بوو؟
«نەء»
«حەزم دەکرد ئەم خواردنەوە تازەیە تاقی بکەمەوە، هەر هەموو ئێمە مانان ئەم کارە دەکەین. تەمەشای شتان دەکەین، خواردنەوەی تازە تاقی دەکەینەوە، لەمە زیاترە؟»
«پێم وایە هەروا بێ.»
کچە روانییە گردەکان.
گوتی: «گردی جوانن. زۆریش لە فیلی سپی ناچن. یانی بنیادەم کە لە پشت درەختەکانەوە بڕوانێ سپی دێنە بەرچاوی.»
«یەکێکی دی بخۆینەوە؟»
«باشە.»
بایەکی گەرم پەردەمورووەکەی بەرەو مێزەکە جولاند.



پیاوەکە گوتی: «خواردنەوەی سارد خۆشە.»
کچە گوتی: «عالە.»
پیاوەکە گوتی: «جگ Jig»، باوەڕ بکە، عەمەلیاتێکی زۆر ئاسان و سادەیە، باوەڕ بکە ناکرێ هەر ناوی عەمەلیاتی لێ بنرێ.»
کچە، روانییە ئەو زەوییەی کە پایەکانی مێزەکەی لەسەر بوو.
«جگ، دەزانم کە گوێ لە قسەکەم ناگری، بەلا باوەڕ بکە ترسی نییە. تەنیا هەوا دەکەنە ژوورەوە.»
کچە تاقە حەرفێکی نەگوت.
«من لەگەڵتدا دێم و تا چەند درێژە بکێشێت لات دەمێنمەوە، تەنیا هەوا دەکەنە ژوورەوەو ئێدی وەکو ئەوەی هەر هیچ نەبووبێ.»
«پاشان چی بکەین؟»
«بەخۆشی رادەبوێرین. رێک وەکو سەرەتا.»
«لەبەر چی وا بیر دەکەیەوە؟»
«ئاخر، ئەمە تاقە شتێکە کە لێمان بووە بە موی لوت. تاقە شتێکە کە بووە بە کۆسپی سەر رێی بەختەوەری ئێمە.»
کچە روانییە پەردە مورووییەکە، دەستی درێژ کردو دوو رست مورووی گرت.
«لات وایە کاروبارمان چاک دەبێت و بەختەوەر دەبین؟»
«هەڵبەتە، ترسی ناوێ. زۆرکەس دەناسم کە ئەم کارەیان کردووە»
کچە گوتی: «کەواتە منیش ئەم کارە دەکەم. گوتت پاشان هەموویان بەختەوەر بوون؟»
پیاوەکە گوتی: «ئەگەر دڵت پێوەی نییە مەجبور نیت. ئەگەر حەز ناکەیت مەجبورت ناکەم. لێ وەکو ئاو خواردنەوەیە.»
«تۆ بەڕاستی حەزدەکەی؟»
«ئەگەر رای منت دەپرسی ئەمە باشترین کارە. لێ ئەگەر بەڕاستی دڵت پێوەی نییە مەجبورت ناکەم.»
«ئەگەر ئەم کارە بکەم تۆ خۆشحاڵ دەبیت و هەموو شتێک وەکو هەوەڵێ لێ دێتەوە، ئەوساکە خۆشت دەوێم؟»
«من ئێستاش خۆشم دەوێیت. بەخۆت دەزانی خۆشم دەوێیت.»
«دەزانم، بەڵام ئەگەر ئەم کارە بکەم و پاشان بڵێم شتەکان وەکو فیلی سپین، ئەوسا هەموو شتێک دووبارە ئاوەڕۆی خۆیان وەردەگرنەوەو تۆ رازی

دەبی؟».

«من رازی دەبم، ئێستاش رازیم؛ بەڵام تەنیا یەک گۆشەی دڵم ناڕازییە. خۆت دەزانی کاتێ نارەحەت بم چ حاڵێکم هەیە.»

«ئەگەر ئەم کارە بکەم ئیدی نارەحەت نابی؟»

«من نارەحەت نیم چونکە بەراستی وەکو ئاو خواردنەوەیە.»

«کەواتە ئەم کارە دەکەم چونکە حاڵی خۆمم بەلاوە مەبەست نییە.»

«دەتەوێ چ بڵێیی؟»

«دەمەوێ بڵێم، حاڵی خۆمم مەبەست نییە.»

«بەڵام بۆ من مەبەستە.»

«چاکە، بەڵام بۆ من مەبەست نییەو دەست بەم کارە دەکەم تا کارو بارمان چاک بێت.»

«ئەگەر وا بیردەکەیەوە نامەوێ ئەم کارە بکەی.»

کچە لە جێی خۆی هەستاو بە پیاسە چوو بۆ ئەوسەری وێستگەکە.

لەو بەرەوە، لە کەناری ئیبرۆدا، مەزرای گەنم و ریزی درێژی درەختان دەبینران. دوورتر، لەو بەری روبارەکە، چیا هەبوون.

سێبەری هەورێک بەسەر گەنمجاڕەکەدا رەت دەبوو و کچە لە پشت درەختەکانەوە دەیڕوانییە روبارەکە.

کچە گوتی: «دەکرا هەموو ئەمانە هی ئێمە بوایەن. دەکرا هەموو شتێک هی ئێمە بوایە لێ رۆژ بەڕۆژ زۆرتر لە خۆمان دوریان دەخەینەوە.»

«گوتت چی؟»

«گوتم دەکرا هەموو شتێکمان هەبا.»

«دەکرێ هەموو شتێکمان هەبێ.»

«نە، ناکرێ.»

«دەکرێ هەموو دنیا هی ئێمە بێ.»

«نەء، ناکرێ.»

«دەتوانین بۆ هەموو جێ یەک بڕۆین.»

«نەء، ناتوانین. ئیدی هی ئێمە نییە.»

«هی ئێمەیە.»

«نە، نییە. کە شتێک لە مرۆڤ دەسەنن ئیدی لێیان سەندووە.»

«هێشتا نەیان سەندووە.»

«ببینین و تەعریف بکەین.»



پیاوەکە گوتی: «بگەڕێوە بەر سێبەرەکە. ئەم بیرو خەیاڵانە مەکە.»

کچە گوتی: «بیرو خەیاڵان ناکەم. من ئاگام لە هەموو شتێک هەیە.»

«نامەوێ کارێک بکەی کە حەز نەکەی.»

کچە گوتی: «تەنانەت کارێک کە لەگەڵ حاڵی مندا نەگونجێ؟ دەزانم، دیسان بخۆینەوە؟»

«باشە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانی کە.......»

کچە گوتی: «من دەزانم. باشتر نییە ئیدی بەردێکی بخەینە سەر؟

لە پشت مێزەکە دانیشتن و کچە چاوی بڕییە گردە ووشکەکانی دۆڵەکەو پیاوەکە روانییە کچەکەو مێزەکە.

پیاوەکە گوتی: «دەبێ ئەوە بزانی کە ئەگەر تۆ حەز نەکەیت من هەر نامەوێ ئەو کارە بکەی. ئەگەر بەلاتەوە مەبەستە، من بە کەماڵی ئیسراحەت و بەوپەڕی خۆشییەوە دەچمە ژێر باری هەموو شتێکی.»

«مەگەر بەلای تۆوە مەبەست نییە؟ دەمانتوانی پێکەوە هەڵکەین.»

«هەڵبەتە مەبەستە. بەڵام من جگە لەتۆ چ کەسێکم ناوێ، کەسێکی دیکەم ناوێ و دەزانم کە وەکو ئاو خواردنەوەیە.»

«بەڵێ بەقسە وەکو ئاو خواردنەوەیە.»

«تۆ هەرچییەک دەڵێیی بیڵێ، بەڵا من دەزانم.»

«دەمەوێ لوتفێک دەرهەق بە من بکەی.»

«هەر کارێک بڵێیی دەیکەم.»

«دەمەوێ تکا بکەم، تکا بکەم، تکا بکەم، تکا بکەم، تکا بکەم، تکا بکەم ببڕەوە.»

پیاوەکە چ قسەیەکی نەکرد، لێ روانییە جانتاکانی پاڵ دیواری وێستگەکە، مۆری هەر هەموو ئەو ئوتێلانەی پێوە بوو، کە شەویان تێدا بەسەر بردبوون.

پیاوەکە گوتی: «من نامەوێ چ کارێک بکەی، ئیدی با باسی نەکەین.»

کچە گوتی: «ئێستا ئیدی دەقیژێنم.»

ئافرەتەکە بە دوو گلاس خواردنەوەوە لە پشت پەردەکەوە دەرکەوت و گلاسەکانی لەسەر ژێر گلاسە تەڕەکان دانا. ئافرەتەکە گوتی: «٥ دەقیقەی دی قیتارەکە دەگات.»

کچە پرسی: «چی گوت؟»

«گوتی ٥ دەقیقەی دی قیتارەکە دەگات.»

کچە لە رووی سوپاسگوزارییەوە، بە رووی خۆشەوە بزەیەکی بۆ ئافرەتەکە کرد.

پیاوەکە گوتی: «چاکتر وایە جانتاکان ببەمە ئەو بەری وێستگەکە.» کچە بزەیەکی بەروویدا دا.

«زۆر چاکە، بەڵام بگەرێوە تا خواردنەوەکەمان تەواو بکەین.»

پیاوەکە دوو جانتا قورسەکەی هەڵگرت و بە دەوری ویستگەی قیتارەکەدا سوڕایەوەو بە پیاسە چوو بۆ ئەو بەری هێڵەکان.

لەو سەری هێڵەکە سەری هەڵبڕی، بەڵام قیتارەکە دیار نەبوو. لە گەڕانەوەدا، لە هۆڵی نۆشینگەکەوە، کە خەڵکی لەوێندەر بەدەم چاوەڕوانی قیتارەوە شتیان دەخواردەوە، تێپەڕی، گلاسێک ئەنیسی خواردەوەو سەیری خەڵکەکەی کرد. هەموویان ماقوڵانە چاوەڕوانیان دەکرد. لە درزی پەردەکەوە چووە دەرێ. کچە، کە لە پشت مێزەکە دانیشتبوو، بزەیەکی بەروویدا دا.

پیاوەکە پرسی: «حاڵت باشتر بوو؟

کچە گوتی: «حاڵم باشە، هیچم نییە. حاڵم باشە.»



## هەڵسەنگاندنی چیرۆکی «گردەکان وەکو فیلی سپی وان»

**نووسینی: لانیل تریلینگ**

ئیرنست هەمینگوای، ئەوە وەیاد دێنێتەوە کە سەرەتا دەستی بە نووسین کردو چیرۆکەکانی پەیتا پەیتا لە لایەن بڵاوکەرەوەکانەوە رەفز دەکرانەوە، چیرۆکەکانیان بۆ دەناردەوەو «لەگەڵ برێک سەرنجدا کە بۆیان نووسی بوو ئەمانە چیرۆک نین و نوکتەن.» یەکێک لەم چیرۆکانە «گردەکان وەکو فیلی سپی وان» بوو. گرینگ ئەوەیە کە بزانین بۆچی بڵاوکەرەوەکانی دەیەی ١٩٢٠ ئەوەیان بە چیرۆک نەدەزانی.

رەنگە یەکێک لە هۆیەکان ئەمە بێ کە ئەوان وایان تەسەور دەکرد چیرۆک بە پلەی یەکەم شتێکە کە «دەگوترێ» یان «دەگێڕدرێتەوە» لە حاڵێکا کە «گردەکان وەکو فیلی سپی وان» ناگێڕدرێتەوەو نووسەر هەموو هەوڵێکی خۆی بەکار دێنێ تا خۆی دوور بگرێ و نە ناسرێ و لە چاوی خەڵکی دوور بێ؛ لە تۆ وایە لە پێشاندانی رووداوەکەدا حاشا لەوە دەکات کە چ پەیوەندییەکی دەگەڵ خوێنەران دا یان قارەمانانی چیرۆکەکەدا هەبێ، دیمەنەکە هەر لە یەکەم بەندی سەرەتای چیرۆکەکەوە، کە بەو پەڕی کورتی بەیان دەکرێ و دەردەبڕدرێ و ریتم و ئاوازێکی زۆر بێ لایەنانەی هەیە، هەڵدەچنرێ و نووسەر، لەوە بە دواوە، هەموو شتەکان بە گفتوگۆی نێوان پیاوەکەو کیژەکە دەسپێرێت و تەنیا تا ئەوەندە دەخالەت دەکات کە تێماندەگەیەنێ خواردنەوەیان هێناوە؛ پیاوەکە جانتاکان دەباتە ئەو بەری وێستگەکە؛ و لە دوو دەرفەت و دەلیڤەی دیدا پێمان دەڵێت کە کچە کاتێ تەمەشای دیمەنەکە دەکات چ شتگەلێک دەبینێ. نووسەر، لە راستیدا، پەیوەندییەکی هێندە کەمی بە رووداوی نێو چیرۆکەکەوە هەیە کە تەنانەت سوود لە چۆنیەتی دەربڕینی وەسفی دەنگی قارەمانانی ناو چیرۆکەکەش وەرناگرێت. بۆ مافی ناگێڕێتەوە کە کچە بە چ شێوەیەک قسە دەکات «بەتاڵی» یان «بەتانە»وە. یان پیاوەکە بە «بێزاری»یان بە «ئارامی» وەڵام دەداتەوە. نووسەر بە هیچ کلۆجێ زات وە بەرخۆی نادات کە بڵێ شتێک دەربارەی ئەم جووتە دەزانێ، تەنانەت ناویشیان نازانێت. لە تۆ وایە تەنیا بە رێکەوتە کە ئێمە بۆمان دەردەکەوێ کە ناوی بچوکی کچە «جگ»ە.

هەروەها نووسەر ناچێتە ژێر باری ئەوەی کە قسەیەکمان بۆ نەقڵ بکات تا لە رێگەی دیتنی راستەوخۆی کچەکەو پیاوەکەوە شتێکمان دەستگیر

بێ، چونکە بەردەوام کچەکەو پیاوەکە وەک «کچەکە»و «پیاوەکە» باسدەکرێن. ئێمەی ئازاد کردوە تا بە خۆمان ئەنجامگیری بکەین کە کچەکە لە پیاوەکە گەنجترەو هەر زۆریش گەنجە، بیست، بیست و سێ یان بیست و پێنج ساڵە، زۆربەی خوێنەران وازەندەبەن کە کیژێکی خشکۆکە. هەندێکیش دەم و دوو ڕەفتاری بە بەڵگەی ئەمە دەزانن، لە حاڵێکا کە نووسەر تاقە ووشەیەک لەمەڕ ڕواڵەتی ناڵێت. هەندێ کەش و هە،وا هەن کەوا دەزانین پیاو ژنەکە، ژن و مێردن، چونکە بابەتی سکی ژنەکە، کە منداڵەکەی ببێ یان لەباری بەرێ بە چارەسەر نەکراوی لە نێوانیاندا ماوەتەوە.

ئەم ئاڵۆزی و تەم ومژە، ئەم دوره پەرێزییەی هەمینگوای لە وەی کە خۆی بە قارەمانانی چیرۆکەکەیەوە ببەستێتەوەو شتێکیان دەربارە بڵێ، بە دڵنیاییەوە هەستێکی لەلای بلاو کەرەوان وروژاندوە کە چیرۆکی «گردەکان وەکو فیلی سپی وان» ئەو مانایەی تێدا نییە کە چیرۆک لە چاو نوکتەدا، دەبێ تێیدا بێ. بەکار هێنانی وشەی «مانا» نابێ رامانکێشێتە ناو ئەو باسە تیۆرییە دژوارەوە کە چۆن بزانین چیرۆکێک مانای هەیە یان نییەتی، تەنیا ئەوە دەڵێین کە مانای چیرۆکێک ئەوەیە کە هەستی جۆرە تێگەیشتنێکمان لا دروست بکات. لەوەیە- هەرواشە- بە دەگمەن ڕێکبکەوێ کە کاتێ بە بیستنی نوکتەیەک پێدەکەنین بتوانین بڵێین چ شتێک تێگەییشتووین. چیرۆک، وەکو نوکتە، کاتێ سەرکەوتووە کە ئەو هەستەمان لا دروست بکات کە لێی تێگەییشتووین.

بێ چەندوچۆن ئەو بلاوکەرەوانەی کە هەوەڵجار «گردەکان وەک فیلی سپی وان» یان خوێندووەتەوە هەستیان کردوە دووری نووسەر و دوره پەرێزی نووسەر لە وەسفی راستەوخۆی ئەوەی نیشانی دەدات نیشانەی ئەوەیە کە وەکو نووسەرێک هەوڵی نەداوە هەستی ناوبراو بۆ خوێنەرانی بگوازێتەوە. نووسەر هەڵوێستێکی مرۆڤانی دەخاتە بەردەم خوێنەران کە خۆ بەخۆ بایەخێکی هەیەو دەبێت هەڵوێستی لەمەڕ وەربگیرێ، بێ ئەوەی پێیان بڵێ کە چۆن چارەسەری بکەن یان چ سۆزو لایەنگیرییەک بکەن. نووسەر گوێ بەوە نادات کە چیرۆکەکەی چۆن لێک بدرێتەوە و مامەڵەی لە تەکدا بکرێ، یان چ مانایەک بگرێتە خۆ.

هەڵبەتە، ئەمرۆکە مامەڵەی ئێمە دەگەڵ چیرۆکەکەی هەمینگوای دا زۆر جیاوازە لە مامەڵەی بلاوەکەرانی دەیەی ١٩٢٠، ئێمە گیرۆدەی تەسەوری



پێشوەختەی ئەوان، لە باری تەکنیکی چیرۆکەکەوە، نین؛ ئێمە دەگەڵ ئەو ئەوزارە ئەدەبیانەی کە رۆژێ لە رۆژان غەریب و عەجیب و ناپەسند هاتووەتە بەرچاو، راهاتووین.

ئێمە چ گومانێکمان لەوە نییە کە «گردەکان وەکو فیلی سپی وان» مەبەستێکی گرتۆتە خۆ بەڕاستی چیرۆکە. لەگەڵ ئەمەشدا، گەرچی بە خاوی و هێواشی دەگەینە ئەم داوەرییە؛ ئەگەرچی لە سەرەتادا بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە هەندێ رادەچڵەکین و تەنیا پاش ماوەیەکی کەم لە مەبەستەکەی حاڵی دەبین؛ یان تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش پێمان وابێ کە ئەوەی خوێندومانەتەوە نوکتەی رووت بووە یان نەخشەو پلۆت بووە، ئەو جاش دەبێ بەشێوەیەکی تەواو شایستە مامەڵەی لەتەکدا بکەین و وەلامی بدەینەوە.

ئەگەر پێویستمان بە سەرە داوێک بێ تا لە ڕێگەیەوە بزانین کە مەبەستی چیرۆکەکە لە کوێدایە، ئەوا دەبێ لە یەک ووشەدا، لە دوا بەندو پەرەگرافی چیرۆکەکەدا بیدۆزینەوە؛ لەو پەرەگرافەدا بیدۆزینەوە کە دەڵێت: پیاوەکە جانتاکانی دەباتە ئەو دیوی وێستگەی قیتارەکە: لە گەڕانەوەدا، بەهۆڵی نۆشینگەکەدا، کە خەڵکی لەوێندەر بەدەم چاوەنۆڕی قیتارەوە شتیان دەخواردەوە تێپەڕی، گلاسێک ئانیسی خواردەوەو سەیرێکی خەڵکەکەی کرد.

**هەموویان ماقولانە چاوەڕوانیان دەکرد.**

«ماقولانە» چاوەڕوانیان دەکرد؛ ووشەی ماقولانە بۆ نیشاندانی نیگای مرۆڤ ووشەیەکی سەیرە (دەبینین کە هەمینگوای لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم ووشەیەوە بۆ ساتێک خاڵێکی ژیانی سایکلۆژی و دەرونی پیاوەکە کەشف دەکات). بۆچی واژەی «بە ئارامی» یا «بەبێ موبالاتی» یان «بەبێ حاڵی» بەکار نابات؟ بۆ دەبێت تاکید لەسەر ماقوڵبوونی پیاوەکە بکاتەوەو ئەوە وەکو خاڵی هاوبەش لە نێوان خۆی و ئەواندا دابنێ؟ ئایا لەبەر ئەمەیە کە پیاوێکی ماقول لە گوتەو بەڵگەکانیا دەگەڵ ژنێکی ناماقول دا دوچاری دژواری وکێشە بووە؟

چۆنیەتی ماقول بوون هەوێنی ئەسڵی چیرۆکی «گردەکان وەکو فیلی سپی وان» پێک دێنێ. پیاوەکە لە گفتوگۆدا دەگەڵ ژنەکەدا -کاتێ کە پەشێوی و بێ تاقەتی و شڵەژاوی خۆی دادەمرکێنێتەوە- هەوڵدەدا کە لە هەرەتی هەستکردن بە غەریبدا ماقوڵ بێ. هەڵبەتە، لەم بەینەدا، چ شتێک لە

ئارامی چاتر نییەو هەر ئارامی بۆ دەمێنێتەوە. هەمینگوای بە پێویستی نازانێ تا بکەوێتە وەسفی ئاهەنگ و ئاوازی دەنگی پیاوەکەوە، کاتێ کە لە کیژەی دەوێ سکەکەی لەبار بەرێ، ئاهەنگ و ریتمی رستەکان و جۆری ئەو ووشانەی کە بەکاریان دێنێ، ئاوازو دەنگی ئەو «پیاوەکە» دیاری دەکات. مرۆڤ ناتوانێ لە قسەکانیا تا ئەم رادەیە ووشەیەلی «باوەڕ بکە» و «بەڕاستی» (بە ماناو چەمکی صرفاً) بەکاربێنێ و دەغەڵکار نەبێت.

پێویستمان بە زانینی چۆنیەتی دەنگی کچەکەش نییە. دەزانین کە ئاماژە بۆ داوایەک دەکات کە نازانێت چۆن لە قاڵبی ووشەدا بەرگری لێبکات و لەبەر ئەمەشە کە بە پەژارەو تانەو تەشەرەوە قسە دەکات. دەیەوێ منداڵەکە لەبار نەبات. و هیچ بەڵگەیەکی پێ نییە بۆ ئەم کارە. ئەمە داوایەکە کە مرۆڤ چاوەڕوانی چ سوودێکی لێی نییە، داوایەکە لەسەرووی بەڵگەوەیە. ئەم خاڵە بەتایبەتی دەربارەی کەسێک دروستە کە شێوەی ژیانی ئەم جووتە لە بەرچاو بگرێ؛ شێوەیەک کە بە گوتەی کیژە، لە ساتێکا کە هەست بە بێزاری دەکات، ئازادە کە شت و خواردنەوەێن تازە تاقی بکاتەوە. ئەگەر بە پێوانەو عەیاری ئەم ژیانە کار بکرێ، ئەوا ویستنی منداڵ یەکجار نامەعقولە. لێ دەبێ ئەوەش بڵێین کە کچە وەختێ ئاماژە بۆ گردەکان دەکات و وەکو فیبلی سپیان دەبینێ بەڵگە وەلاوە دەنێت. گردەکان، وەکو چۆن کە پیاوە ماقولەکە خێرا دێ بەزمانی دا، بەڕاستی وەکو فیلی سپی نین.

گردەکان کاتێ لە فیلی سپی دەچن کە مرۆڤ وا خەیاڵ بکات سپین و بێ هیچ بەڵگەیەک خەیاڵ بکات و بەزەبری خەیاڵ وایان تەسەور بکات.

ئەو شوبهاندنەی کچەکە بەکاری دێنێ نەخش و رۆڵێکی دیاریکەری لە چیرۆکەکەدا هەیە. دیارە «فیلی سپی» لە بنەڕەتدا پەندو حیکایەتە، هەر بۆیە هەندێ لە خوێنەران بایەخ بە چەمکی پەندەکە دەدەن و ؛مامەڵەی لە تەکدا دەکەن. لە هەندێ دەڤەرێن رۆژهەڵات، فیلی سپی گیانلەبەرێکی پیرۆزە، گیانلەبەرێکە کە دەبێ بە پارەیەکی زۆر بەخێو بکرێ و رابگیرێ بێ ئەوەی کاری پێ بکرێ (بە فیلەکە). بەمجۆرە، فیلی سپی شتێکە کە بە رواڵەت ئیحتوبارو بایەخێکی گەلەک زۆری هەیە بەڵام لە پراتیکدا بارە بە ملەوە دەبێ لێێ رزگار بی.

کچە، لەوەیە نا ئاگایانە بەمجۆرە سەبارەت بە ژیانی خۆی و هاورێکەی داوەری بکات، لێ کاریگەری سەرەکی ئەم لێکچوونە ئەوەیە کە سەرنجی



ئێمە بۆ ئەو دیمەنە راکێشێت کە کچەکە سەیری دەکات. ئەم خاڵە بێ ئەوەی ناکۆک بێ دوو لایەنی هەیە.

لایەنی یەکەم ئەمەیە:

**کچەکە چاوی بڕی بووە دوور، تەمەشای هێڵی گردەکانی دەکرد.**

**گردەکان لەبەر هەتاودا سپی دەچوونەوەو دەوروبەریان قاوەیی و ووشک بوو.**

لایەنی دووەم ئەمەیە:

**کچە لە جێی خۆی هەستاو بە پیاسە چوو بۆ ئەو سەری وێستگەکە.**

**لەو بەرەوە، لە کەناری ئبیرۆدا، مەزرای گەنم و ریزی درێژی درەختان دەبینران. دوورتر، لەوبەری رووبارەکە، چیا هەبوون.**

**سێبەری هەورێک بەسەر گەنمجاڕەکەدار رەت دەبوو و کچە لە پشت درەختەکانەوە دەیڕوانییە ڕوبارەکە.**

کچە کاتێ کە دەڕوانێتە لایەک، زەوی بێ پیت و بەرەکەت دەبینێ و کە چاو دەبڕێتە لایەکەی دی رووبەڕووی زەوییەکی پڕ ئاسایش و بەپیت و بەرەکەتە. کچە ئاگای لە چەمکی رەمزی ئەم د،وو زەورییە هەیەو دەیانخوێنێتەوە، چونکە ئەوەتا پاش نیگای دووەم دەڵێت:

**دەکرا هەموو ئەمانە هی ئێمە بوایەن. دەکرا هەموو شتێک هی ئێمە بوایە، لێ رۆژ بەڕۆژ زۆرتر لە خۆمان دوریان دەخەینەوە.**

ئەم راشکاوییە کوتوپڕەی کچەکە بۆ گەییشتن بە ئاسایش و کەماڵی ژیانە کە دەنگدانەوەی سەدای مەعقولی پیاوەکە لە گوێیدا درۆو پوچەڵ دەنوێنێ و دەیگەیەنێتە ئەوپەڕی نائومێدی و بۆیە بەتوڕەییەوە حەوت جاران داوا دەکات کە کابرا ئیدی قسە نەکات و بیبڕێتەوە.

دەشێ ئەو بەشەی چیرۆکەکە کە بە رستەی «دوو ئاینس دل تورومان بۆ بێنە». دەست پێدەکات، لەگەڵ گفتوگۆی «دەستێک یاری شەتەرەنج»ی قەسیدەی «وێرانە خاک»ی تی. ئیس. ئیلیوت دا بەراورد بکرێ. هەرچەندە ئەم دوو بەشە لە رووی ئامانج و دەستکەوتی هونەریی و ئەخلاقییەوە، لێکدی جیان؛ لێ لایەنی وێکچوونیان زۆرە، نێوەرۆکی بێوەری، بێزاری، بێهودەیی و نائومێدی لە ژیان؛ هەستی لە دەست چوونی شادییەک کە ئیدی بە دەست نایەتەوە؛ ئاگایی دەربارەی تیشکانی عەشق و خۆشەویستی لە هەردوکیاندا بەدی دەکرێ. سەرزەمینی مردوو، سوتاوو بەردەڵان و رەقەن، رەمزی پایەماڵ بوونی سۆزەکان؛ و ئاو رەمزی شادی و

رزگارییە.
«گردەکان وەکو فیلی سپی وان» وەکو «وێرانە خاک» بە لێکدانەوەو تەفسیرێ بژمێردرێ کە وێنەی پێگەو پایەی مرۆڤێک لە جیهانی ئێستادا دەگرێت.



## گۆشەیەکی پاک و پڕ رووناکی

**چیرۆکی: هەمینگوای**

درەنگ بوو، کەس لە بارەکە نەمابوو تەنیا پیرەمێردێک نەبێ کە لەسێبەری ئەو گەلاّیانەی بەر تیشکی گلۆپەکان دانیشتبوو، بە رۆژەوە شەقام خولاّوی و تەپوتۆز بوو، بەلاّم شەو تەپورتۆزی دەنیشاندەوەو ئەم پیرەمێردە حەزی لێ بوو تا درەنگانێ لەوێ دانیشێت، چونکە کەڕ بوو و لەو کاتەی شەودا ئەوێ کپ و بێدەنگ بوو و پیرەمێردەکە هەستی بەم جیاوازییە دەکرد. جووتە بۆیەکەی بارەکە چاویان لێی نەدەگواستەوە.
یەکێکیان گوتی: «هەفتەی رابردوو دەیویست خۆی لە نێو بەرێ.»
«بۆچی؟»
«نائومێد بوو بوو.»
«لە چی؟»
«لە هیچ»
«چۆن لە هیچ.»
«ئاخر پارەدارە.»
لە تەنیشت یەکەوە، لەسەر یەک مێز، رێک لە پاڵ دیواری نزیکی بارەکە، دانیشتبوون و دەیانڕوانییە ئەو هەیوانەی کە هەموو مێزەکانی چۆڵ بوون تەنیا ئەو یەکەیان نەبێ کە پیرەمێردەکە لەژێر سێبەری ئەو گەلاّیانەی کە لەگەڵ شنەی بادا دەجولاّن، لەسەری دانیشتبوو، کیژێک و سەربازێک لەبەر بارەکەوە رەتبوون، روناکی شەقامەکە ژمارە برنجییەکەی یەخەی سەربازەکەی بریقاندەوە. کچەکە هیچی لەسەر نەبوو و شان بەشانی ئەو بەلەز دەرۆیشت.
یەکێک لە بۆیەکان گوتی: «ئینزیبات دەیگرن.»
«قیمەتی نییە، چونکە نێچیری خۆی خستۆتە داوەوە.»
«من دەلێم باشترە بەرەللای شەقامان نەبێ. ئینزیباتەکان بە گیری دێن. ٥ دەقیقە پێشتر لێرەوە رەت بوون.»
پیرەمێردەکە، کە لە سێبەرەکەدا دانیشتبوو، بە گلاسەکەی چەند جارێک لە قاپەکەی بەردەستی دا. بۆیە گەنجەکە چوو بەلایەوە.
«چیت دەوێ؟»

پیرەمێردەکە نیگای کردو گوتی: «یەک پێکی دی.»
بۆیەکە گوتی: «مەست دەبیت.» پیرەمێردەکە لێیٚ مۆڕ بووەوە. بۆیەکە ڕێی خۆی گرت و ڕۆییشت.
بە هاوکارەکەی گوت: «خەیاڵی وایە تا سفیێدە لێرە بمێنێ. ئیدی خەوم دێت. جـاریٚ نابێ زووتر لە سـەعـات سێ لە ناو جـێگە دابم. کـاشکێ هەفتەی بوری خۆی کوشتبووایە.»
بۆیەکـە قـاپێ مـەی و دەفرێـکی دیکەی بەتاڵی لەسەر مـێزی بەر بارەکـە هەڵگرت و هێدی هێدی بەرەو مێزی پیرەمـێردەکە ڕۆیی. دەفرەکەی لەسەر مێزەکە داناو گلاسەکەی لە مەی پڕ کرد.
بە کـابرای کـەرِی گـوت: «بریا هەفـتـەی پێـشـوو خـۆت فـەوت و فـەنا کردبوایە!» پیرەمێردەکە بە قامکی ئاماژەی کردو گوتی: «یەک تۆزی دی.»
بۆیە کە هێندەی خواردنەوە لە گلاسەکە کرد کە سەری کردو بە قەد گلاسی ناو دەفـرەکـەدا، کـە لـەسـەر یەک دەسـتـە دەفـری دی دابوو، هاتە خـواریٚ، پیرەمـێردەکە گوتی: «مەمنونم.» بۆیەکە قـاپە مەیەکەی بردەوە بۆ بارەکەو دووبارە لە سەر مێزەکە، لە پاڵ هاوکارەکەیدا، دانیشت و گوتی:
«بۆ دەیویست خۆی لە نێو بەریٚ؟»
«من چوزانم!»
«چۆن دەیویست خۆی بکوژێ؟»
«خۆی بە پەتێک هەڵواسی.»
«کێ ڕزگاری کرد؟»
«برازاکەی،»
«بۆ ئەم کارەی کرد؟.»
«بۆ ڕزگار کردنی ڕوحی.»
«چەندی پارە هەیە؟»
«یەک دنیا»
«ئێستا هەشتا ساڵ دەبێت.»
«تەمەن و مەمەنی لە مانە زیاترە.»
«بریا هەڵدەستاو دەڕۆیی بۆ ماڵی خۆی. جاریٚ نابێ زووتر لە سەعات سێ لەناو جێگەدا بم. ئەمەش بوو بە کاتی خەو؟»
«تا درەنگانێ دەمێنێتەوە، چونکە حەزی لە بێدارییە.»
«جا ئەو تەنیایە خۆ من تەنیا نیم، ژنەکەم لە نێو جێگەدا چاوەڕێی منە.»



«ئەویش سەردەمانێ ژنی هەبووە.»
«تازە ژن دادی نادات.»
«تۆ چوزانی؟ لەوەیە لەگەڵ ژنێکدا وەزع و حاڵی باشتر بێ.»
«برازایەکەی پێی ڕا دەگات.»
«دەزانم. گوتت کە نەجاتی دا.»
«من یەک لەباری خۆم حەزم لێ نییە ئەوەندە پیر ببم. مرۆڤی پیر شتێکی پیسە.»
«هەموویان وا نین. ئەمە پیرەمێردێکی خاوێنە، کە شت دەخوات نایڕێژێ، تەنانەت ئێستاش، تەمەشای بکە.»
«چاوم پێـیدا هەڵنایەت. بریا هەڵدەسـتـاو دەچووەوە بۆ مـاڵی خۆی، هەر حیساب بۆ خەڵکانێک کە کارو ژیانیان هەیە، ناکات.»
پیرەمێردەکە، گلاس بەدەست، نیبگایەکی سەرانسەری حەوشەکەی کردو، ئەوجا چاوی بڕییە بۆیەکـان. ئاماژەی بۆ گـلاسـەکـەی کـردو گـوتی: «یەک پێکی دی.» ئەو بۆیەی کـە پەلەی بـوو، خـۆی گـەیانـدە دیار سـەری و وەکـو ئەو خەڵکە کەوەدەنانەی کە لە کاتی قسەکردن دەگەڵ مەستان و بێگانانـدا هەندێ قـسـان فـڕێ دەدەن، گـوتی: «ئەمـشـەو ئـیدی نـا، پێـویـسـتـە ئێـسـتـا دابخرێ.».
پیرەمێردەکە گوتی: «پێکێکی دی.»
بۆیە کە قـەراخی مـێـزەکـەی بە خـاولی پاک کـردەوەو. سـەری تەکـان داو گوتی: «نییە، تەواو بوو.»
پیـرەمـێـردەکە هەسـتـا. دەفـرە بەتاڵەکـانی بە ئارامی ژمـارد. جزدانێکی چەرمی لە بەرکی دەرهێنا، پارەکەی داو نیو پزیتا Peseta بەخشیشی دا.
بۆیەکـە ئەوی دەبینی کە شـەقـامەکـەی گـرتبووە بەرو دەڕۆیی، پیـاوێکی یەکجار پیربوو بە نامکومی بەڵام بە ویقارەوە هەنگاوی دەنا.
بۆیەکـان پەردەی پشت دەرگاکانیان دادایەوە، ئەو بۆیەی کە پەلەی نەبوو، گوتی: «بۆ نەتهێشت تۆزێکی دی بمێنێتەوە؟ هێشتا دوو ونیو نەبووە.»
«دەمەوێ بڕۆمەوە ماڵێ بنووم.»
«ساعاتێ درەنگ یان زوو چ فەرقێک دەکات؟»
«بۆ من فەرق دەکات.»
«یەک سەعات ناکاتە هیچ.»
«تۆش وەکـو پیرەمـێـردان قـسـە دەکـەی. چمـا ناتوانێت قـاپێ بـکرِیٚ و لە

مالّەوە بخواتەوە؟»
«هەموو شوێنێ نابێ بە ئێرە.»
ئەو بۆیەی کە ژنی هەبوو و نەیدەویست بێ ئینسافی کردبێ و تەنیا پەلەی بوو، گوتی: «ڕاست دەکەی هەموو شوێنێ نابێ بە ئێرە.»
«تۆ ناترسیت وا زووتر لە هەر شەوێک بۆ ماڵ دەچییەوە؟»
«تانەم لێ دەدەی؟»
«نە، بابە، سوعبەت دەکەم.»
ئەو بۆیەی کە پەلەی بوو دەرگا ئاسنەکەی داخست و بەدەم هەستانەوە گوتی: «نەء، من متمانەم هەیە. یەک زەرە بە گومان نیم.»
بۆیە پیرەکە گوتی: «تۆ گەنجیت هەیە، متمانەت هەیە، کارو کاسبیت هەیە. هەموو شتێکت هەیە.»
«ئەدی تۆ لە چیت کەمە؟»
«لە هەموو شتێک تەنیا کاروکاسبی نەبێ.»
«من هەرچییەکم هەیە، تۆش هەتە.»
«نەخێر، من هیچ کاتێ متمانەم نەبووە، گەنجیش نیم.»
«وێڵی کە بابە، ئەوەندەش دوور مەڕۆ، دەرگاکە قفڵدە.»
بۆیە پیرەکە گوتی: «من لەو بنیادەمانەم کە حەزدەکەن تا دەرنگانێ لە بارەکاندا بن، لەلای ئەوانەی کە خەیاڵی خەوتنیان نییە، لەگەڵ ئەوانەدا کە بەشەو پێویستیان بە روناکی و گڵۆپە.»
«من دەمەوێ بچمەوە ماڵێ و بخەوم.»
بۆیە پیرەکە، کە ئێدی خۆی لەبەر کردبوو بۆ ماڵی بڕواتەوە، گوتی: «ئێمە فەرقمان هەیە، مەسەلە تەنیا گەنجی ومتمانە نییە، ئەمانە باشن، شتێک هەیە کە من هەموو شەوێ دەرگە دادەخەم و دەڕۆم نارەحەتم، چونکە لەوەیە کە سێک هەبێ کە پێویستی بە بار هەبێ.»
«دەبڕۆ بابە، لەو بارانەی کە تا بەیانی کراوە بن، زۆرە.»
«لە قسەکەم حاڵی نابیت، ئێرە بارێکی پاک و دڵگیرە، پڕ روناکییە، روناکییەکەی لە بارە، لە مانەش بترازێ، سێبەری گەڵاشی هەیە.» بۆیە گەنجەکە گوتی: «خوا حافیز.»
ئەویدی گوتی: «خوا حافیز.» گڵۆپەکەی تەمراندو گفتوگۆکەی لەگەڵ خۆیدا درێژە پێدا. روناکی بەجێی خۆی، بەڵام خۆ دەبێ شوێنەکەش پاک و دڵگیر بێ. ئاهەنگیش نەبێ، نەبێ، بەڵێ، ئاهەنگیش نەبێ بانەبێ.



تەنانەت پێویست نییە کە مرۆڤ بە ویقارەوە لە کەنار بارێکدا بوەستێ، وەک ئەوەی کە لەم کاتەی شەودا کارێکی دی نەبێ بکرێ. لە چ دەترسا؟ خۆ چ ترس و مەترسییەک لە گۆڕێدا نەبوو. تەنیا هیچێک بوو کە باش دەیناسی.
هەموو هیچێک بوو و پیاوێک کە هیچ بوو. تەنیا ئەمە بوو و تەنیا پێویستی بە روناکی بوو لەگەڵ کەمێک پاکی و ڕێک و پێکی.
ژمارەیەک تێیدا ژیاون بێ ئەوەی هەستیان پێکردبێ. لێ دەیزانی کە هەمووی هیچ بوو و دیسان هیچ و هیچ و هەمدیس هیچ.
ئەی هیچی ئێمە کە لە هیچیدای، ناوت هیچ بێ، قەڵەمڕەوت هیچ بێ ویستی تۆ هیچاوهیچ بێ، وەکو چۆن ڕەگی لە هیچدایە، لەم هیچەدا، هیچی ڕۆژانەی خۆمانی پێ عەتا بکەو هیچی ئێمە هیچ مەکە، وەکو چۆن ئێمە هیچەکانی خۆمان هیچ دەکەین و ئێمە لە ناو هیچی دا هیچ مەکە لێ لەشەڕی هیچمان بپارێزە، و دیسانەوە هیچ. سڵاو لە هیچ ی سەراپا هیچ، هیچ لەگەڵ تۆ دایە.
بزەیەکی کردو لە تەک مێزی بارەکە و ێستا کە جەزوەیەکی بەسەرەوە بوو.
پێشخزمەت گوتی: «چی دەخۆی؟»
«هیچ»
پێشخزمەت کە گوتی: «دیسان شتێکی دی.» و ڕووی وەرگێڕا.
بۆیە کە گوتی: «فینجانێکی بچوک.»
پێشخزمەت فینجانەکەی بۆ پڕ کرد.
بۆیە کە گوتی: «شەوقی گڵۆپەکە چاک و دڵگیرە لێ بارەکە پاک نییە.»
پێشخزمەتی بارەکە تەماشای کرد بەڵام وەڵامی نەدایەوە.
ئەوەندە درەنگ بوو کە ئێدی ماوەی گفتوگۆ نەبوو.
پێشخزمەتی بارەکە گوتی: «فینجانێکی بچوکی دیکەت دەوێ؟» بۆیە کە گوتی: «نە، مەمنونم.» و وەدەرکەوت. حەزی لە نوشینگەو باران نەدەکرد، بارێکی پاک و پڕ روناکی شتێکی دی بوو، ئێستا بێئەوەی بیر بکاتەوە بەرەو ماڵ و ژوورەکەی دەڕۆیی. لەنێو جێگەدا رادەکشاو سەرەنجام لە بەرەبەیاندا خەونی لێدەکەوت. بەخۆی دەگوت: «لەوەیە لە بێخەویدا بێ. زۆرکەس دوچاری ئەوەن.»

# هەڵسەنگاندنی «گۆشەیەکی پاک و پڕ روناکی»

**نووسینی: وارلیس بان Wallace Ban**

ئەرنست هەمینگوای لە چیرۆکی «گۆشەیەکی پاک و پڕ روناکی»دا دوو ئینسان لە تەنیشت یەکدی دادەنێت، ژیانی یەکێکیان وێنە دەگرێ، ئەویتریان ئەم وێنەیە دەبینێ و هەست بەهاو خەمی وهاو سۆزی دەکات و ئەم هەستە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە تەنیایی خۆی وەئاگا بێت و وەئاگا هاتنێکی بەزەیی ئامێز. نووسەر کامیراکەی خۆی لە پیرەمێردی بارەکەوە دەگوازێتەوەو بۆیەکە دەخاتە بەر دیدی کامیراکەو لەم رێگەیەوە رووداوی چیرۆکەکە بەرەو ئەم ئاگاییە دەباتە پێشێ. بۆیە گەنجەکە، کە هەمینگوای بەبێ بوونی ئەو ناتوانێ رووداوی چیرۆکەکە پەروەردە بکات، بە سروشت و تەبیعەت هەڵەو هەرزەیە، کە لە داستانێکی وا کورت دا جێی خۆیەتی وەها بێ.

ئەگەر ئەو چەند دێڕەی هەوەڵی چیرۆکەکە وەلابنەین، جێی خۆیەتی کە چیرۆکەکە بکەین بەسێ بەشەوە، یان وەکو نمایشنامەیەکی کورتی سێ پەردەیی تەمەشای بکەین. کاتێ کە پیرەمێردەکە بارەکە بەجێ دێڵێ، بەشی یەکەمی چیرۆکەکە کۆتایی دێت؛ بە جیابوونەوەی بۆیە گەنجەکە، بەشی دووەمی چیرۆکەکە تەواو دەبێت و بەشی سێیەم تا کۆتایی چیرۆکەکە بەردەوام دەبێت.

چەند دێڕی هەوەڵ جۆرە پێشەکییەکە کە زەمینەی تیا خۆشدەکرێ؛ کامیراکەرێک دەخرێ؛ کات، شوێن و قارەمانانی چیرۆکەکە دیاری دەکرێن؛ پەردە لەسەر دیمەنەکە لادەبرێ.

لێرەدا هەر هەموو رێساو بنەماکانی چیرۆکنووسین بەشێوەیەکی پێویست رەچاوکراوە. ئەم کارە تەنیا کاری هەمینگوای، چیرۆکنووسی هوشیارە کە پێێ وایە نووسەر دەبێ بە تەواوەتی لە شانۆی چیرۆک، بە دووربێ.

سەرنج بدەن کە کاتێ گفتوگۆ دەست پێدەکات هەمینگوای چۆن بەقنیاتی ئاسایی خۆیەوە، لەناو هێنانی گفتوگۆ کاران خۆی دوور دەگرێ تا خوێنەر دووچاری بێزاری نەبێ. پێویست بەم کارە ناکات، هەمینگوای تەنیا گفتوگۆکانی وانمان بۆ نەقڵ دەکات و ئەم کارە کاریگەری گفتوگۆکان زیاد دەکات. گفتوگۆ لەسەر پیرەمێردەکەیە، وەزع و حاڵی ناهەمواری ئەو یەکسەر دەمانخاتە خولیاوە؛ لە ژیان تێر بوەو هەوڵی خۆکوژی داوە، بەڵام



چونکە دەوڵەمەندە هیچ بیانوو پاساوێک ی بۆ تێر بوون لە ژیان نەبووە. سەرنج بدەن کە هەمینگوای هێشتا دیاری ناکات کە کام بۆی رستەی «بۆچی» دەڵێت، چونکە ئێمە هێشتا ئاشنایەتیمان دەگەڵ بۆیەکاندا پەیدا نەکردوەو چونکە دەزانین کە بێ پارەیی تاقە پاساوی تێربوون لەژیان نییە، هەست دەکەین ئەو بۆیەی کە دوا رستەی گفتوگۆکە دەردەبڕێ یان کەودەنە یان جۆرە هەستێکی گوماناوی سەبارەت بە دروستی بەشەر، لە بوون و سروشتی ئەودا هەیە.

هەمینگوای لە بەندێکی دیکەی چیرۆکەکەدا وێنەیەکی ووردی شوێنی چیرۆکەکەمان دەخاتە بەردەم؛ دوو بۆیەکە رێک لە دەرێی دەرکەی بارەکە دانیشتوون، پیرەمێردەکە لە سێبەرێک دانیشتووە کە لە ئەنجامی تیشکی گڵۆپەکە بۆ سەر گەڵاکان دروست بووە، تێپەڕ بوونی سەربازو کچەکە بە قەراخ شەقامەکەدا ئاماژەیە بۆ دنیایەکی دیکەو چالاکتر، بۆ دنیای گەنجی و سەر مەستی. ئەو گفتوگۆیەی کە پاشتر دەست پێدەکات لە شوێنی خۆیدا زانیاری زیاترمان لەمەڕ شوێنی چیرۆکەکە دەداتێ و کاتێ یەکێک لە دوو بۆیەکە دەڵێت: «قیمەتی نییە، چونکە نێچیری خۆی خستۆتە داوەوە.» دیسان هەستدەکەین کە گفتوگوکار یان سەبارەت بە دروستی مرۆڤ بە گومانە یان بە راشکاوی باوەڕی وایە کە هەر شتێک دەبێ سوودی بۆ مرۆڤێک هەبێ دەنا بێ بەهایە. ئەگەر بە چیرۆکەکەدا بچییەوە، دەردەکەوێ کە ئەمە بۆیە پیرەکەیە کە ئەم رستە ئاڵۆزە بە هەڵسەنگاندنەوە بەیان دەکات.

ئێستا کە هەردوو بۆیەکەمان تا ئەندازەیەک ناسی، روو دەکەینە پیرەمێردەکە. پاشماوەی ئەم بەشە تەقریبەن هەمووی دەربارەی ئەوە. لێرەدا هەست بە جۆرە ئاشنایەتییەک هەم دەگەڵ گفتوگۆی دوو بۆیەکەدا، کە دەربارەی پیرەمێرەکەیە، و هەم دەگەڵ خۆیاندا، دەکەین، دانیشتنی پیرەمێردەکە لە سێبەردا جۆرە وێنەگرتنێکە، لەگەڵ ئەمەشدا بەشێوەی خواستن «استعارە» بەکار هاتووەو هەروەها بەکارهێنانی بارِی پاک و پڕ روناکی بۆ خۆی خواستنە؛ وێڕای ئەوەی کە ئەم سێبەرو بارە جیاوازییەکی دەگەڵ سێبەرو باڕانی دیدا نییە. رونبوونەوەی مانای رەمزی ئەم وێنانە چ شتێک لە واقیعیەتیان کەم ناکاتەوە.

پیرەمێردەکە نەک هەر لە سێبەردا دانیشتووە بەڵکو کەڕیشە؛ لە تەنیاییەکی نیمچە تەواو دایە؛ بەڵام هێشتا تەواوی تەواو نییە دەنا

پێویست بە خواردنەوەی شتێک نەدەما. بێ خزم و خۆیش نییە، برازایەکی هەیە. پارەشی هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا زۆر پیرەو ناتوانێ لەوەی باشتر سوود لەکاتی خۆی بدینێ، بۆیە گەنجەکە لە دەستی بێزار بووە کە دەڵێت: «مرۆڤی پیر شتێکی پیسە.» زۆر پیرەمێردی بە تەمەن هەن کە لەلایەن خەڵکانی دەوروبەریانەوە دەردەکرێن، لەگەڵ ئەمەشدا، ووشەی «پیس» ووشەیەکی ناشیرین و دزێوەو نیشانەی بێ سۆزییەو کاتێ کە بە تەواوی مەبەستی بۆیەکەمان بۆ دەردەکەوێ، بێ سێ و دوو دەرەنجێین. بۆیە گەنجەکە ژنی هەیە، متمانەی هەیە و هەروەها جیهانی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەیان جیایە لە جیهانی کارو کاسبی ئەو، تەنیا نییە؛ کارمان بەوە نییە کە حەزەکانی ئەو تا چ ئەندازەیەک سنوورداره، ئەگەرچی بوونیان «لە پانتایی ژیان»دا ئەو هەستەی لا دروست ناکات کە دڵی بە پیرەمێردەکە بسووتێ و تەنانەت زاتی ئەوەشی پێدەبەخشێت کە بە کابرایەکی کەڕ بڵێ: «کاشکێ هەفتەی بوری خۆت بکوشتبووایە!» جا یان زۆر گەنج و هەرزەکارە یان دیدو بۆچوونی زۆر سنوورداره یان هەردووکیانە. هەمینگوای لێرەدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ووشەی «کەودەن» دەربارەی قسەکانی بۆیە گەنجەکە، خۆی لە چیرۆکەکە هەڵدەقورتێنێ.

بەڵام بۆی دووەم، کە بەتایبەتی وەکۆ بۆیەکی پیر دێتە ناسین، بێ ئەوەی زۆر بلێی بکات دڵسۆزە، بە سادەیی و ئارامی قسە دەکات.

ئەمە ئەو نییە، بەڵکو بۆیە گەنجەکەیە کە، بەدەرکردنی پیرەمێردەکە، کۆتایی بەم بەشە دێنێ، تۆ بڕوانە کە هەمینگوای بە چ ووردی یەک چیرۆکەکەی پەرداخ کردووە تا دەگەیەنە ئەو ئەنجامانەی کە دەبێ خۆمان بیگەێنێ، لەگەڵ کورت بوونەوەی گفتوگۆکاندا دیمەنەکەش بەخێرایی دەچێتە پێشێ. لە کۆتایی ئەم بەشەدا، ئێمە «و بۆیەکە» پیرەمێردەکە دەبینین کە بەرەو کۆتایی شەقامەکە دەڕوات.

پیاوێکی یەکجار پیربوو کە بە نامکومی بەڵام بەویقارەوە هەنگاوی دەنا.

هەردوو وشەی «نامکومی» و «ویقار» پەیوەندی تەواویان بەم چیرۆکەوە هەیە، چونکە ئەم دوو ووشەیە ئاماژەن بۆ نادڵنیایی و نەفس بەرزی پیرەمێردەکەو زەمینە بۆ گەشەکردن و پێشڤەچوونی کردەو ڕووداوی چیرۆکەکە خۆشدەکەن.

ئێستا کە دوو بۆیەکەمان ناسی، ئیدی هەمینگوای جیاوازییەکانی ئەو جووتەمان بۆ دیاریدەکات: یەکێکیان «ئەو بۆیەی کە پەلەی نییە و



دووەمیان «ئەو بۆیەی کە ژنداره». بۆیە گەنجەکە پەلەیەتی، چونکە ژنی هەیە، بۆیە پیرەکە ژنی نییە، گەنجێتی نییە، متمانەی نییەو نامکومە، ئەگەرچی ناتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ویقاریشی نییە، بۆیە گەنجەکە زۆرر گەنجە- ڕەنگە تازە ژنی هێنابێ- چونکە بە ئاسانی لە شۆخی و سوعبەتی بۆیە پیرەکە دەڕەنجێ، ئەم جووتە «فەرقیان هەیە.»

لێرەدا بۆیە پیرەکە هەندێ وردەکاری چیرۆکەکە بەشێوەی خواستن «استعارە» بەیاندەکات، باسی کەسانێک دەکات کە «شەوان پێویستیان بە گڵۆپە» و پێویستیان بە بارو هەوای دڵگیرو بە پاکی هەیە. «پاکی»، «ڕوناکی»، «هەوا» و «دۆستی» ئەمانە کۆمەڵە بەهایەکن کە پیرەمێردەکە لێیان بێ بەشەو دەیەوێن. هەروەها بۆیە پیرەکەش؛ ئەمانە هەمان «زننەگی»یە کە تاریکی نایهێڵێ و دەیسرێتەوە، پیرەمێردەکە تەنیا ڕوناکی ناوێ، بەڵکو سێبەری گەڵاکانیشی دەوێت تا پێکهاتەیەکی گوماناوی بێتە ئاراوە.

بۆیە گەنجەکە، لە ڕاستیدا، کوتوپڕ وون دەبێت و هەر کە خواحافیزی دەکات، بۆیە پیرەکە لەگەڵ خۆیدا درێژە بەگفتوگۆیەکە دەدات و هێندە نابات کە دەزانین بارەکەی بەجێ هێشتوەو لەبەر نۆشینگەیەکدا وەستاوە. بۆ تاقیبی پیرەمێردەکە بۆ ئێرە هاتووە.

چیرۆکەکە بەڕاستی دەیەوێ تەنیایی و نادڵنیایی بۆیە پیرەکەمان بۆ بگێڕێتەوە، نەک پیرەمێردە کەڕەکە، ئەو بەڵگانەی کە بۆیە پیرەکە بۆ غەمخۆری خۆی هەیەتی دڵتەزێنەو هەر لەم ڕووشەوەیە کە هەستدەکەین هەستی بێهودەیی ئەو دەرهەق بە ژیان چەند قوڵە. کاتێ کە لەبەر نۆشینگەکەدا دەوەستێ، بزە دەکات، بە ڕواڵەت سەبارەت بەم پوچی وبێهودەییە جۆرە چاوپۆشییەک لە بوونی ئەودایە، بەڵام گفتوگۆی دەروونی «مەنەلۆگ»- کە لیریکییە- بێ پایانی نائومێدی ئەومان بۆ دەگێڕێتەوە، لە کاتێکدا گفتوگۆی دەرەکی «دیالۆگ»، واتە ئەو قسانەی کە لەگەڵ بۆیە گەنجەکەدا دێنە کردن، هەرگیز گوزارشت لەوە ناکات؛ چونکە ئەم قسانە دەگەڵ هاوکارەکەیدا ناکات. لێرەدا مانا ڕەمزییەکانی نوشینگە، ڕوناکی، سێبەر، بارو دڵگیری بەشێوەیەکی وورد نەخشەی خۆیان ئاشکرا دەکەن. هەنووکە ئێمە هەندێ شتی زیاتر لە خزمەتگوزاری نۆشینگەکە دەزانین و هەر بۆیەش سوعبەتی بۆیە پیرەکە کە دەڵێت: «ڕوناکی گڵۆپەکە چاک و دڵگیرە بەڵام بارەکە پاک نییە» بەلای ئێمەوە گوزارشت لە خشونەت و توند

خویی دەکات، لە کاتێکا بەلای خزمەتگوزاری نۆشینگەکەوە قسەیەکی تەواو نابەجێیە.

دوو رستەی کۆتایی چیرۆکەکە، کە روداوەکانی شەوان دەداتە پاڵ «رەنگە لە بێخەوی بێ»، ئەو بیرەمان لا دروست ناکات کە شەوی دواتر شەوێکی باشتر دەبێت؛ تەنانەت ئەم رستەیە بۆ ئەم مەبەستەش نەگوتراوە. لێ رستەی کۆتایی: «زۆر کەس دوچاری ئەوەن»، بەشێوەیەکی بنجبڕ، نائومێدی ئەم بۆیە بە نائومێدی گەلێک لە خەڵکانی دەوروبەرییەوە دەبەستێتەوە.

ئەوەتان بیربێ کە چیرۆکەکە لەسەر ئەوە نییە کە بلێ دنیا جێیەکی باش نییە، بەڵکو دەڵێت ژیان بۆ هەندێ کەس پوچەڵە، بەتایبەتی بۆ پیاوێکی پیروکەڕ پوچ و بێهودەیە، نەک بۆ بۆیەکی گەنج کە دەبینێ، دەژنەوێ و تا درەنگانێ کاردەکات، هوشیاری سەبارەت بەروداوێکی وەها، هەستی هاودەردی سەبارەت بەو روداوەو دەرککردنی، ئەو شتانەیە کە «گۆشەیەکی پاکی پڕ روناکی» لە خوێنەری چاوەروانە نەک هەستی نائومێدی.

لەم چیرۆکەدا، هەستی قارەمانەکان هێندە بە وردی داڕێژراوە کە کاتێ پەی بەوە دەبەین کە هەمینگوای چ قسەیەکی لەمەڕ رواڵەتیان نەکردووە رادەچڵەکێین. ئاگامان لە ناو دڵیانە، هەستدەکەین کە دەیان ناسین، لێ هیچ شتێک دەربارەی رەنگی چاویان، قژیان و جلەکانیان- جگە لەیەک شێوەیی ئەوان- نازانین. تەنانەت ناویانیش نییە. لەم روەوە قارەمانانی چیرۆکەکە نەخەملێون.

هەموو وردەکارییەکانی ئەم چیرۆکە وەها هەڵبژێردراوە تا دیوی ناوەوەمان بۆ بگێڕێتەوە، نەک دیوی دەرەوە. جێی خۆیەتی کە بلێین گەلێک لەوانەی کە «گۆشەیەکی پاک و پڕ روناکی» دەخوێننەوە، پاش تەواوکردنی هەست دەکەن کە چیرۆکەکەیان «دیتوە.»».



# ماڵی سەرباز

**چیرۆکی: هەمینگوای**

کربز Krebs لە کۆلیژی مەزنی میتودیستی Methodist شاری کانزا سەوە Kansas یەکسەر بۆ بەرەی شەڕ. وێنەیەکی هەیە کە لەگەڵ هەڤالانی کولیژدا گرتویەتی، هەڤالان هەموو یەخەی بەرزو یەک شێوەیان بەستووە. کربز لە ساڵی ۱۹۱۷دا خۆی لە هێزی دەریایی ناونوس کردو ئیدی پێێ نەنایە ئەمریکا تا هاوینی ساڵی ۱۹۱۹ کە لەشکری دووەم لە روباری راین گەڕایەوە.

وێنەیەکی تری هەیە کە دەگەڵ دوو کیژی ئەڵمانی و سەرجۆ خەیەکی دیدا لەسەر روباری راین گرتویەتی. لە وێنەکەدا جلکی سوپایی کربزو سەرچۆخەکە زۆر تەسکەو تەنگە، کچە ئەڵمانییەکان جوان نین و راین-ش نەکەوتۆتە وێنەکەوە.

کاتێ کربز بۆ شاری ئوکلاهۆما-ی Oklahoma زێدی گەڕایەوە؛ ئاهەنگ و رێ و رەسمی پێشوازی قارەمانانی جەنگ تەواو بوو بوو.

کربز زۆر درەنگ گەڕابوەوە. هەڵبەتە پێشوازییەکی شاهانە لەو گەنجانەی شار کرابوو کە چووبوونە خزمەتی عەسکەری، خەڵکی شادی و خۆشییەکی زۆریان نیشاندابوو. هەنوکە گەرم و گوڕییەکە نیشتبووەوە.

خەڵکی دیاربوو کە کەم و زۆر کارەکەی کربزیان بە سەیرو پێکەنین ئاوەر دەزانی کە چەندین ساڵ پاش کۆتایی جەنگ، بەم درەنگە، بۆ وڵات گەڕابووەوە.

کربز، رۆژانی یەکەم کە شوێنانی وەک لێڕەواری بلو Bellou، سواسون Soisson، شامپاین Champagne، سن میهایل Stmihiel ، و ئارگون Argonne گەڕابوو، بە هیچ جۆری حەزی نەدەکرد باسی جەنگ بکات.

پاشان کەڵکەڵەی باسکردنی کەوتەسەر بەڵام چ کەسێک حاڵ و حەوسەڵەی گوێگرتنی نەبوو. خەڵکی ئەوەندەیان بیستبوو کە حەقیقەتەکانیا لەلا سوابوو.

ئەوەبوو کربز گەییە ئەو ئەنجامگیرییەی کە ئەگەر بیەوێ خەڵکی گوێ لە قسەکانی بگرن دەبێ درۆیان هەڵبەستێ؛ و پاش ئەوەی کە یەک- دوو

جاران درۆی کرد، بە خۆیشی لە جەنگ و باس و گێڕانەوەی جەنگ تەوەلابوو. هەر ئەو درۆیانە بوونە مایەی ئەوەی کە لە هەموو ئەو شتانەی لە جەنگدا بەسەریدا هاتبوون، بێزار بێ، هەموو ئەو کاتانەی کە کاتێ بیری دەکەوتنەوە هەستی بە ئارامی و ئاسودەیی دەکرد (ئەوکاتانەی پڕ بەپڕیان کارێکی کردبوو، یانی تەنیا کارێک کە بە ئاسانی و ئاسایی لە دەستی ئەو دەهات، ئەویش لە کاتێکدا کە دەشیا کارێکی دی بکات) ئێستا چۆنیەتی ئارامبە خش و بە بەهای خۆیان لە دەست دەدا و پاشان خۆشیان لە دەست دەچوون.

درۆکانی سوابوون و شتگەلێک بوون کە خەڵکانی دیکە دیتبوویان، ئەنجامیان دابوو یان بیستبوویان؛ ئەم حیکایەتانەی کە لە گیرفانی خۆی دەریدێنان و بە ئاوو تاو دەیگێڕانەوە، مرۆڤ لەهەر سەربازێکی دەژنەوت، درۆکانی تەنانەت لە هۆڵی بلیاردش دا کڕیاریان نەبوو.

ئاشناکانی، کە هەواڵی تێروتەسەلیان لەمەڕ ژنانی ئەڵمانی ژنەوتبوو.

کە لە بێشەکانی ئارگون دا تفەنگیان لەخۆ دەدا «و هەڵبەتە سەریان لەوە دەرنەکردبوو کە ئەم کارەیان لە رووی نیشتمانپەروەرییەوە بووە یان هەر بۆ خۆ نواندن و جوانی» روویان لە بیستنی حیکایەتی تفەنگچییە ئەڵمانییەکانی ئەو، کە تفەنگیان لە خۆ نەدابوو، وەردەگێڕا.

کریز، کە ئەم درۆو زێدەڕۆییانەی بیر دەکەوتنەوە دڵی تێک هەڵدەهات و کاتێ کە تووشی کەسێک دەبوو کە چوو بووە خزمەتی سوپایی و چەند دەقیقەیەک لە ژووری خۆ گۆڕین قسەی دەگەڵ دەکرد، قیافەی سەربازێکی دەنێو جەمعی سەربازانی دیدا دەگرتە خۆ و ئەمە وەزعێک بوو کە هەمیشە حاڵی تێک دەداو دووچاری دڵەڕاوکێی دەکرد. بەمجۆرە، ئەم ساتانەشی لێ دەبوون بە ژەهر.

ئەم کاتە رێکەوتی ئاخرو ئۆخری هاوین بوو کە تا درەنگانێ دەخەوت، پاشان رادەبوو و بە پیاسە بۆ ناوەندی شار دەڕۆیی و کتێبێکی لە کتێبخانە وەردەگرت، فراڤینی لە ماڵەوە دەخوارد، لەبەر هەیوانی بەردەم ماڵەکەدا دادەنیشت و کتێبی دەخوێندەوە تا تاقەتی دەچوو و پاشان بە پیاسە بۆ ناوەندی شار دەڕۆیی و سەعاتە گەرمەکانی رۆژی لە سێبەری فێنک و تاریکی هۆڵی بلیارد بەسەر دەبرد. شەیدای گەمەی بلیارد بوو. کە عەسر دا دەهات بە کلارنێتەکەی خۆی مەشقی دەکرد، پیاسەیەکی بەنێو شاردا دەکرد، شتێکی دەخوێندەوەو دەخەوت.



لە روانگەی جووتە خوشکەکەیەوە هێشتا هەر قارەمان بوو، ئەگەر حەزی لێ بوایە، دایکی قاوەڵتی بەیانی بۆ دێنایە ناو جێگەکەی، هەندێ جار لە ناو جێگەدا بوو دایکی دەچووە دیار سەری هەندێ شتی لەمەڕ جەنگ دەپرسی بەڵام حەواسی تەواوی نەبوو. بابیشی ئەهلی قسەو گفتوگۆ نەبوو.

کریز بەر لەوەی بڕوات بۆ جەنگ، هیچ کاتێ بۆی نەبوو ئۆتومبیلەکەیان لێخوڕێ. بابی سەرگەرمی کڕین و فرۆشتنی دانەوێڵە بوو حەزی دەکرد هەمیشە ئۆتومبیلەکەی لەبەر دەستدابێ، تا کە پێویستی کردبوایە، کڕیارەکانی گەیاندبوایە گوندو مەزرایە شتێکی پێ نیشاندابان. ئۆتومبیلەکە هەمیشە لەبەردەم بانقی فێرست ناشناڵ First national دابوو کە بابی لە قاتی دووەمی ئەوێندەرا نووسینگەی هەبوو. ئێستاش پاش جەنگ ئۆتومبیلەکە هەمان ئۆتومبیل بوو.

لە شاردا چ شتێک نەگۆڕابوو جگە لەوەی کیژەکان گەورە بوو بوون.

بەڵام دنیایەکی ئاڵۆزی وەهایان لەیەکیتی بێ بنج و بناوان و چەند بەرەکی بێ قەرار لە دەوری خۆیان دروست کردبوو کە کریز. تواناو جورئەتی چوونە ناویانی نەبوو. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، حەزی دەکرد تەمەشایان بکات. کچانی جەوان و خشکۆک زۆر بوون. زۆربەیان قژیان کورت کردبووەوە، کە ئەم بۆ سەربازیی چوو تەنیا کچانی منداڵ یان کچانی سووک قژیان بەو جۆرە کورت بوو، کچلن هەموویان کراسی دوگمەداری یەخە خڕی هوڵەندی و چاکەتیان لەبەربوو. مۆدی رۆژ بوو. کریز حەزیدەکرد لە هەیوانی ماڵەکەیانەوە تەمەشایان بکات کاتێ کە لە دەستی ئەو بەری شەقامەکەوە پیاسەیان دەکرد، حەزیدەکرد ئەو کاتانە سەیریان بکات کە لە بە بەر سێبەری درەختەکاندا پیاسەیان دەکرد. زۆری کەیف بە یەخەی خڕی هۆڵەندیانەی کراسەکانیان دەهات کە دەیانخستە سەرچاکەتەکانیان، حەزی لە پاوپێلاوو گۆرەوییە ئاوریشمینەکانیان دەکرد. حەزی لە قژی کورت و جۆری رێکردنیان دەکرد.

کە لەشارا بوو ئەوەندە مەیلی کچانی نەدەکرد. کە لە بەستەنی خانەی یونانی دەیدیتن حەزی لێنەدەکردن. راستییەکەی، حەزی لە خۆشیان نەدەکرد. لە رادەبەدەر تۆێکڵدار بوون، عەودالی شتێکی دیکەبوو. حەزی لێبوو دۆستێکی هەبێ لێ تاقەتی نەبوو لەو پێناوەدا کارێک بکات. پیاوی فڕوفێڵ و کەڵەک و سیاسەتبازی نەبوو. میانەیەکی ئەوتۆی دەگەڵ ئاشقێنی دانەبوو. ئیدی حەزینەدەکرد درۆ بکات. ئەوەی نەدەهێنا

عەودالّی ئەنجام نەبوو. یانی لە هیچ کارێکدا عەودالّی ئەنجام نەبوو.

حەزیدەکرد لە دەرێی بازنەی ئەنجامدا بژی. جگە لەمەش، بەڕاستی عەودالّی کچ نەبوو، ئەمە لە عەسکەری فێربوو بوو. هەموو وایاندەنواند کە وەک بلّێی پێویستە مرۆڤ دۆستی کچی هەبێ، کەم و زۆر هەموویان ئەم حالّەتەیان هەبوو، بەلاّم بۆ ئەو وانە بوو. کریز پێویستی بە دۆست نەبوو. سەیرە کە لێرەدا بوو کە مرۆڤ سەرەتا لافی ئەوە لێدەدات کە هەر گوێیان ناداتێ ، هیچ کاتێک بیریان لێناکاتەوەو مەحالّە بەلایاندا بڕوات، بەلاّم پاشان بە ئاوو تاو دەلّێت کە بەبێ ئەوان هەلّناکرێ، دەبێ هەمیشە لەگەلّ مرۆڤدا بن و بەبێ ئەوان خەو ناچێتە چاوی بنیادەم.

ئەم قسانە درۆن. یانی لە هەردوو سەرەوە درۆن. پیاو کاتێ پێویستی بەوان دەبێت کە بیریان لێبکاتەوە. ئەمە لە عەسکەرییەوە فێر بوو بوو. پاشان درەنگ یان زوو پیاو هەمیشە یەکێکی لە بەر دەستدا دەبێت. پیاو کە چاوو گوێی بکرێتەوە یەکێکی لە بەردەستدایە. بیرکردنەوەی ناوێ. درەنگ یا زوو وەختی دێ. ئەمە لە عەسکەری فێر بوو بوو.

ئەگەر یەکێک لەوانە بەپێی خۆی هاتبا پێی ناخۆش نەبوو لەگەلّیدا بێ، بەلاّم لێرەدا لە شارەکەی ئەودا مەسەلەکە بەم سادەییە نەبوو. دەیزانی کە ناتوانێت بەم ئاسانییە کارەکە ئەنجام بدات. ئەو زەحمەتەی نەدەهێنا. دەگەلّ فەرەنسی و ئەلّمانییەکاندا چ گرفتێک لە کارەکەدا نەبوو. لەگەلّ ئەواندا زۆر بە ئاسانی ئاشقێنی دەکرا. فەرەنسای بیرکەوتەوەو ئەوجا ئەلّمانیا. بەشێوەیەکی گشتی، زیاتر خۆشی بە ئەلّمانیادا چوو بوو. حەزی نەدەکرد لە ئەلّمانیا بگەڕاباوە. حەزی نەدەکرد بۆ وولاّتەکە هاتباوە. لەگەلّ ئەمەشدا هاتبوەوە، نهوولە هەیوانی بەر مالّەوەیان دا دانیشتبوو.

کەیفی بەو کچانە دەهات کە لەو بەری شەقامەکەدا پیاسەیان دەکرد.

شێوەو روخساری ئەوانی پێ خۆشتر بوو لەهی کچانی فەرەنسی و ئەلّمانی، بەلاّم دنیای ئەوان ئەو دنیایە نەبوو کە ئەو تێدا بوو.

حەزی دەکرد یەکێک لەوانە هی ئەو بوایە لێ ئەو سەریەشەیەی نە دەهێنا ، شێوەو روخسارێکی جوانیان هەبوو، کەیفی پێ دەهات، جوان و سەرنج راکێش بوون، بەلاّم ئەو پیاوی گفتوگۆ نەبوو، دەترسا لە پڕێکا کارەکە تێک بدات، لەگەلّ ئەمەشدا لە زەتی لە تەمەشاکردنی هەموویان دەبینی، بەلاّم ئەوەی نەدەهێنا. ئەویش بۆ ئێستا کە کارەکان بەرەو هەمواربوون دەچون.



لە هەیوانەکەدا دانیشتبوو و کتێبێکی دەربارەی جەنگ دەخوێندەوە. کتێبەکە ژیاننامە بوو لەگەلّ شەرحی ئەو شەڕانەی کە خۆی بەشداری تێدا کردبوون. لە هەموو ئەو بابەتانە خۆشتر بوو کە تا ئەوکاتانە خوێندبوونییەوە. حەزیدەکرد کتێبەکە وێنەی زۆرتری تێدا بووایە، بە پەرۆش و تاسەوە چاوەڕوانی رۆژێک بوو کە کتێبانی لەو بابەتە بە وێنەی زۆرترەوە بلاّو ببنەوەو ئەو هەموویان بخوێنێتەوە. ئێستا خەریک بوو بەڕاستی هەندێ شت دەربارەی جەنگ فێر دەبوو.

یەک مانگ پاش هاتنەوەی بۆ ولاّت، بەیانییەک دایک هاتە ژووری نووستنەکەی و لەسەر تەختەکە دانیشت و بەر کۆشەکەی ساف کرد.

گوتی: «هارۆلد Harold» دوێ شەو قسەم لەگەلّ بابت دا کرد. بابت پێی ناخۆش نییە عەسران ئوتومبیلەکە ببەیتە دەرەوە.» کریز، کە هێشتا خەوالّو بوو، گوتی: «چی؟ ئوتومبیلەکە بەرمە دەرەوە؟ بەڕاست؟»

«ئەرێ، ماوەیەکە بابت گەییوەتە ئەم ئەنجامەی کە هەر کاتێ هەوەست لێ بێ دەتوانی گەشتێک بە ئوتومبیلەکە بکەی.

هەلّبەتە دوێشەو باسمان کرد.»

کریز گوتی: «بێگومان تۆ ناچارت کردووە.»

«خێر، خۆی هات و گوتی با دانیشین قسان بکەین.»

کریز هەستاو لەسەر تەختەکەی دانیشت: «بەلاّم بێگومان تۆ ناچارت کردووە.»

دایکی گوتی: «هارۆلد، دێیتە خوارەوە قاوەلّتی بخۆی؟»

کریز گوتی: «کە جلەکانم لەبەر کرد دێم.»

دایکی لە ژوورەکە وەدەرکەوت و ئەمیش لە کاتێکا کە دەستو چاوی دەشت و ردێنی دەتراشی و خۆی لەبەر دەکرد تا بۆ نانخواردنی بەیانی بۆ ژووری نان خواردن بچێت، گوێی لێ بوو کە دایکی لە نهۆمی خوارەوە شتی سوور دەکردەوە، لەسەر نانخواردن خوشکەکەی ئەو شتانەی هێنا کە بە پۆستەدا گەیی بوون.

گوتی: «ئێ، هاری خەوالّۆ، چۆنە وا هەستاویت؟»

کریز نیگایەکی کرد. خۆشیدەویست. خوشکێکی چاکی بوو.

پرسی: «رۆژنامەت هێناوە؟»

کچە رۆژنامەی کانزاس سیتی استار City star دایە دەستی، کریز لەفافی رۆژنامەکەی دڕی و لاپەڕەی وەرزشی کردەوە.

سەرێکی خستە سەر سوارحی ئاوەکەو خوارەکەشی نا بەقەد قاپی لوبیاکەوە تا بتوانێ بەدەم نان خواردنەوە بخوێنێتەوە.
دایکی کە لە ئاستانەی دەرکی ئاشخانەکەدا وێستابوو، گوتی: «هارولد تکایە رۆژنامەکە پیس مەکە. کە ئەستار پیس بێ بابت مەیلی خوێندنەوەی نامێنێ.»
کربز گوتی: «پیسی ناکەم.»
خوشکەکەی لە پشت مێزەکەوە دانیشت و تەمەشای ئەوی کرد کە رۆژنامەی دەخوێندەوە.
گوتی: «ئەورۆ پاش نیوەرۆ لە حەوشی قوتابخانە یاریمان هەیە. قەرارە من تۆپ هەڵدەم.»
کربز گوتی: « بەهـ بەهـ وەزع و حاڵی تیپەکەتان چۆنە؟»
«من لە زۆربەی کوڕان باشتر تۆپ هەڵدەدەم. پێم گوتون کە چیت فێر کردووم. کچەکانی دی نابن بە پەنجە توتەی من.»
کربز گوتی: «بەڕاست؟»
«پێم گوتوون کە تۆ رەفیقی کوڕی منی. مەگەر تۆ رەفیقی من نیت هاری؟
«بێگومان».
«چما برا ناشێت رەفیقی کور بێ لەگەڵ خوشک دا»
«ئەمەیان نازانم.»
«بێگومان دەزانی. ناشێت رەفیقی کوڕی من بی، هاری، کە من ئەقڵم گەیی بێ و تۆش بتەوێ؟
«هەڵبەتە، ئێستا ئیدی تۆ کچی دۆستی منی.»
«بەڕاستی راستی من دۆستی کیژی تۆم؟»
«هەڵبەتە.»
«منت خۆشدەوێ؟»
«هەر مەپرسە»
«هەمیشە خۆشت دەوێم؟»
«بێگومان»
«کەواتە دێی بۆ تەماشاکردنی یارییەکەی من؟»
«رەنگە..»
«بزانە هاری کەواتە خۆشت ناوێم. ئەگەر خۆشت ویستبام دەهاتی لە



حەوشی قوتابخانە تەمەشای یارییەکەی منت دەکرد.»
دایکی کربز لە ئاشخانەکەوە بۆژووری نانخواردن هات. دوو قاپی بە دەستەوە بوو؛ لە یەکێکیاندا دوو هێلکەی لە رۆندا سورکردبوەوەو پارچەیە «گۆشتی بەراز»ی لەسەر دانابوو، لەوی تریاندا کێکی دیلاری هێنابوو.
گوتی: «هلن هەستە برۆ، من قسەم بە هارولد هەیە.»
قاپە هێلکە و رون و گۆشتەکەی لە بەردەم هارولد داناو شوشەیەک مرەبای ئەفرای سەرکێکی لە چەکمەجەکە دەرهێنا. ئەوجا لە پشت مێزەکە، بەرانبەر بە هارولد دانیشت.
گوتی: «هارولد، حەز دەکەم دەقیقەیەک ئەو رۆژنامەیە دابنەی»
کربز، رۆژنامەکەی هەڵگرت و قەدی کرد.
دایکی عەینەکەکەی لابردو گوتی: «هیچ بڕیارێکت بۆ ئایندەت داوە؟»
کربز گوتی: «نە ء»
«پێت وانییە وەختی هاتبێ؟» دایکی چ مەبەستێکی خراپی نەبوو. شتێک بوو نیگەران بوو.
کربز گوتی: «بیرم نەکردۆتەوە.»
دایکی گوتی: «خوا کاری بۆ یەک بەیەکی بەندەکانی هەیە. لەسەر رووی زەمینی خوا دەستێک نابینی کە بێ کار بێ.»
کربز گوتی: «من لەسەر زەمینی ئەودا نیم.»
«ئێمە هەموومان لە زەمینی خودایاین.»
کربز وەکو هەمیشە ئاشوفتەو پەست بوو.
دایکی لە سەری رۆیی: «هارولد، من زۆر نیگەرانی تۆم. من دەزانم چ گومان و راڕاییەک دێنە رێی بنیادەم. دەزانم کە بنیادەم چەند لاوازە. یادمە، باوەگەورەی ئازیزت، کە تەمەنی درێژی بۆتۆ جێهێشتووە، بابی خۆم، چ شتگەلێکی لەمەڕ جەنگی ناوخۆ دەگێڕایەوە.
و من دوعام بۆ تۆ دەکرد. ئێستاش لە بەیانییەوە تا شەوێ دوعات بۆ دەکەم، هاروڵد.»
کربز روانییە چەوری گۆشتەکە کە خەریک بوو لەنێو قاپەکەدا دەیبەست.
دایکی لەسەری رۆیی: «بابیشت نیگەرانە؛ دەڵێت، وازت لە بەرزە فڕییەکانت هێناوە. دەڵێت، چ ئامانجێکت لە ژیاندا نییە. چارلی سیمونز Charley simons، کە لە سونعی تۆ دایە، کارێکی چاکی پەیدا کردووەو خەریکە ژن دێنێ. لاوان هەموویان خەریکن بە خۆیاندا رادەگەن؛

هەمووشیان خەریکە دەگەنە جێیەک. بەخۆت تەمەشا بکە بزانە لاوانی وەکو چارلی سیمونز بەڕاستی خەریکن لە نێو کۆمەڵدا ئیحتوبارو قەدرێک پەیدا دەکەن.»

کریز چ قسەیەکی نەکرد.

دایکی گوتی: «هارولد، مۆڕە مەکە. بە خۆت دەزانی کە خۆشمان دەوێی و ئەم شتانە لەبەر خاتری تۆ دەڵێین تا بزانی کە وەزع و حاڵ چۆنە. باوکت نایەوێ جڵەوی ئازادی تۆ بگرێ.

باوکت حەز دەکات رێت بدات کە ئوتومبیلەکە بەریتە دەرێ و ئەگەر بتەوێ هەندێ لەم کیژە جوانانە سوار بکەیت و سورێک لێ بدەیت، ئێمە یەک دنیا خۆشحاڵ دەبین. ئێمە حەز دەکەین تۆ لە خۆشیدا بی. بەڵام دەبێ هەوەڵجار کارێک بۆ خۆت پەیدا بکەی، هارولد، بەڕای باوکت گرنگ نییە لە کوێوە دەست پێ بکەیت. بە قسەی ئەو، هەر کارێک بگری شەریفە. لێ گرنگ دەستپێکردنی کارە. داوای لە من کرد ئەمڕۆ بەیانی قسەت لەگەڵ دا بکەم و پاشان بچی بۆ نووسینگەکەی و ئەو بدینی.»

کریز گوتی: «تەواو بوو؟»

«بەڵێ، ئازیزم مەگەر دایکی خۆت خۆش ناوێ؟»

کریز گوتی: «نەء.»

دایکی لە پشت مێزەکەوە نیگای دەکرد. چاوانی ئەبڵەق بوون و لە هۆڕژنی گریانی دا.

کریز گوتی: «من کەسم خۆشناوێ.»

بێفایدەبوو. نەیدەتوانی قسەکانی دڵی بۆ بگێڕێتەوە، نەیدەتوانی کارێکی وەها بکات کە چاوی دایکی بکرێتەوە. قسەیەکی گەوجانەی کردبوو، تەنیا ئەوی زیز کردبوو. چووە دیار سەری دایکی و دەستی گرت. دایکی دەمووچاوی لەنێو هەردوو دەستی نابوو و ئەشکی هەڵدەڕشت.

کریز گوتی: «مەبەستی خراپم نەبوو. لە مەسەلەیەک تورە بووم. لە خۆڕا گوتم خۆشم ناوێی.»

دایکی هەر بەو دەقەوە دەگریا. کریز دەستی خستە سەر شانی «دایکە، باوەڕم پێ ناکەیت؟»

دایکی بە ئیشارەتی سەر گوتی کە باوەڕ ناکات.

«تکا دەکەم، تکا دەکەم، دایکە. تکا دەکەم باوەڕ بکە.»

دایکی بەدەم هەنسک هەڵدانەوە گوتی: «باشە.» سەری هەڵبڕی: «باوەڕ



بە قسەکەت دەکەم، هارولد.»

کریز سەری دایکی ماچ کرد. ژنە دەموچاوی نا بە دەموچاوی کریزەوە.

گوتی: «من دایکی تۆم، کە مندالی شیرەخۆرە بووی دەمنایت بە جگەرمەوە.»

کریز قێزی هاتەوەو کەم و زۆر دڵی تێک هەڵهات.

گوتی: دەزانم، دایکە. هەوڵدەدەم گوێڕایەڵتان بم.»

دایکی گوتی: «هارولد، چۆک دابدە با پێکەوە دوعا بکەین.»

لە تەنیشت مێزی نانخواردنەکە چوکیان داداو دایکی کریز کەوتە وێرد خوێندن و دوعا کردن.

ژنە گوتی: «ئێستا تۆ وێرد بخوێنە، هارولد.»

هارولد گوتی: «ناتوانم.»

«هاوڵبدە، هارولد.»

«ناتوانم.»

«حەز دەکەیت من لە جیاتیت وێرد بخوێنم.»

«بەڵێ.»

ئەوە بوو کە دایکی لە بری ئەو دوعای کرد. پاشان هەستان و کریز دایکی ماچکردو لە ماڵ وەدەرکەوت. بۆیە ئەم کارەی کردبوو کە گرێی کارەکان کوێرتر نەبن. چ قسەیەک لەو قسانە کاری لەو نەکردبوو. دڵی بە حاڵی دایکی دەسووتا. ئەو ناچاری کردبوو درۆ بکات. دەچوو بۆ شاری کانزاس تا کارێک پەیدا بکات و خەیاڵی دایکی ئاسوودە ببێ، لەوەیە بەر لە رۆیشتن دیمەنێکی دیکەی گفتوگۆی دیکەشی بێتە رێ، سەری لە نووسینگەکەی بابی نەدەدا.

ئەم دیمەنەی دەپەڕاند. حەزی دەکرد ژیانی بەهێمنی بگوزەرێ.

وەکو چۆن تانهو قەتیا بوو. بەهەر حاڵ، نهوو هەموو شتێک بوری بوو. بەرەو حەوشی قوتابخانە دەچوو تا لەوێ تەمەشای یاری بیسبال-ی هلن بکات.

# هەڵسەنگاندنی «ماڵی سەرباز»

**نووسینی: ئەریل رۆڤیت**

«ماڵی سەرباز» واتا ناونیشانی چیرۆکەکە، وێنەیەکی زۆر ئاشنای ئەمریکا بوو: ساختمانێکی گەورەو وێران بە هەیوانی داروخاوەوە لە داوێنی شارێکدا، کە لێرەو لەوێ گیا دەوری دابوو و دانیشتوانەکانی بریتی بوون لە چەند کۆنە سەربازێکی جەنگی ئەسپانیاو ئەمریکا، چەند کەسێکی سوارەی خانەنشین و یەک دوو گەنجی تەپڵچی جارانی جەنگی ناوخۆ. ماڵی سەرباز وەکو کۆمەڵێک گوللەتۆپی ژەنگنی شێوە قوچەکی یان وەکو ستونێکی بیرەوەری کاڵەوە بووی ناو جەرگەی ئاسمانی سەوزی شارێک، بونیادێکی سۆزبزوێن بوو. بۆ میللەتێک کە ئەنجامی جەنگێکی لەگەڵ وولاتێکی بێگانەدا بە شێوەیەکی جدی هەست پێ نەکردبێ و سوپایەکی رێکوپێکی بچوکی هەبووبێ، سەربازی خانەنشین و لەکار کەوتوو بە دیمەنێکی کەم بایەخ دەژمێردرا کە لە نمایشە سوپاییەکان و لە هەراو ئاهەنگی میللی دا دەهێنرایە مەیدان و لەوە بەدواوە فەرامۆش دەکرا. کۆنە سەرباز بەڕاستی بنیادەمێکی کۆن و بێ کەڵک بوو و لە ئەمریکایەکی چالاک و چەلەنگدا کە بە هەموو توانایەکییەوە خۆی بۆ گەشەسەندنی پیشەسازی و پەرەسەندنی کشتوکاڵی و بازرگانی تەرخان کردبوو جێگەو رێگەیەکی نەبوو. لە روانگەی گەشبینییەوە، کۆنە سەرباز وێنەیەکی شایستە بوو بۆ خۆزگە بەرابردووی سۆز ئامێزو هاندەرێک بوو بۆ پیرۆزبایی کردن لە خۆ.

بەشداری ئەمریکا لە جەنگی جیهانی یەکەم و ئاکامی پڕ کارەساتی جەنگەکە، دیدو بۆچوونی میللی ئەو کۆمەڵگەیەی نەک هەر تەنیا سەبارەت بە جەنگ و سوپاییانی جاران، بەڵکو سەبارەت بە دروستی ئەتەکێت و داب و نەریتی شارە بچوکەکانیش گۆڕی، ئەم جۆرە گۆڕانکاریانە لەم بابەتە روانینانەدا، کە لە ناوەوە بووە مایەی هێرش، خاوو ناچاری بوو و ئەو هێرشانەی کە هەڕەشەی لە داب و نەریتی ریشەداری خەڵکی دەکرد، کاردانەوەیەکی دوژمنانە، تەوس ئامێزو سەر لێ شێواوی بە دواوە بوو. لە دەیەی پاش جەنگیدا، ئەو گروپە لە نووسەرانی ئەمریکا، کە پاشان وەکو سەفیرانی رۆشنبیری و شایستەی شۆرەتی جیهانی، ئافەرینیان لێکرا، لە سەرەتادا بە ناچاری رێک دژی ئەم جۆرە بەرگرییە کەوتنە هەوڵدان. «ماڵی



سەرباز»ی هەمینگوای، کە رێک شەش ساڵ پاش جەنگ نووسرا، بەشێک بوو لەو هەموو چیرۆک، رۆمان، نمایشنامە، شیعرو گوتارانەی کە هێرشیان کردە سەر بەهاو نیزامی کۆمەڵگەیەک کە لە رادەبەدەر خوی بە تەمەڵی وتەنپەروەرییەوە گرتبوو و خۆ پەسندانەو لووتبەرزانە بەکاروکردەوەو رەوشتی خۆی فەخر فرۆشی دەکرد. لە پاڵ چیرۆکی «لە زەمانی ئێمەدا ١٩٢٥ و هەتاو هەڵدێتەوە ١٩٢٦»ی ئەرنست هەمینگوای دەتوانرێ ناوی ئەم بەرهەمانەش بهێنرێ: والینر ئوهایو ١٩١٩ی شروود ئەندرسن، سێ سەرباز ١٩٢١ی جان دوس پاسوس، ژووری مەزن ١٩٣٢ی کامینگلز؛ وێرانە خاک ١٩٢٢ی تی، ئیس ئیلیوت؛ شانازی بە چ بەهایەک ١٩٢٤ی ئەندرسن و ئەستالینگ؛ هەوەسی ژێر درەختانی نارەوەن ١٩٢٤ی ئونێل؛ تراژیدیای ئەمریکا ١٩٢٤ی تیودور درایزر؛ گەتبی گەورە ١٩٢٥ی سکات فیتز جرالد؛ و پاداشتی سەرباز ١٩٢٨ی ویلیام فاکنەر.

لایەنی هاوبەشی ئەم بەرهەمانە، کە هەریەکەیان تایبەتمەندی و سەربەخۆیی خۆی هەیە، هەڵوێستی توندو مکومی ئەوانە دەرهەق ئەوەی ئەم نووسەرانە ناوی دەنەن سەرڤە سەرڤەروانی، مادیگەرایی توندڕەو، چەوسانەوەو ریاکاری ئەخلاقی ژیانی باو.

ئەرنست هەمینگوای، وەکو هارولد کربزی ناو «ماڵی سەرباز»، لە مانگی ١٩١٩/١ بۆ شارەکەی گەڕایەوە، لە کاتێکا هێشتا تەمەنی نەگەیی بووە بیست ساڵان، لە ئەنجامی تەقینەوەی گوللە تۆپێکی ٤٢٠ملیمەتری نەمساویەکان بە جۆرێ بریندار بوو کە بە داری ساشەوە هەر دەلەنگی. هەمینگوای کە بێگومان هەوێنی بەسەرهاتی کربز-ی لە ئەزموونی خۆیەوە وەرگرتووە، لەوەدا سەرکەوتووە کە ماڵی سەربازی دێرین، بۆ ناوجەرگەی کۆمەڵگە بگوازێتەوەو خوێنەرانی راستەوخۆ روو بەرووی دژوارییی نەوەی نوێ بکاتەوە، نەوەیەکی نوێ کە ئەزموونی لە چوارچێوەی زەبروزەنگ و توندوتیژیدا وای لێکردووە کە پارێزی ساکارانەی کۆمەڵگە، کاری کڕین و فرۆشتنی دانەوێڵەو نوێژی جماعەتی یەکشەممان-ی پێ قەبوڵ نەکرێ، ئەو تەنزو تەوس و تانەیەی کەلە ناونیشانی چیرۆکەکەدا دەخوێنرێتەوە. شێوەی چیرۆکەکەی هەمینگوای پێک دێنێ و جوانییەکی بەسوێ بەو نیگەرانییە ئاڵۆزەی دەبەخشێت کە لە ئەنجامی گەڕانەوەی سەربازەکە بۆ وولات، دروست بووە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەمەیە کە هەرچەندە ئەدەبیاتی ئەمریکا گەلێک

راپورو هەواڵی درەوشاوەی لەمەڕ لاوانی خۆی نیشانداوە کە بە دووی چارەنووسدا، وولاتیان بەجێهێشتووە، بەڵام بە دەگمەن ئەدەبیاتی ئەمریکا راپۆرێکی لەمەڕ گەڕانەوەی ئەم قارەمانانە بۆ نەزمی رۆژانەو رەوتی ئاسایی ژیانی کۆمەڵایەتی و خانەوادەیی بە دەستەوە داوە. ئەو دەرفەتەمان بۆ نارەخسێنرێ تا بزانین ئیس میل-ی هرمان ملیڤل یان هاک فینی مارک تویف یان هنری ملمینگ-ی استیفن کرین، دوای ئەوەی قۆناغی خەتەر دەبڕن، چییان بەسەر دێت، لەگەڵ رێزماندا بۆ بایەخی بەرزی ئەزموون وەکو نموود بەخشین بە کەسایەتی و سەنگی مەحەکی بەهاکان، بەڵام ئەم چەشنە ئەزموونە وەکو ئەزموونی تایبەتی تاکی کۆمەڵ وەردەگرین و بەوەی دەزانین کە دەگەڵ یاساو رێسا کۆمەڵایەتییەکاندا یەک ناگرێتەوەو بگرە دوژمنانەشە. نەوەی هاوعەسری هەمینگوای هەندێک لە بەرهەمەکانی خۆیان بۆ ئەم دوو پارچەییە بە ئازارەی نێوان دنیای تایبەتی و دنیای کۆمەڵایەتی تەرخان کردو «ماڵی سەرباز» یەکێکە لەو چەند کورتە چیرۆکە کەمانەی کە بابایەکی موغامەرەچی و خۆسەر بۆ پاڵ وەچاخی ماڵەوە دەگەڕێنێتەوەو دەکەوێتە شەرحی نەگونجان و ناسازی نائومیدانەی نێوان قارەمانێک کە نهوو گۆڕاوە، و ژینگەیەکی ئاشنای کۆن و دێرین کە ئیدی بۆ ئەو دەست نادات و جێیەکی نەگونجاوە.

به خۆڕایی نییە کە هەمینگوای دەست دەداتە وێنەگرتنی بێ جولەیی تەواوی نێوان خەڵکی شارێکی بچووک و سەربازە دێرینەکەی ئەوشارە. یەکێک لە نووسەرە هەرە بەهرەمەندەکانی ئەمریکا کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا قاڵ بووەوەو تەواو پێگەیی -و بە پێچەوانەی کربزەوە، بوو بە قارەمانی خۆشەویستی خەڵک- هەمینگوایە. هەمینگوای یەک دوو ساڵێک پاش بڵاو بوونەوەی کورتە چیرۆکی «ماڵی سەرباز» وەکو پەیڤداری نەوەی گومبوو و بەدەسەڵاترین و دیارترین ناو وکەسانێک هاتە ناسین کە، چ لە ژیانداو چ لە هونەردا عەوداڵی راستگۆیی و راشکاوی نوێ بوون. هەمینگوای، کە رەچاوکردنی بنەمای رەوشتی شەخسی و کۆمەڵایەتی بە پشتیوانی راستگۆیی و پاکی و سادەیی زمان بە کارێکی کردەنی دەزانی، لە سەرەتاکانی دەیەی بیست دا، لە پاریس، شتی زۆر لە عەزرا پاوەندو گیرترود ئەستاین-ەوە فێربوو. هەمینگوای عەوداڵی ئەوەبوو تا لە پەخشاندا شێوازێک دابڕێژێ و لە چیرۆکنووسین دا تەکنیکێ بەکاربێنی کە بە تەواوەتی لەگەڵ واقیعییەتی تەجرەبەدا یەک بگرێ و



بتوانێ واقیعییەتی راکردوو لە وەڵامی عاتیفی راستەقینە بۆ هەمیشە بخاتە داوەوە. هەمینگوای لە بری ئەوەی کە بە خوێنەرانی خۆی بڵێ چۆن هەستێکیان هەبێ لە هەوڵی ئەوەدا بوو تا رەگەزو توخمەکانی چیرۆک بە جۆرێک رێک بخات کە خوێنەر ناچاربێ بەخۆی وەڵامی شایستە بەدەست بێنێ.

ئەرنست هەمینگوای بۆ وەدەست هێنانی ئەم ئامانجانە، نەزمێکی تایبەتی بە هونەرەکەی خۆی بەخشی و بەبێ منەتی گەلێک لەو شتە ناپێویستانەی توڕدان کە بەشێوە تەقلیدییەکە بۆ نەخشەو کاراکتەرسازی بەپێویست دەژمێردرا. جگە لەمە، ئەو لە بەرهەمەکانی خۆیدا، لەو وەسفە دەردەچێت کە نووسەرانی دیکە بۆ رێنوێنی کاردانەوەی خوێنەران پشتی پێ دەبەستن.

هەمینگوای لە رێگەی بەکارهێنانی ڕستەیەلی کورتی ئینحباری بێ پێچ و پەنا، ووشەی بەدەر لە سنعەت و رەوانبێژی ئەدەبی؛ وگفتوگۆیەکی ووشک و هونەریانەوە، دەست دەداتە خولْقاندنی وێنەی بابەتی بەرچاو کە بەزەبری پەنهانکردنی حەقیقەتی خۆیان ماونەتەوە.

هەمینگوای لەباری خوو خەسڵەتەوە بایەخی بە قارەمانانێک دەدا کە وەکو ئەو «هەمینگوای» خۆیان بۆ وەرزش تەرخان دەکردو زیاتر ئەو بابەتانەی هەڵدەبژارد کە مەهارەتی بەدەنی و رەگەزی خەتەرساز جێگەی تایبەتی تێدا هەبوو؛ لەبەر ئەمە بوو کە دەربارەی بۆکسێن، گابازی، راوە ماسی و- بەتایبەتی- دەربارەی جەنگی دەنووسی. لە چیرۆکەکانی هەمینگوای دا کەم و زۆر خشونەتی بەدەنی، بە ئاشکرا یان پەنامەکی بەکار دەبرێ؛ لەکلْ ئەمەشدا، ئەم خشونەتە بە دەگمەن رەنگی رەنگدانەوەی سۆز دەگرێتە خۆی. جا لەو پێوودانگەوە کە باوەڕی وابوو بایەخی واقیعی هەر مرۆڤێک لە توانای بەرەنگاربوونەوەی خشونەت و ئازارەکانی خشونەتدایە، بۆیە خشونەت لەلای ئەو چەمکێکی ئەخلاقی لەخۆ گرتبوو. هەمینگوای لە کورتە چیرۆکەکانیاو لە رۆمانانی وەک: ماڵاوایی لە چەک ١٩٢٩، زەنگەکان بۆ کێ لێدەدەن ١٩٤٠ و پیرەمێردو دەریا ١٩٥٢، وێنەیەکی رۆمانتیکی لەمەڕ رووداوێکی حەماسی بەدەستەوە دەدات کە کەم و زۆر لە ئەدەبیاتی سەدەی بیستەم دا تاقانەیە. (بێ وێنەیە). ئەنجومەنی هەڵبژاردنی خەڵاتی نۆبڵ کە لەساڵی ١٩٥٤دا خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵی بە هەمینگوای بەخشی و تاکیدی تایبەتی لەسەر «توانای شێوازی»

هەمـــینگوای «لە هونەری چیـرۆکی نویّ دا» کـرد بەڕاســتی و دروســتی سـەلماندی کـە تەجـرەبەی هەمـــینگوای دەورێکی بەربڵاوی لە تەکنیکی چیرۆکنوسین لەسەرانسەری ئەدەبیاتی جیهاندا بینیوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو جۆرە شێوازەی ژیان کە شێوازی چیرۆکی هەمینگوای نیازی دەربڕینی هەیە بایەخێکی چونیـەکی و هاوسـانی هەیە. خۆبەدەسـتـەوەنەدانی راز ئامـێزو سیکولوژی رسـتەکـان، بڕیاری بێدەنگ بوونی قارەمانانی چیرۆکـەکان لە باسکردنی (افـتـخار دربند) و باوەڕی تەواو بەم بابەتە کـە لە سیسـتـەمی تەکنولوژی و تەکنوکراتی ژیانی تازەدا، جـۆرە فـەردیەتێکی قـارەمـانانە لە گوینە، ئەمە دەبێ بە نموونەی رەفـتـاری پڕ جۆش و ئافەرین ئامـێزی بەردەم هەزاران خوێنەرو داوایان لێدەکات کە دروسـتکاربن، دەسـتـبـەرداری ئاهو ناڵین بن و ئازاو بوێربن.

چیـــرۆکی «مـــاڵی ســـەرباز» هەرچەندە تەنزی گــەڕانەوە بۆ ووڵات، بەشـێـوەیەکی دڵگیـر نیـشـان دەدات؛ بەڵام ئەو تەم ومـژو ئاڵۆزییـەی کـە سیـمـای چیـرۆکی هەمـینگوایە، لەم چیـرۆکـەشدا هەیەو خوێنـەران تووشی گرفت و دەردی سەر دەکات.. ئەوەی خوێنەر لە کربزو دوورە پەرێزی کربز لە گێڕانەوەی حەقیقەتەکاندا هەڵیدەهێنجی لەوەیە چەمکێکی تەواو پێچەوانە بگەیەنێ. هەندێ کەس بێ باشاری قـارەمـانی چیرۆکـەکە بە رەنگدانەوەو نیـشـانەی بێ عـاتیـفـەیی یان ترس دەزانن. کـربز، کـە ئەزمـوونی جـەنگ هەژاندویەتی، دوورە لەو ئارەزوو و تاسەیەی کە بتوانێ دژی نموونەو قـاڵبـە ووشـەکـەکـانی ژیانی زێدی خـۆی یاخی بێ یان لەگـەڵـیـاندا پێکبێ و هەڵبکات.

هەندێکی دی ناتوانن لە رەفتاری کربزدا وەڵامێکی حەساسی ئاوها ببینن و لە بری ئەوە تاکید لەسەر رەزامەندی بێ پایانی ئەو دەکەن کە لە ئەنجامی ئەرکەکانیا، وەکو ماشینی جەنگی کارامە، پێی دەگات و بێ توانایی ئەو لە بەکـارهێنانی کـارامـەیی سوپایی خۆی، لە کـاری ئاشتی ئامـێزدا، بە ئەنجامی مـەنتـیـقی تەربێت و پەروەردەی ئەو دەزانن. ئەگـەر بۆمـان نەلوێ بەدروسـتی تێ بگەین کە کـربز پیـاو کـوژە یان ترسنۆک، یان لە دەربڕین و نیشاندانی هەستی خۆیدا لە رادەبەدەر سەرکێشەیان سەرکێشی پێویستی نییـە، ئەوا دەبێ ئەو تەخسـیرە بدرێتـە پاڵ هەمـینگوای کـە لە وێنەگـرتنی قارەمانی چیرۆکەکەیدا لە رادەبەدەر تەم و مژی بەکار هێناوە.

چیـرۆکەکە دەسـەڵاتی سنورداری بەکـربز بەخـشیـوە. ئەگەر لە مـاڵ بمێنێ،



ئەوا سازشی ئەو دەگەڵ وێستەکانی خانەوادەو ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ناچاری دەکـات درۆیان بـکات، ئەویش «درۆیانی تەواو سـواو» ، وئەم درۆیانـە، لە جـێـی خـۆیدا، دەبنە هۆی ئەوەی کــە ئەو «چۆنیــەتی ئارام بەخش و بە بایەخ»ی ئەزمـوونێـک کـە لە یادی مـاوە، لە دەست بدات؛ ئەگـەر یەقین و دڵنیـایی ئەو سەبارەت بە واقـیـعیـەتی ئەم ئەزمـوونانە نەمێنێ، لەو حاڵەدا هەمـوو شتـێک لە دەست دەچێت. ئەو دەتوانێ، بە دوای کاردا، بۆ کانزاس بڕوات، لێ چونکە لە مەیدانی کارو کاسبیدا دەست و پێ سپییە، مەعلوم نییە کە چۆن ژیانی تازەو پیشەی تازە کەسایەتی ئەو دەپارێزێ. لە دنیـای هەمـینگوای دا تەنیـا خـەڵکانی پیـشـەیی، دەلیـڤـەی ئەوەیان هەیە کـە دیوارێکی رێسـاو داب و نەریتـان لە دەوری خۆ بکێشن و لەناویا وەمێنن و لە هەقــارەتی ژیانـی رۆژانە بەدووربن. وەرزشکـار، ســەرباز، پزیشـک، قومـاربازو هونەرمەند، هەندێ لەو خودان پیشانەن کە بەلای هەمـینگوایەوە بە پەناگا بۆ پاراستنی فەردیەت دێنە ژماردن و تواناو سەربەخۆیی روحی لە کـۆمـەڵگەی تازەدا وەدەی دێن. لەگـەڵ هەمـوو ئەمـەشـدا، هەمـینگوای لە «مـاڵی سـەربازدا» کـەمـتـر ئاوڕی لە سـروشـتی کـربز داوەتەوەو زیاتر نیـشـاندانی ناکـۆکی و ناسـازی تەواوی نێـوان سـەربازی دێرینی هێـزی دەریایی و شارێکی بچووکی رەچاوکردوە؛ سەربازێک کە ئەگەر بیەوێ لە مـاڵی خـۆیدا بمێنێ دەبێ درۆیان هەڵبـەسـتی و ئەوشـارە بچـوکـەی کـە تەحەمولی ناکات تا حەقیـقـەتە باوەکانی رەت بکاتەوە. چیـرۆکی «ماڵی سەرباز» کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نیشاندەدرێ و بە نەزم و ئاوازێکی دوور لە هەست و سۆزی هەڵخەتێنەر نەقڵ دەکرێ، **بەیاننامەیەکە لەمەڕ ئەو دژواریانەی کە نەوخەڵکانێکی خودان ئەزمونی جۆراوجۆر لەساتی مێژوویی گەورەو دەرک نەکردەنیدا لێکدی جودا دەکاتەوە.**

# گەردانە و هەڵسەنگاندنێک

## پێشەکییەکی کورت

هەموو دەزانین نێوی موپاسان هاو واتای چیرۆکنووسییە. ئەم پیاوە لە ساڵی(١٨٥٠)دا لە نورماندی فەرەنسا لەدایک بووە. کە ئەم تەمەنی گەیبە شەش ساڵان، داک و بابی لێکدی جودا بوونەوە. بەڵام موپاسان لای دایکی مایەوە. لە تەمەنی (١٣)ساڵیدا چووە یەکێک لە قوتابخانە کاتولیکەکان و زۆری نەبرد کە دەرکرا. پاشان چووە قوتابخانەیەکی دی و بە هۆی شیعر گوتنەوە خەڵاتێکی وەرگرت. دەست پێکردنی جەنگی فەرەنسا و پروس لە ساڵی (١٨٧٠)دا، وەستانێکی خستە ژیانی ئەدەبی موپاسانەوە. پاش شەڕەکە چوو بۆ پاریس تا کارێکی دەوڵەتی بدۆزێتەوە و کاتی دەست بەتاڵی و بێ کاری خۆی بە شیعر گوتن بەسەر بەرێ. لە (پاریس)دا، بە سەرپەرشتی گوستاف فلوبیری وەستای پەخشانی فەرەنسی، کەوتە مەشقی نووسین. زۆری نەبرد کە ڕێز و خۆشەویستی کەوتە نێوان ئەو دووە وە. فلوبیر کە هەستی کردبوو موپاسان بەهرەی شاراوەی هەیە، نووسینی پەخشانی لە لا شیرین کرد و چەندین ساڵ بەو پەڕی لەخۆبوردییەوە، هونەری نووسینی فێر کرد. موپاسان گەلێ وانە لە مامۆستاکەیەوە فێر بوو، کە «هونەری دیتن» وانەی یەکەمی بوو. فلوبیر پێی دەگوت: «هونەری دیتن بە سەبر و حەوسەڵەی دوور و درێژ بەدەست دێت. لە هەر شتێکدا، بەشێکی کەشف نەبوو و نەبینراو هەیە. ئێمە چاوانی خۆمان بەوە ڕاهێناوە کە تەنیا ئەو شتانە بدینێ کە خەڵکانی دی لەپێش ئێمەوە دیتویانە. تەنانەت لە بچوکترین شتدا، شتێکی نەناسراو هەیە. دەبێ ئەو شتە بدۆزرێتەوە و کەشف بکرێ.»

بەمجۆرە، موپاسان بۆی بەدیار کەوت کە لە هەر کەسێک و لە هەر شتێکدا، شتێک شاردراوەتەوە کە ئەو کەسە یان ئەو شتە لە کەس و شتەکانی دی جیا دەکاتەوە. موپاسان لە جێیەکی دیدا بە زمانی فلوبیرەوەگوتویەتی: «بۆ دەربرینی هەر شتێک کە دەتەوێ بیلێی تەنیا یەک وشە، بۆ وەگەڕ خستنی ئەو شتە تەنیا یەک وشە بۆ وەسف کردنی ئەو شتە تەنیا یەک وشە هەیە، پێویستە ئەو وشەیە، ئەو فەرمانە، ئەو ئاوەڵفرمانە کەشف بکرێ و بدۆزرێتەوە. نابێ بە تەخمین و تەقریب ڕازی ببی، نابێ پەنا وەبەر فێڵ ببەی، تەنانەت فێڵی هۆشمەندانەش...



موپاسان، ساڵ بە ساڵ هەوڵی دەدا، ئامۆژگاریەکانی مامۆستا بەکار بێنێ. هەموو هەفتەیەک ڕەشنووسی مەشقەکانی خۆی بۆ ئەو دەنارد و بەخۆی یەک شەممەی هەفتەی دواتر بۆ نیوەرۆژە و گوێ گرتن لە رخنەکانی بۆ ماڵی ئەو دەچوو، **موپاسان دەڵێ: «من شیعرم نووسی، چیرۆکی کورت، چیرۆکی درێژ، و تەنانەت شانۆ نامەیەکی قێزەوەریشم نووسی، بەڵام هیچ یەکێکیان نەمانەوە.»**

موپاسان، لە ئاخر و ئۆخری هەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا دەیدەنی چوار نووسەری تری کرد کە زۆریان ستایشی بەرهەمەکانی ئەمیل زۆلا دەکرد. بۆ ماوەیەک بوو بە ئەندامی گرووپی «یارانی مەدان»کە خۆیان بە ناتورالیست دەزانی «مەدان، گوندێکی نزیکی پاریس بوو کە زۆلا و دۆستەکانی لە خانوویەکدا، لەوێندەر کۆ دەبوونەوە.» کاتێک کە گرووپی نێو براو لێبڕا بڵاو کرایەوەیەک بەناوی «ڕۆژاواکانی مەدان بە هەمان ناوەڕۆکی بڵاوکراوەی فەرەنسا و پروس، بڵاو بکاتەوە، موپاسانیش لەو کۆڕەدا چیرۆکێکی دەربارەی «قەحپەیەک» خوێندەوە. ئەوانەی کە چ شتێکیان لە مەڕ پێوەندی فلوبیر و موپاسان نەدەزانی، سەریان لە تواناو بەهرەی نائاسایی موپاسان سوڕما. زۆلا، ئیعترافی کرد کە چیرۆکەکەی موپاسان لە چیرۆکەکەی ئەو چاکترە، «یارانی مەدان» چیرۆکەکەی موپاسانیان بە باشترین چیرۆکی کۆمەڵەکە دانا.

دوا بە دوای ئەم سەرکەوتنە بوو کە موپاسان وازی لە کاری فەرمانبەری هێنا. بەرەبەرە لە زولا و یارانی مەدان دوور کەوتەوە و هێز و توانای خۆی بۆ نووسین تەرخان کرد: بوو بە نووسەرێکی پیشەیی و لە ماوەی یازدە ساڵدا دەیان وتار و نزیکەی (٣٠٠) کورتە چیرۆک و (٦)ڕۆمانی نووسی و لەگەڵ ئەمەشدا ژیانێکی کۆمەڵایەتی نا ئارامی هەبوو.

هەندێ لە ڕەخنە گران وتویانە کە موپاسان تەنیا بینەرێکە کە هەر لە وێنەگرتنی دیوی دیاری ژیاندا بە توانا بووە و لە دیتنی حەقیقەتە شاراوە و نهێنییەکاندا بێ توانا بووە. بەڵام ڕیتمی خێرای چیرۆکەکانی بە کۆتاییەکی دڵگیر دەگەن کە وێنەیەکی تانە ئامێز لە مەڕ ئەزموونی ژیانی بەشەر بەدەستەوە دەدا، وێڕای ئەوەی کە پتر لە سەدەیەکە مردووە، بەڵام تا ئەمڕۆکەش هەم چیرۆکەکانی و هەم ڕاو بۆچوونەکانی لەمەڕ چیرۆک نووسین، بایەخی خۆیان پاراستووە و ڕەنگە بۆ ساڵانێکی دوورو درێژی تریش هەر بایەخی خۆیان لەدەست نەدەن.

# گەردانە

## چیرۆکی: گی دو موپاسان

یەکێک بوو لەو کیژە جوان و دلڕفێنانەی کە دەتوت چارەنووس بە ئانقەست، تورِی داوەتە ماڵی فەرمانبەرێکی بچکۆلەوە. چونکە نە جیازی هەبوو، نە هۆمیدی بە بەشە میرات هەبوو، نە هیچ رێیەکی شک دەبرد کە بتوانێ لەگەڵ دەوڵەمەندێکی ناوداردا ئاشنا ببێ و شووی پێ بکا. بۆیە ملی دایە چارەنووس و مێردی بەفەرمانبەرێکی بچکۆلەی وەزارەتی پەروەردە کرد.

جلوبەرگی سادەی لەبەر دەکرد، پارەی نەبوو جل و بەرگی فاخیر بکرِێ، بەڵام وەک هەر ژنێک کە پایەی واقیعی خۆی لەدەست دابێ. پەست و وەڕەز بوو. دیارە ژنان سەر بە هیچ نەژادو ئەسڵێک نین، جوانی و شۆخی جێی نەژاد و رەچەڵەکیان بۆ دەگرێتەوە. شیرینی و ناسکی و ئاکار رێکی، ژنانی ئاسایی دەگەیەننە رێزو پایەی خانمانی بە ئەسڵ و فەسڵ و خانەدان.

هەمیشە نارِەحەت بوو؛ چونکە هەستی دەکرد کە بۆ ئەمە خوڵقاوە تا لەزەت لە هەموو جوانی و خۆشییەکانی ژیان وەربگرێ. بە دیمەنی رووت و رەجاڵی ماڵەکەی، بە دیتنی دیوارە چڵکنەکان، کورسییە کۆن و شەق و شرِەکان، پەردە کۆ ن و تاڵکێشەکان، دڵی دەگوشرا. هەموو ئەم شتانە، ئەم شتانەی کە ژنێکی سادە و ئاسایی گوێی پێ نەدەدان، ئەویان ئازار دەداو خەفەتباریان دەکرد. کە چاوی بە چارەی «برتون»ی کارەکەر دەکەوت کە کاری ماڵەکەی دەکرد، دووچاری نا ئومێدی و پەشیمانی و پەرێشانی دەبوو. بەردەرکەی ئارام و رازاوە بە پەردەی گرانبەها و چلچرای برۆنزی جوانی لە بەرچاوی خەیاڵی خۆیدا بەرجەستە دەکرد؛ لە جیهانی خەیاڵدا دوو نۆکەری تۆکمەی دەبینی کە لەسەر کورسی دەسک داری گەورە دانیشتوون و لەبەر سۆپای گەرمدا بەدەم وەنەوزەوە چاوەڕێی دەرچوونی فەرمان دەکەن . موبێلەی ناسک و جوانی دەبینی، مێزی جوانی رازاوە بە جەواهیراتی گرانبەهای دەبینی، ساڵۆنی رازاوەی بۆن خۆشی دەبینی کە هەر لایەق بوون بنیادەم ئێوارە وەختان لەگەڵ دۆستانی دڵسۆزیخۆیدا، لەگەڵ پیاوانی قۆزی ژن شێتکەر دا، لێی دابنیشێ و راز و نیاز بکات،.

کاتێک کە بۆ فراڤین یان شێو لە پشت ئەو مێزە خرِەوە کە سێ رۆژ بوو،



پەردەکەی سەری نەگۆڕا بوو، بەرانبەر بە مێردەکەی دادەنیشت و مێردەکەی سەری قاپی شلەکەی لا دەدا و بە روویەکی خۆشەوە دەیوت: «ئەڵڵا! گۆشتاو! بەراستی بەلەزەتە! لەو خواردنانەیە کە من زۆم حەز لێیە!» لەو کاتانەدا ئەو بیری لە فراڤینێکی رازاوە، خۆراکی بەلەزەت، جەواهیری پرشنگدار، پەردەی بە نەخش و نیگاری پرِ لە پیاوانی زەمانی کۆن و باڵندەی عەجایەبی بەرزە فرِی نێو لێرِەوارانی خەیاڵی دەکردەوە. بە خەیاڵ خۆراکی بەلەزەتی نێو قاپی دەوڵەمەندانی بەرجەستە دەکرد . راز و نیازی شیرن و دڵگیری ئەو ئاشقانەی دەژنەوت کە بەدەم نان خواردنەوەو لەگەڵ مەعشوقەی لێو بە خەندەی دەکەن و ئەوانیش بەنازەوە گۆشتی ماسی سوورەوەکراو بەدەمدا دێنن .

جل و بەرگی جوان و چاکی نەبوو، جەواهیر و گەوهەری نەبوو تەنیا دڵی بەو شتانەش دەکرایە؛ هەستی دەکرد بۆ ئەوشتانە خولقاوە .

ئاه، چ لە زەتێک لەوە خۆشترە کە دڵان برِفێنێ، خەوی پێوە بدیترێ. ژنان بەغیلی پێ بەرن، پیاوان خۆشیان بوێ ! دەستە خوشکێکی دەوڵەمەندی هەبوو کە کاتی خۆی هاو پۆل بوون لەیەک قوتابخانەدا. ئێستا حەزی نە دەکرد بچێتە دیدەنی، چونکە کە لە دیدەنی ئەو دەگەرِایەوە، خەم و خەفەتێکی وەهای توش دەبوو، بۆ ماوەی چەند رۆژێک دەگریاو فرمێسکی هەڵدەرِشت . ئێوارانێک، مێردەکەی بە شادییەوە هاتەوە، زەرفێکی گەورەی بە دەستەوە بوو، وتی :هانێ، ئەوە هی تۆیە. بە پەلەزەرفەکەی هەڵپچرِی و کارتێکی لێ دەرهێنا کە ئەم وشانەی لەسەر نووسرابوو:

«وەزیری پەروەردەو خانم جورج رامپونۆ، تکاکارن لە ئاغاو خانم لوازل کە داوەتی ئەوانن لە شەوی دوو شەممەی ١٨/١ تەشریف بێنن و لە کۆشکی وەزارەتخانەدا ئامادە بن ».

ماتیلدا، رێک بە پێچەوانەی پێشبینی مێردەکەیەوە، لەبرِی ئەوەی کەیف خۆش بێ، لەبن لێوانەوە و بە خەمینی وتی: «چی لێ بکەم ؟»و کارتەکەی بە ساردو سرِییەوە توردایە سەر مێزەکە. مێردەکەی وتی: «بەڵام ئازیز من وام دەزانی زۆر خۆشحاڵ دەبی ئاخر تۆ هەرلە ماڵەوەی و چ جێیان ناچیت. ئەمە دەرفەتێکی چاکە .. تا ئەم دەعوەتنامەیەم وەچنگ خستووە قیرِ سپی بووە. هەموو فەرمانبەرەکان خوا خوایانە بچن ؛ ئەم دەعوەتنامەیە بەهەموو فەرمانبەرێک نادەن؛هەڵیان دەبژێرن. فەرمانبەرانی پایە بەرز هەموو لە

وێندەر کۆ دەبنەوە.»

ژنەکە نیگای تووڕەو پڕ گریانی تێ بڕی و وتی:«دەباشە من چ جلێک لەبەر بکەم ؟!».

بەراستی بیری لەمە نەکردبۆوە، بۆیە قیرو سیای کردو وتی:«بۆچی، ئەو کراسە لەبەر بکە، کەهەموو جار بۆ ئۆپێراخانە لە بەری دەکەیت .. خۆ زۆر جوانەو...»

پیاوەکە بە سەر سامی لە قسان وێستا. ژنەکە دەگریا!..دوو دڵۆپە فرمێسکی درشت بە گۆنایدا دادەخزین . بەسەر سامی وتی :«ئەوەچییە ؟ئاخر چی روویداوە ؟»

ژنەکە بە هەزار حاڵ جڵەوی خۆی گرت و بە دەم سڕینی گۆنا تەڕەکانییەوە، بەدەنگێکی هێدی و هێمن وتی:«هیچ مادامێکی جلکم نییە، بۆ ئاهەنگەکە ناچم، ئەم کارتەش بدە یەکێک لەو برادەرانەت کە ژنەکەی جلکی باشتری هەیە. »

پیاوەکە بە نائومێدییەوە وتی:«ماتیلدا، تۆ راوەستە. تۆ پێم بڵێ بزانم کە کراسێکی وەها کە بۆ بۆنەی تریش دەست بدات و لەبەر بکرێ، یانی شتێکی سادەو لەبار، چەندی تێدەچێت؟»

ژنە، تاوێک لە فکران را چوو، لە هزری خۆیدا بۆ نرخێک دەگەڕا کە مێردەکەی پێ قاییل بێ، دڵی ئەم فەرمانبەرە چکۆلە پاشەکەوتکارە دا نەخورپێ و هاواری لێ هەڵنەستێ، سەرەنجام بە دوو دڵییەوە وتی : «نازانم بە تەواوەتی چەندی تێدەچێت، بەڵام پێم وایە بە چوارسەد فرانکێک. جێبەجێ بکرێ.»

پیاوەکە، رەنگی زەرد هەڵگەڕا، چونکە رێک چوار سەد فرانکی پاشەکەوت کردبوو، بە تەما بوو تاپڕێکی پێ بکڕێ و هاوینی ئایندە، جار جارێک شەممان لەگەڵ ئەو هاورێیانەیدا کە دەچوونە راوە کێشکان و کڵاو کوڕە، بۆ دەشتی «نانتێر» بڕوات و راوی پێ بکات.

وتی :« زۆر چاکە، من چوار سەد فرانکت دەدەمێ، بەڵام تۆش کراسێکی جوانی پێ بکڕە .»

رۆژی ئاهەنگەکە نزیک دەبۆوە، کەچی خاتوو لوزاڵ، وێڕای ئەوەی کراسەکەی تەواو بوو بوو، هەر مات و کز و خەمبار بوو. شەوێک مێردەکەی وتی :« ئەرێ ئەوە چییە؟ بێ تاقەتی . ئەمە دوو سێ رۆژە لە بنیادەمەکەی جاران ناچیت . »



ماتیلدا وتی :« کە دەبینم هیچم نییە، تەنانەت تاقە موورویەکم نییە بە خۆمیا بکەم، خەریکە دڵم شەق بەرێ . دیارە لە وێندەر زۆر کەم نمود دەنوێنم، بۆیە نەڕۆم باشترە .»

مێردەکەی وتی :«دەتوانی گوڵ بە خۆت دا بکەی . لەم وەرزەدا باو، باوی گوڵە. دەتوانی بایی دە فراناکان گوڵ بکڕی. ٢-٣ گوڵی زۆر نایابی پێ دێت .».

بەڵام ماتیلدا قاییل نەبوو :« نا، هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نییە، مرۆڤ لە نێو کۆمەڵێک دەوڵەمەندا، هەژارو پەرپوت دیار بێ.».

پیاوەکە لە ناکاودا وتی :« کە بێهۆشین! ئەمەی بۆ چییە، هەڕە نک خاتو فورستێر»ی دەستە خوشکت و چەند پارچە خشڵێکی بە ئەمانەت لێ بخوازە . خۆ زۆر لێکدی نزیکن.»

ماتیلدا لە کەیفاندا هاواری کرد :«راست دەکەی، ئەوم هەر لە بیر نەبوو.»

سبەینێ چووە لای دەستە خوشکەکەی و گرێی دڵی خۆی بۆ کردەوە . خاتو فورستێر، خۆی بە راڕەوێکی دەرگا شوشە دا کرد، سەندوقێکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، دەرکەکەی کردەوە و خستییە بەر دەست دۆستەکەی و وتی :«کەرەمکە ئازیزەکەم، کامیانت دەوێ هەڵیبگرە،».

ماتیلدا، هەوەڵجار چەند بازنێکی بەرچاوکەت، ئەوجا ملوانکەیەکی مرواری و پاشان خاچێکی ڤینیسی زێڕی بەدی کرد . لەبەر ئاوێنەکەدا هەموو ئەم خشڵانەی بەخۆیدا کرد و تاقی کردنەوە، دڵی نەدەهات دایان بنێتەوە. حەزی نەدەکرد بیانداتەوە. ئەوجا پرسی :«خشڵی ترت نییە ؟!»

وتی :«با، تەمەشای ئەمانەش بکە، بزانە کامیانت بە دڵە .»

ئەنجام گەردانەیەکی ئەڵماسی یەکجار جوانی، لە نێو قوتویەکی قەدیفەی رەشدا بینی و سەرنجی راکێشا . لە خۆشیاندا دڵی کەوتە ترپە ترپ . کاتێک کە ملوانکەکەی دەردەهێنا دەستی دەلەرزی . ملوانکەکەی لەسەر یەخەی کراسەکەیەوە لەمل کرد، لە تەماشا کردنی خۆی تێر نەدەبوو . ئەوجا بە دوو دڵی و نارەحەتییەوە وتی :«دەتوانی ئەمەم بە ئەمانەت بدەیتێ. هەر ئەمەم دەوێ، هیچی ترم ناوێ .»

-«بەڵێ، بەڵێ .. بێگومان.»

ئەوجا راپەڕی و دەستی دەستۆی دەستە خوشکەکەی کرد و بە کوڵ و دڵ ماچی کرد، پاشان بە گەردانەی ئەڵماسەوە بە پەلە بەرەو ماڵ گەڕایەوە.

شەوی ئاهەنگەکە هات. سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی بەدەست هێنا. لە هەموو ژنەکانی دی جوانتر بوو. شۆخ و شەنگ و دڵڕفێن بوو، بزەی لە لێوان نەدەبڕا. پیاوان هەموو هەر چاویان لەو بوو، ناویان دەپرسی، هەوڵیان دەدا پێی بناسرێن، بەرپرسان و سەرۆکان هەموو دەیانویست لەگەڵ ئەودا بڕەقسن. تەنانەت سەرنجی خودی وەزیریشی ڕاکێشا.

بە جۆرێک دەڕەقسی لە تۆ وایە حاڵی لێهاتووە. ئاگای لە خۆی نەما بوو. شەوق و زەوقی سەرکەوتن، هۆشی لا نەهێشتبوو. لە نێو تەم تومانی ئەو هەموو کڕنۆشەی بۆی دەبرا، لە نێو شەپۆلی ستایش و ئافەریندا، لە نێو ئارەزووە وروژاوەکانیا، لە نێو ئەو سەرکەوتنە گەورەیەدا کە ئاواتی هەر ژنێکە، دەڕەقسی..

سەعات نزیکەی چواری بەیانی بوو ماتیلدا لە ئاهەنگەکە هاتە دەرێ. مێردەکەی لە نیوە شەو بەدواوە، لە بەر ژوورێکی چکۆلەدا لەگەڵ سێ زەلامی دیدا کە ژنی ئەوانیش خەریکی ڕەقس و شادی بوون، خەوتبوو. ژنەکەی گازی کرد، ئەویش هەستا و ئەو پاڵتۆ کۆنەی کە لەگەڵ خۆی هێنا بووی، دا بە شانی ماتیلدا. کۆنە پاڵتۆکە ڕەونەقی جلەکانی دەشکاند، ماتیلدا هەستی بەمە دەکرد، بۆیە دەیویست تا زووە لەوێندەر وەدەرکەوێ و ژنەکانی دی کە هەموو خۆیان لە پاڵتۆی فەروو خزاندبوو، بەو حاڵەوە نەیبینن.

مێردەکەی بەر دەمی گرت !!! ڕاوەستە، با بچم گالیسکەیەک بگرم، دنیا ساردە، سەرمات دەبێ».

ژنەکە بەقسەی نەکرد. بەلەز بە قالدرمەکاندا داگەڕا. کە گەیینە سەر شەقامەکە گالیسکەیان دەست نەکەوت. کەوتنە ڕێ، بێهودە ئەو گالیسکەچییانەیان گاز دەکرد کە لە دوورەوە تێ دەپەڕین. لە کاتێکدا بەدەم سەرماوە هەڵدەلەرزین، ڕێگەی ڕۆخانەی «سین»یان گرتە بەر. ئەنجام لەوێ گالیسکەیەکی شەق و شڕیان دەست کەوت. لەو گالیسکە فریشقە و کۆنانە بوو کە تەنیا بە شەوان دەردەکەوتن و لە تۆ وایە شەرم دەکەن بە ڕۆژەوە دەربکەون و کۆنی خۆیان بە خەڵکی نیشان بدەن.

گالیسکەکە، گەیاندنییەوە گەرەکی «شەهیدان». شەکەت و ماندوو بە قالدرمەکاندا سەرکەوتن. سەبارەت بە ماتیلدا هەموو شتێک کۆتایی هاتبوو، بەڵام پیاوەکە بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێ بەیانی سەعات دە لە وەزارەتخانە بێ.



ماتیلدا پاڵتۆکەی سەر شانی لادا. چووە بەردەم ئاوێنەکە تا جارێکی دی جوانییە شکۆدارەکەی خۆی بدینێ، بەڵام لەپڕ زریکاندی؛ ملوانکە ئەلماسەکەی لەمل نەمابوو.

پیاوەکە کە خەریکی جل داکەندن بوو، پرسی: «چییە دیسان؟» ژنەکە وەکو شێتان ڕووی تێکرد: «ملوانکەکە، ملوانکەکەی خاتوو فورستێر ون بووە!»

«لوزال» ڕاپەڕی. ڕەنگی لە ڕوو نەما: «چی؟.. چۆن؟.. مەحاڵە! شتی وا نابێ!»

چینەکانی کراسەکە گەڕان، لۆچی پاڵتۆکەیان پشکنی گیرفانەکان گەڕان، هەموو شوێنەکان گەڕان، بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە. ملوانکەکە پەیدا نەبوو، نەبوو.

مێردەکەی پرسی: «کە لە ئاهەنگەکە هاتییە دەرێ لە ملت بوو؟»

«بەڵێ، کە لە هۆڵەکە هاتینە دەرێ لە ملم بوو.»

«خۆ ئەگەر لەسەر جادەکە بکەوتایە، گوێمان لە دەنگی دەبوو. بێگومان لە نێو گالیسکەکەدا کەوتووە. هەبێ و نەبێ لە گالیسکەکەدا کەتووە! ژمارەی گالیسکەکەت گرتووە؟»

«نەء ئەدی تۆ؟»

«نەء».

بە سەرسامی کەوتنە ڕاونینی یەکدی.

لوزال، خۆی گۆڕییەوە و وتی: «دەچم بە هەمان ڕێدا دەگەڕێمەوە، بەڵکو بیدۆزمەوە.»

لە ماڵ وەدەر کەوت. ماتیلدا، هەر بە جلی ئاهەنگەکەوە بێ ئەوەی ئاگرێک لە ژوورەوەدا هەبێ یان بتوانێ پچێتە ناو جێگە، پەست و بێزار و بێ تاقەت، بێ ئەوەی تەنانەت توانای بیرکردنەوەشی هەبی، بەدەم چاوەڕوانییەوە خۆی بەسەر کورسییەکدا، دا

لوزال، نزیکەی سەعات حەوتی بەیانی بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە، پیاوە، سەری پۆلیسخانەی دا، نوسینگەی ڕۆژنامەکانی ئاگادار کردەوە، خەڵاتی مژدانەی دیاری کرد بۆ ئەو کەسەی بۆی دەدۆزێتەوە. سەری کۆمپانیای گالیسکەڕانی دا. هەر شوێنێ جێی مەزەندە بووبوو، سەری دا، بەڵام بێ سوود بوو.

ژنەکەی ئەو ڕۆژەی تا ئێوارێ بە ترس و نیگەرانی و دڵەراوکێ بەسەر

برد. کەچی لوزال هەمدیس شەکەت و ماندوو، بە ڕەنگی هەڵبزڕکاوەوە هاتەوە ، هیچی دەست نەکەوتبوو. بە ژنەکەی وت :«دەبێت کاغەزێک بۆ خاتو فورستێر بنووسێت کە قولابی ملوانکەکە شکاوە و بردویەتی بۆ لای وەستا تا چاکی بکاتەوە. بەڵکو بەم حاڵە دەرفەتێک پەیدا دەکەین و بۆی دەگەڕێین.»

ژنەکە نامەکەی نووسی. هەفتەیەک بوری و بەتەواوەتی ئومێد بڕ بوون.

لوزال، کە هەنوکە پێنج ساڵ پیرتر دەینواند وتی : دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە بەهەر جۆرێک بووە، ملوانکەیەکی بۆ پەیدا بکەین».

ڕۆژی دوایی قوتووە بەتاڵەکەیان هەڵگرت و بردیان بۆ لای ئەو گەوهەر فرۆشەی کە ناوی لەسەر دیوی ناوەوەی قوتووەکە هەڵکەنرا بوو. گەوهەر فرۆشەکە بە دەفتەرەکانیدا چووەوە، وتی:«خانم ئەم ملوانکەیەی لەمن نەکڕیوە، پێ دەچێ هەر قوتووە بەتاڵەکەم پێی فرۆشتبێ.»

خەم و خەفەت پرزەی لێ بڕی بوون، مێشکی خۆیان دەگوشی، لەم گەوهەر فرۆشەوە دەچوون بۆ لای ئەو گەوهەر فرۆش، تا بەڵکو بتوانن ملوانکەیەکی وەها بدۆزنەوە کە تەواو لە ملوانکە ون بووەکە بچێت. تا لە موغازەیەکا، لە «پالس رویال»دا گەردانەیەکیان دۆزییەوە کە ڕێک لفانەی گەردانە ون بووەکە بوو. نرخی ملوانکەکە چل هەزار فرانک بوو. بەڵام گەوهەر فرۆشەکە بە سی و شەش هەزار فرانکیش دەیدانێ. تکایان لێ کرد کە تا سێ ڕۆژی دی نەیفرۆشێت. هەروەها قەراری ئەوەشیان لەگەڵ کرد کە ئەگەر کڕییان و گەردانە ونبووەکەیان بەر لە کۆتایی مانگی شوبات دۆزییەوە، ئەوا گەردانەکەی خۆی بە سی و چوار هەزار فرانک وەربگرێتەوە.

لوزال، هەژدە هەزار فرانکی لە باوکییەوە بۆ بەجێ مابوو، بڕیاری دا ئەویتر قەرز بکات.

کەوتە قەرز کردن. بەڵام چۆن قەرز کردنێک؛ هەزار فرانک لەم و پێنج سەد فرانک لەو. «٥» لویس لێرە و «٣»لویس لەوێ.. بەمەرجی قورس و کەمەر شکێن پارەی قەرز کرد. دەستی کەوتە ژێر باری سووخۆران. ئایندەی خۆی خستە مەترسییەوە. قەواڵەی دنیای ئیمزا کرد بێ ئەوەی دڵنیا بێ کە دەرەقەتی دێ یان نا. دەتوانێ حورمەتی ئیمزاکەی خۆی بگرێ یان نا. هەر چەندە بیری ڕەنجە ڕۆیی ئاینده و ئەو ڕۆژە ڕەشانەی کە چاوەڕوانیان دەکردو نامرادی ڕۆحی، ئازاریان دەدا، ئەو جاش هەر خۆی بە موغازەی گەوهەر



فرۆشەکەدا کردو سی و شەش هەزار فرانکەکەی هەڵڕشتە بەردەستی و ملوانکەکەی کڕی.

کاتێ خاتوو لوزال، گەردانەکەی بۆ خاتوو فورستێر بردەوە، بە ساردییەوە پێی وت:«دەبوایە زووتر بت هێنایەتەوە ، بەلکو پێویستم پێی بوایە!»

خاتوو فورستێر، سەری قوتووەکەی هەڵنەدایەوە. خاتوو لوزال هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشا. ئەگەر هەستی بکردایە کە گەردانەکەی گۆڕاوە چی دەوت؟ نەیدەوت خاتوو لوزال ناپاکی لەگەڵ کردووم، دزی کردووە؟!.

نهو، خاتوو لوزال، تامی تالی هەژاری و نەداری دەجەڕباند. بە هەژاری ئاشنا دەبوو. بەڵام پالەوانانە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام دەدا. لێبڕا کە دەبێ ئەم قەرزە قورسە بداتەوە؛ کارەکەرەکەی ئیزن دا. خانووەکەیان چۆڵ کرد و ژوورێکی پەرپووتیان بەکرێ گرت.

خاتوو لوزال، بە خۆی ئەرکی قورسی ماڵی گرتە ئەستۆ. بە خۆی چێشتی لێ دەنا. قاپ و ئامانی دەشوشت. بە نینۆکە ناسک و جوانەکانی بنی چەوری قاپ و مەنجەڵ و بنی تاوەی دەکڕاندەوە.

جلی چڵکنی دەشوشت و بە تەنافییەوە هەڵدەواسین، هەموو بەیانییەک تەنەکەی خۆڵەکەی هەڵدەگرت و بۆ زبڵدانی دەبرد. لەو سەرەوە بە سەتلێ ئاوەوە سەردەکەوت و لەسەر هەر پلیکانەیەک و چانێکی دەگرت، تا پشوویەک بدات. وەکو خەڵکی کوچە و کۆڵانان، جلی ئاسایی و هەژارانەی لەبەر دەکرد. زەمبیلەی هەڵدەگرت و دەچووە بازاڕێ. سەوزەی دەکڕی. گۆشت، میوەی دەکڕی. سەوای دەکرد، لە تاقە پولێکی خۆی خۆش نەدەبوو. سەری هەموو مانگێک چەند کومپیالەو قەواڵەیەکیان دەدایەوە و هەندێکی تریان بۆ ماوەی دی تازە دەکردەوە.

مێردەکەی، دوای نیوەڕۆیان دەچووە لای بازرگانێک و بە کرێ کاری لە لا دەکرد و جاری وا هەبوو تا درەنگە شەوانێک دەمایەوە و بەڵگەنامەو قەواڵەی بازرگانی پاک نووس دەکردەوە و لە بری هەر پەڕەیەک پێنج پولی وەردەگرت. ئەم ژیانی کولەمەرگییە، دە ساڵی تەواوی خایەند، هەموو قەرزەکەیان، بە قازانجی سوخۆرانیشەوە، دایەوە.

ئێستا خاتوو لوزال، پیر بوو بوو. وەک هەر ژنێکی ئیشکەر، قەبەو دەست و پل زبر بوو بوو. قژی شێواو، تەنورەکانی چرچ و لۆچ، دەستەکانی سوور هەڵگەرا بوون . کاتێک کە بە شوڕە شوڕ ئاوی بە ژوورەکەدا دەکرد و

پاشان دەی سڕی، بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد، بەلام هەندێ جار، بەتایبەتی ئەو دەمانەی کە مێردەکەی لە دایەرە بوو، لە بەر پەنجەرەکەدا دادەنیشت و بیری لەو شەوە خۆشە دەکردەوە کە چۆن بوو بوو بە شاگوڵ و شاجوانی ئاهەنگەکە و مایەی سەرنجی ئاهەنگێران. باشە ئەگەر ملوانکەکەی ون نەکردبوایە چ دەبوو؟ کێ دەزانێ؟ کە ڕووداوەکانی ژیان سەیرن؟.. تاقە ڕووداوێکی بێ بایەخ دەتوانێ مرۆڤ بەد بەخت و چارە ڕەش یان بەختەوەر و شاد بکات!

دەمەو ئێوارانێک، پاش هەفتەیەک کاری سەخت و قورس، بە مەبەستی پیاسە و بۆ دەرکردنی بێ تاقەتی، لە ماڵ وەدەر کەوت و ڕووی کردە شەقامی «شانز ئەلیزێ». لە پڕ چاوی بە ژنێک کەوت کە دەستی منداڵێکی گرتبوو. ئەو ژنە خاتوو فورستێر بوو، هێشتا هەر تەڕ و بڕ و ناسک و جوان و دڵرفێن بوو..

خاتوو لوزال، ڕاچڵەکی، کەوتە دوو دڵییەوە کە قسەی لە گەڵ بکات یان نا؟ جا بۆ نەیکات؟ نەو کە دواپولی قەرزەکەیان داوەتەوە، سڵ لە چی بکاتەوە، دەتوانێ بەسەر هاتەکەی لە نوکەوە بۆ بگێڕێتەوە، بۆ نەء؟ لێی چووە بێشێ و وتی: «ژان.. چۆنی..»

خاتوو فورستێر، سەری سوڕما لەوەی کە ژنێکی سادە پۆش بەو جۆرەی گاز دەکات، چونکە نەی ناسی بووەوە، بۆیە بە مینگە مینگ وتی: «بەلام خاتوون من ئێوە ناناسمەوە... ڕەنگە تۆ بە هەڵە چووبیت.»

«نەخێر، من ماتیلدا لوزال-م».

خاتوو فورستێر بە سەرسامی هاواری کرد: «واخ ماتیلدای بەلەنگاز، چەند گۆڕاوی.

«بەڵێ، لەو ئاخیر جارەوە کە تۆم بینی، ڕۆژگارێکی تفت و تاڵم بەسەر بردەوە، تفت و تاڵ ئەمما تفت و تاڵ، هەمووشی بە هۆی تۆوە.»

بەهۆی منەوە، تێناگەم، مەبەستت چییە؟

لەبیرتە کە بە ئەمانەت گەردانەیەکت دامێ تا لە ئاهەنگی ماڵی وەزیردا لە ملی بکەم؟»

«ئا لە بیرمە، ئێ..؟»

«ئێ.. ونم کرد.»

لێت تێ ناگەم خۆ تۆ هێناتەوە.»

یەکێکی دی بوو، کوت و مت لەوەی خۆت دەچوو. ئەوە دە ساڵی خشتە



ڕەنج دەدەین و قەرزی ئەو ملوانکەیە دەدەینەوە. بەخۆت دەزانی بۆ خەڵکانی هەژاری ،وەکو ئێمە، ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو. بەڵام هەر چییەک بوو، تازە ڕۆی و تەواو بوو. من بەختیارم کە هەموو قەرزەکەمان دایەوە.

خاتوو فورستێر، لە جێی خۆی وشک بوو: «یانی لە بری گەردانەکەی خۆم گەردانەیەکی ئەلماست بۆ کڕیومەتەوە؟»

«بەڵێ، ئەدی پێت نەزانی؟ ئاخر بە موو لەوەی خۆت جیاواز نەبوو.»

بزەیەکی پڕ شادی، کە لە هەمان کاتیدا سادە و غرور ئامێز بوو، کەوتە سەر لێوی.

خاتوو فورستێر کە تەواو غەمگین بوو بوو، هەر دوو دەستی دەنێو دەستیخۆی خستن و وتی: «هەی ژارۆ؟ خۆ ملوانکەکەی من ئەلماس نەبوو، شووشە بوو، ئەو پەڕی پێنج سەد فرانکی دەهێنا!..»

# هەڵسەنگاندنی چیرۆکی گەردانە

**ڕەخنە: کلینث بروکس – رویرت پن وارن**

چیرۆکی «گەردانە» بە وەرچەرخانێکی کوت و پڕ و لە ناکاو کۆتایی دێت. ئافرەتی یەکەمی چیرۆکەکە، پاش چەندین ساڵ کوێرەوەری و ڕەنج بێوەری کە لە ئەنجامی گوم بوونی ملوانکە ئەمانەتییەکەوە دووچاری بوو، پەی بەوە دەبات کە ملوانکەکە گەوهەری ئەسڵ نەبووە. کەشف بوونی ئەم بابەتە. لە سەرەتادا وا دێتە بەرچاو کە جۆرە فێڵێک بووە. جا بۆ ئەوەی بۆت دەربکەوێ کە ئاخۆ لە کۆتایی چیرۆکەکەدا فێڵ بەکار هاتووە یان نەء، دەبێ بکەویتە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئەم پرسیارانە: ١- ئایا موپاسان سوودی لەم حەقیقەتەی کە گەردانە کە ساختە بووە وەک خاڵێکی سەرەتایی بۆ پەرەسەندنی چیرۆکەکە وەرگرتووە، یان بە مەبەستی نیشاندانی کۆتاییەکی کتوپڕ لە چیرۆکەکەدا گونجاندوویەتی؟ بە وتەیەکی دی، ئایا لە نیوان ئەم حەقیقەتەی کە گەردانەکە نا ئەسڵەو ئەو حەقیقەتەی دی کە ژنی یەکەمی چیرۆکەکە لە ئەنجامدا خۆی ئەوە کەشف دەکات کە ملوانکەکە نا ئەسڵە، جیاوازییەکی سەرەکی بەر چاو دەکەوێ؟ ئایا لەم چیرۆکەدا، ئەگەر ژنەکە لە ماهیەتی واقیعی گەردانەکە ئاگادار نەبوایەتەوە، خاڵێکی تەنز ئامێز دەچووە سەر چیرۆکەکە؟ ٢- مەسەلەی ماهیەتی گەردانەکە وەلا بنێ، هەندێ کەس بێگومان پاش گوم کردنی گەردانەکە، بی ماتەڵ بوون، ددان بە کاری خۆدا دەنێن. ئایا هۆیەک هەبوو کە ژنەکە ئەم کارە نەکات؟ ئایا غرورێ «کبریاء»کە لەم مومانەعەیەوە هەڵدەقوولێ، واقیعییە، مایەی ئافەرینە، یان شتیکی تەواو دەستکرد و نا واقیعییە؟ یان ئاوێتەیەکی تەنز ئامیزە لە هەر دووکیان؟

٣-ئایا چەمک و مەفهومی بنەڕەتی چیرۆکەکە لەسەر بناغەی ڕووداوی گوم بوونی ملوانکەکە چ ئەسڵ بێ و چ نا ئەسڵ، ڕۆنەنراوە؟ بە گوتەیەکی دی، ئایا ئەم ژنە لەو بابەتە ژنانە نییە کە بە هەر شێوەیەک، ژیانی خۆی لەسەر جۆرە کورت بینییەک، بە وێران کردن دەدەن؟ «بۆ ڕوون بوونەوەی ئەم بابەتە دیقەتی پەرەگرافی چیرۆکەکە بدەن»

جلی سادەی لەبەر دەکرد؛ پارەی کرینی جلکی گرانبەهای نەبوو. بەڵام وەکو یەکێک کە پێگەی ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دابێ، دڵی تەنگ بوو.



چونکە لە دڵی خۆیدا وای بیر دەکردەوە کە جوانی، ناسکی و دڵبەری لە نێو ژناندا، حوکمی سەنگ و پایەی هەیە و جێی خانەدانی و ئەسڵ و فەسڵ دەگرێتەوە و ناسکی ئاسایی، مەیل بە شتە جوانەکان و سازگاری تەبع تەنیا زنجیرە پلەیەکە کە ژنانی ئاسایی دەخاتە خانە و ریزی ژنانی بە شان و شکۆوە.

٤- ئایا موپاسان، ڕووداوی ڕێکەوتی گوم بوونی گەردانەکە وەکو هۆیەک بۆ خێرایی بەخشین و توند کردنی ڕەوتێ بەکارنایەنێ کە لە سروشت و تەبیعەتی ژنی یەکەمی چیرۆکەکەدا هەیە؟ ئەگەر ئەم بابەتە قەبوڵ بکەین، ئایا نائەسل بوونی گەوهەرەکە جۆرە ڕەمزێک نییە بۆ پەیامی چیرۆکەکە؟

٥- ئایا بەڵگەیەکمان لە ناو چیرۆکەکەدا هەیە کە بە پێی ئەو بەڵگەیە نووسەر ویستویەتی ئاماژە بۆ گۆڕانی دیدی ژنی یەکەمی چیرۆکەکە بکات؟ ئەگەر وایە، ئێمە لەو ڕووداوەی کە ئەو «ژنەکە» سەرەنجام دەزانێ نرخی گەوهەرە ئەسڵەکەی داوە، چ ئەنجامێکمان چنگ دەکەوێ؟

٦ـ گومان کە کەشف بوونی ئەم هەقیقەتەی کە گەردانەکە ساختەو نا ئەسڵ بووە، هەڵگری پەیامی چیرۆکەکەیە بۆ خوێنەران . کەشف بوونی ئەم بابەتە بۆ خاتوو لۆزال چ پەیامێک دەگەیەنێ؟

ئەم چیرۆکە دەرفەتێکی کەم وێنەیە بۆ ئەوەی بابەتی نیشاندانی زەمان لە چیرۆکەکەدا، بخەینە بەر سەرنج.چیرۆکی «گەردانە» خاتوو لوزال، لە تەمەنی گەنجییەوە تا تەمەنی میانە ساڵی پیشان دەدا. قۆناغی منداڵیەتی خانم، لە یەک ڕستەداو، لە پەرەگرافی یەکەمی چیرۆکەکەدا باس دەکرێ و ساڵانی هەوەڵی شوکردنەکەشی لە پەرەگرافی دووەمەوە تا پەرەگرافی پێنجەم وێنە دەگرێ. ئەوجا زەمەنی ئاهەنگی ڕەقس و سەماکە بە شێوەیەکی تێر و تەسەل لە پێنج دیمەندا نیشان دەدرێ:

گفتوگۆ دەربارەی جل و بەرگ.

گفتوگۆ دەربارەی خشڵ.

سەردانی خاتوو فورستێر.

کەش و هەوای ئاهەنگی سەماکە.

گەڕان بەدوای گەردانە ونبوەکەدا.

ئەوجا زەمەنی نائومێدی و هەژاری و قەرزدانەوە کە دەساڵان دەخایەنێ و دوو لاپەڕەی چیرۆکەکە داگیر دەکات. وسەرئەنجام کاتی گرێ ڤەبوون، واتە دیتنی خاتوو فورستێر لە پارکدا، دێ.

وەک لە چیرۆکەکەدا بەدیاردەکەوێ، هاوسەنگی لەنێوان قۆناغە درێژەکانی زەمەن کە بەشێوەیەکی پوختەنیشان دەدرێن و قۆناغە کورتەکان کە کەم وزۆر بەشێوەی مەیلەو نمایش و راستەوخۆ نیشان دەدرێن،بەرقەرارە لەنیشاندانی قۆناغە درێژەکاندا، کە چاو بەخێرایی پێیاندا تێدەپەڕێ، نووسەرناچار ئاماژە بۆ گرنگترین حەقیقەت دەکات، حەقیقەتێک کە شیلەی ئەو قۆناغەی گرتۆتە خۆ: خولق و خووی خاتوو لوزال ـ ی گەنج یان ئەو رێبازەی کە ئەو بەدرێژایی دە ساڵی مەحرومییەت دەیگرێتە بەر. بەڵام لە پیشاندانی مەیلەونمایشدا یا دیمەن بە دیمەنی چیرۆکەکە، زەروری بووە کە رەوتی حەرەکەت لە قۆناغە کورتەکانی زەمەندا نیشان بدرێ، تا خوێنەر بەرە بەرەو هەنگاو بە هەنگاو لە کەشف بوونی نائەسڵی خشڵەکە نزیک بێتەوە. چۆن خاتوو لوزال لێدەبڕێ، لەپارکەکەدا قسان لەگەڵ دۆستە دڵسۆزەکەیدا بکات .چۆن روو بە رووی ئەو دەبێتەوە، چۆن ئەم شادییە چاوەڕوان نەکراوەی بۆ دێت کە ئەو ملوانکەیەی کەکڕیوبەتی خاتوو فورستێری فریو داوە، و سەرئەنجام چۆن دوا دیمەن کە پەیامی چیرۆکەکەی گرتۆتە خۆ و لەتۆ وایە بە «دیمەنێکی درشت» نیشان دەدرێ،حەقیقەت بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە.

نووسەر عادەتەن لە نەقڵی پوختەدا، شتێکی لە پوختە زیاتر نیشان دەدات: چونکە ئەو بەهەرحاڵ نووسەرەو ئەرکی چیرۆک ئەوەیە کە تێگەیشتنی خۆی لە مەر ژیان بڵێتەوە نەک حەقیقەتە رووتەکان بخاتە روو. تۆ دیقەتی ئەم خاڵە بدە کە چۆن تەنانەت لەو خۆڵاسە مەیلەو سادەیەدا کەموپاسان ساڵانی دژوارو تاقەت بەری تێدا وێنە دەگرێ، بەدوو۔ سێ دەستەواژەی جوان و ئاشکرا چۆنیەتی ژیانی خانەوادەی لوزال بۆ ئێمە روون دەکاتەوە.

نینۆکە ناسک و جوانەکانی خاتوو لوزال «تێکەڵ بە چەوری قاپەکان و بنکڕی تاوەکان دەبوو.» . ئەو بەیانیان کاتێک کە بۆ خواردن و شت ئاو دێنێتە سەرێ ناچار «لەسەر هەر پلیکانەیەک هەڵوەستەیەکی دەکرد تا پشوو بدات.»

موپاسان پێمان دەڵێ کە خاتوو لوزال بە هێز، تۆکمەو زبر بووە. ئەوجا دەنووسێت: «گێسوی ئاڵۆزکاو. تەنورەکانی چرچ ولۆچ ولەعەمەل کەوتوو، دەستەکانی سوور بوو بوونەوە. بەرز بەرز قسەی دەکرد و شوڕە شوڕ ئاوی دەڕشتە ناو ژوورەکە».



بە دەستەواژەی «شوڕە شوڕ ئاوی دەڕشت» هەر دەڵێی ئێمە لە ناوەندەکەدا حازرین و بەچاوی خۆمان خشونەتی خاتوو لوزال دەبینین.

نیشاندانی زەمەن، کەبەزەبری زەمەن چیرۆک پەرە دەسێنێ، لەهەندێک چیرۆکداو تەنانەت لەژمارەیەک رۆمانیشدا بە دەربرینی راستەو خۆ یان دیمەن بە دیمەن ئەنجام دەدرێ.

لەهەندێ چیرۆکی تری وەک «گەردانە» و بەنزیکە هەموو رۆمانەکان، نووسەرە ناچار بە دەستەواژەی راستەوخۆو نەقڵی خۆڵاسە بکەوێتە نیشاندانی زەمەن.

لە ئەنجامدا ئەم کارە دەستورێکی دیارکراوی نییە و چنینی ئەم دوو شێوەیە لەیەکدا بەندە بە چۆنیەتی چیرۆکەکە، مەنتیقی دەربڕینی چیرۆکەکە و کاریگەری چیرۆکەکە لەسەر خوێنەر.

چیرۆکی «گەردانە» کە دڵگیرترین چیرۆکی جیهانەو هنری جیمز بە «کەماڵی بچووک»ی ژماردووە، بەو پەڕی لێهاتوویی و وەستایی دەربارەی گەردانەیەکی بەروالەت ئەڵماس نووسراوە.

ئەم گەردانەیە لە راستیدا رەمزی کۆمەڵە بەهایەکە کە خاتوو لوزال رۆژگارێک لە سایەیاندا ژیاوە: کۆمەڵە بەهایەک کە وەک گەردانە بە روالەت ئەڵماسەکە ساختە بوون. ئایا موپاسان نا ئەسڵی و ساختەیی کۆمەڵە بەهایەک نیشان دەدات کەزۆربەی ئێمە مانان لە سایەیاندا ژیاوین؟

# تازیە باری

## چیرۆکی: چیخۆف

دنیا گورگ و مێشە. گڵۆپی شەقامەکە تازە هەڵکراون، کلوە بەفری درشت بەدەوری گڵۆپەکان دا گێژ دەخواو وەکو کاژێکی نەرم و ناسک لە سەربان، پشتی ئەسپان، شان و مل و سەرو گوێلاک و کڵاوی بنیادەمان دەنشێتەوە. ئەیونا پوتاپۆف ـ ی گالیسکەچی لەبەفرا نقوم بووە، لە تاپۆیان دەچێ. تا حەزبکەی خۆی کۆماندووەتەوە. لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشتووەو کەمترین جوڵە ناکات. کە کلو بەفرێک بەرووی دا دەڕژێ، بەئاستەمیش خۆی تێک نادات، لە تۆوایە بە پێویستی نازانێ لە خۆی بتەکێنێ. ئەسپە چکۆلەکەش یەکپارچە بەفرە، لەجێی خۆی رەق راوەستاوە، لاقەکانی هێندە راست و رەق و بێ جوڵەن ئێژی لە تەختە دروست کراون. لەنزیکەوە لە ئەسپە دارینەی یەک کۆپیکی منداڵان دەچوو. هەڵبەتە بە قوڵی لەفکران راچووە. ئەگەر تۆش لە خزمانی خۆت، لە دەوروبەری ئاشنای خۆت، جیایان کردبایەوەو توڕیان دابایتە ئەم زەلکاوەوە کە پڕە لە گڵۆپی دێوئاسا، ژاوە ژاوو هەراو هەنگامەی تاقەت بەرو خەڵکانی بزێوو بەلەز، چ کارێکت لەدەست دەهات جگە لەوەی لەفکران ڕابچی. ئەیوناو ئەسپە چکۆلەکەی ماوەیەکی زۆرە لەجێی خۆیان نەجوڵاون. بەر لەشام لەماڵ وەدەر کەوتون و تانهۆ تاقە رێبوارێ بەلایاندا نەهاتووە. تەمتومانی ئێوارێ بەسەر شاردا دادەڕژێ، تیشکی سپی واژی گڵۆپی شەقامەکان درەخشان تر دەبێ. جم و جۆڵ و هەراو هۆریا پتر دەبێ. ئەیونا لەنکاو دەنگێ دەژنەوێ!

گالیسکەچی بۆ جادەی ڤیبورگ ـ م بەرە، گالیسکەچی ؟

ئەیونا لەجێی خۆی رادەپەڕێ. لەنێوان برژانگە بەفراوییەکانییەوە ئەفسەرێکی پاڵتۆ لەبەر دەبینێ، کە کڵاوی پاڵتۆکەشی لەسەر کردووە.

ئەفسەرەکە دوبارەی دەکاتەوە: « بۆ جادەی ڤیبورگ! ئەوە خەوتوی هاپۆ؟ جادەی ڤیبورگ!» .

ئەیونا ، سەرێکی بۆ دەلەقێنێ و وا دەنوێنێ کە گوێی لێیەتی هەوساری ئەسپەکە بەدەستەوە دەگرێ، تۆێژاڵە بەفری سەر پشت و سەرو گەردنی ئەسپەکە دەخزێ. ئەفسەرەکە لە گالیسکەکەدا جێی خۆی دەگرێ.



گالیسکەچییەکە ، دەکەوێتە نچ نچ تا ئەسپەکەی بخاتە سەرزەوق. گەردنی وەکو قاز قوت دەگرێ و قیت دادەنیشێ. ئەوجا وەکو خوی هەمیشەیی دەکەوێتە قامچی بادان. ئەسپە چکۆلەکەش گەردنی رادەکێشێ و لاقە تەختە ئاساکانی دەجوڵێنێ و بەناچاری وەڕێ دەکەوێ.

هەرکە وەگەڕ دەکەون، ئەیونا ، لەنێو ئاپۆرای بێ سەروبنی خەڵکەکەوە کەعەینی مێرو دێن و دەڕۆن، دەنگێک دەژنەوێ:

«ئەوە چ دەکەی گوێرەکە ؟»

«بۆ کوێ،خوا بتباتەوە ؟! دەستە راست بگرە.»

ئەفسەرەکە بەتوڕەیی: «گالیسکەوانی نازانی! دەستە راست بگرە.»

گالیسکەیەکی تایبەتی تێدەپەڕێ، گالیسکەچییەکەی دەم رێژێک جنێوی بۆ رەوانە دەکات. رێبوارێک بە پەلە لەشەقامەکەوە دەپەڕێتەوە. شانی بەر قەپۆزی ئەسپەکە دەکەوێ. بەفرەکانی سەرقۆڵی دەتەکێنێ و مۆڕەیەک لە کابرای گالیسکەچی دەکات. ئەیونا وەکو لەسەر دەرزی و دڕو دانیشتبێ، لە جێی خۆی توێتکە ناگرێ. وەکو کەسێک بیەوێ هاوسەنگی خۆی بپارێزێ، دەستەکانی دەجوڵێنێ. وەکو کەسێک دوچاری هەناسە بڕکێ بووبێ بەزاری بەشەوە دەڕوانێتە دەوروبەر. ئەفسەرەکە بەسوعبەتەوە دەڵێ: « کە خەڵکێکی.. هیچ و پوچن! لەتۆ وایە هەموو تەگبیریان کردوە کە خۆیان بەتۆدا بکێشن یان خۆیان بخەنە ژێر ئەسپەکەتەوە.»

ئەیونا ، سەری وەردەگێڕێ. نیگایەکی ئەفسەرەکە دەکا. لێوەکانی دەبزوێن، وادیارە دەیەوێ شتێک بڵێ. بەڵام تەنیا دەنگێکی نامەفهوم لەزاری دێتە دەرێ.

ئەفسەرکە دەپرسێت: «ئەوە چ دەڵێی ؟»

ئەیونا. بەتۆبزی پێدەکەنێ. بەدەنگی گیراوو زۆر بەزەحمەت دەڵێ: «کوڕەکەم. بارین، هەفتەی پێشوو، عەمری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.»

«ئەها ، یانی مرد، بۆ مرد ؟»

ئەیونا ، هەموو لەشی روەو نەفەرەکە وەردەگێڕێ و دەڵێ: « خوا دەیزانێ! گوتیان گرانەتایەتی. سێ رۆژان لە خەستەخانە کەوت و سەری چوارەم رۆژ مرد... ئیدی ئەوە ڤیانی خودێ بوو.»

یەکێک لەنێو تاریکییەکەوە هاواری کرد: «وریابە بارگیر هۆشت لەکوێیە پیری خڵەفاو ؟ چما کوێری ؟»

ئەفسەرەکە دەڵێ: «خێراکە خێرا ، دەنا تاسبەینێ ناگەینە جێ. کەمێک

لەزێکە!»

گالیسکەچییەکە، دوبارە گەردن درێژ دەکاتەوە، قیت دادەنیشێت و بەبێ تاقەتییەوە قامچییەکەی بادەدا. چەندین جاری دی سەر وەردەگێڕێ و نیگای نەفەرەکەی دەکات. بەڵام نەفەرەکە چاوانی نوقاندون و پێ دەچێ حەزنەکات گوێی لێ بگرێ. گالیسکەچییەکە، نهو نەفەرەکەی لەشەقامی ڤیبورگ داگرتووە.

لەبەر مەیخانەکەدا دەوێستێ. لە سەر کورسییەکەی هەڵدەکوڕمێ و جوڵە لەخۆی دەبڕێ، جارێکی دی بەرف خۆی و ئەسپەکەی دادەپۆشێ. سەعاتان تێدەپەڕن، سەعاتێ، دووان.. سێ کوڕی هەرزەکار، بەلارە لارو لەکاتێک دا دەنگی پێڵاوە قورسەکانیان، لەو شەوەدا دەنگ دەداتەوە، لەو بەری شۆستەکەوە دێن. دووانیان باڵا بەرزو باریکەلەن و سێیەمیان کورتە باڵایەکی قەمورە.

قەمورەکەیان. بەپچڕ پچڕی دەڵێ:«گالیسکەچی، بمان بە بۆ پردی پۆلیس. بەهەرسێکمان دوو «گریڤنیک»ت دەدەینێ.»

ئەیونا، هەوسارەکە دەگرێ و نچ نچێک لە ئەسپەکەی دەکات. دوو گریڤنیک کەمە. بەڵام بۆ بابایەکی وەکو ئەو یەک رۆبڵ یان پێنج کۆپیک، فەرق ناکا. مادامێکی ئەم چەن نەفەرەی چنگ کەوتووە، ئیدی کەمی یان زۆری پارەکە گرینگ نییە. هەرزەکارەکان بەدەم شەڕەشان و جنێوبارانی یەکدییەوە لە گالیسکەکە نزیک دەبنەوەو دەیانەوێ هەرسێکیان لەسەر کورسییەکە دانیشن و کێیان بەپێوە بوەستێ، لێیان دەبێ بەقرە قڕ. پاش هەراو هەنگام و جنێوو قسەی ناشیرین، لێ دەبڕێن کە هاوڕێ قەمورەکەیان لەبەر ئەوەی بچوکترە، بەپێوە بوەستێ.

کابرای قەمور لەپشت گالیسکەچییەکەوە دەوەستێ و هەموو هەناسە گەرمەکەی بەپشت مل و سەرگوێلاکی گالیسکەچییەکەدا دەچێ. لێکدا لێکداش بەدەنگێکی مینگن دەڵێ:«خێراکە، پەلەکە پیرە مێر، توخوا ئەمەش بوو بەگالیسکە! بڕوا بکە لەهەموو پتروز بورگ دا لەمە فریشقەتر پەیدا نابێ...»

ئەیونا، لەبن لێوانەوە پێدەکەنێ:«ها.ها.ها!ها،ها! دەورو زەمانەیەکی سەیرە...»

«برۆ بابە، زەمانە زەمان. لەزێکە. بەتەمای بەم خاوە خاوە بڕۆی؟.. وادیارە شەپەلاغت دەوێ؟»



یەکێک لەدوو هەرزەکارەکەی دی دەڵێ:«سەرم دێشێ. دوێنێ شەو من و ڤاسکا لە دونکماسۆڤ، چوار قاپ کۆنیاکمان خواردەوە.»

هەرزەکارەکەی دی گوتی:«بریا دەمزانی بۆ درۆدەکەی!» «خوا کوێرم بکات ئەگەر درۆ بکەم.»

«بەڵێ، پێویست بەسوێند ناکا، کەی شەممە لەمانگ بڕا باوەڕ دەکەین.»

ئەیونا، لەبن لێوانەوە پێدەکەنێ:«ها، ها. کە کوڕگەلێکی بە دەماخ و بەکەیف و سوعبەتچین!»

قەمورەکە، بەپەستییەوە دەڵێ:« رێکە هاپۆ.»

«تۆ دەتەوێ بمانگەیەنی یان نا، پیرە سەگ؟ توخوا ئەمەش بوو بەگالیسکەڕانی؟ قەمچییەکەت تۆزێ بابدە. توندتر، توندتر، پشتی ئاگردە!

ئەیونا، لەپشتەوە هەست بەهەڵچوون و لەرزینی دەنگی کوڕە قەمورەکە دەکات. گوێی لەو جنێوە مزرانە دەبێ کە هەواڵەی دەکرا. خەڵکی دەبینێ، بەرەبەرە هەستی تەنیاییەکەی لێ دەڕەوێتەوە.

کوڕە قەمورەکە هێشتا هەر جنێو دەدا.. واز لە گالیسکەچییەکە دێنێ و بەنوکتەیەکی هاوڕێیەکی هێندە دەکۆکێ، دەکۆکێ، خەریکە بخنکێ. دوو هەرزەکارەکەی دی دێنە سەر باسی ئافرەتێک بەنێوی نادیا پتروفنا. ئەیونا، چەند جارێک ئاوڕی پاشەوە دەداتەوە و سەیریان دەکات: چاوەڕێی کەمێک بێدەنگی دەکات، ئەوجا دوبارە ئاوڕ دەداتەوەو بەدەنگێکی تکا ئامێزەوە دەڵێ:«ئەم هەفتەیە کوڕەکەی من... ئەم هەفتەی پێشووە مرد.»

قەمور، پاش چەند کۆکەیەک، دەم و لێوی پاک دەکاتەوەو، ئاهێک هەڵدەکێشێ و دەڵێ:«خێراکە هاپۆ، مردن براگەورەیە، هەموومان هەر دەمرین. کوڕینە بەراستی تاقەتم چوو، ئەمە نەبوو بە گالیسکەرانی. ئەم کابرایە کەی دەمانگەیەنێ، خوا بیباتەوە؟»

«گەردنی لەبەر دەستتە، ماتەڵی چیت؟»

پیرە سەگ، خۆ گوێت لێیە چ دەڵێ؟ حەز دەکەی گەردنت بشکێنم! پیاو بەپێ بڕوا لەم حاڵە چاکترە، گوێت لێمە؟ هاپۆ یادگار، خەوتوی یان بێدار؟ خۆناشێت لەم گوێیەتەوە بێت و لەوی دییەوە بڕوات»

ئەیونا، لەبری ئەوەی بەو هەموو تەوس و تانەو تەشەرەیان دڵگران بێ، کە گوێی لەدەنگیان دەبێ، بەپێکەنینەوە دەڵێ:«ها، ها. کە گەنجی قۆشمەو سوعبەتچین، خوا لە کەموکوڕیتان ببورێ!» یەکێک

لەهەرزەکارەکان دەپرسێت!«گالیسکەچی تۆ ژنت هەیە ؟»

«من؟ ها ، ها ، لاوانی بێ خەم! ژنی من تەنیا بستێک زەوی شێدارە... هەی دادو بێداد... مەبەستم گۆڕە گۆڕ. کوڕەکەم قەزاو بەلاَی ئێوەی برد، کەچی من ماوم.. سەیرە، مەرگ بەهەڵە لەدەرگای داوە، لەبری من بەرێتەوە، کوڕەکەمی بردەوە...»

ئەیونا ، روو وەردەگێڕێ تا سەر بردەی مەرگی کوڕەکەی بگێڕێتەوە، رێک لەم کاتەدا قەمورەکە هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و دەڵێ:«سوپاس بۆ خوا، ئاخرییەکەی گەیشتین».

ئەیونا ، کرێکەیان لێ وەردەگرێ. تا لە تارکییەکەدا ون دەبن. هەر تەمەشایان دەکات.. جارێکی دی تەنیایی و بێدەنگی گەمارۆی دەدەنەوە. ئەو خەمەی کە بۆ ماوەیەکی کەم رەهای کردبوو، بۆی دەگەڕێتەوەو لەجاران توندتر چنگ دەخاتە دڵی. بەنیگای نیگەران و لەزەوە، چاو بەنێو ئاپورای خەڵکەکەی هەردوو بەری شەقامەکەدا دەگێڕێ، تا کەسێک پەیدا بکات کە گوێی لێ بگرێ. خەڵکی بێ گوێدان بەوو بەنیگەرانی ئەو بەپەلە تێدەپەڕن. خەمی ئەو، بارێکی لەرادە بەدەر گرانە، لەوەیە ئەگەر دڵی شەقبەرێ و خەمەکەی هەڵبرێژێ، هەموو دنیا غەرق بکات. کەچی ئەو خەڵکە تێدەپەڕن و هەست بە کڵۆڵی ئەو ناکەن. خەم لەجێیەکی وەهادا خۆی قایم کردووە کە هیچ کەسێک، تەنانەت بەرۆژی روناکیش، نەتوانێ بیدینێ.

ئەیونا ، کۆڵبەرێک لەپەنای چەند گۆنییەکدا دەبینێ و لێ دەبڕێ، قسەی لەگەڵدا بکات. دەرگاوانێک دەبینێ...

ــ هاوڕێ سەعاتمان کردووە بەچەند؟

ــ لەنۆ رەت بووە. ئەوە بۆ لێرە وەستاوی. بچۆ ئەولاتر.

ئەیونا ، تۆزێ دور دەکەوێتەوە. دوولۆ دەبیتەوەو تەسلیمی خەم دەبێ. هەست دەکات، رووکردنە بنیادەمان و چاوەڕوانی کۆمەک لەوان بێهودەیە. دوای پێنج دەقیقە، قیت دادەنیشێت، وەکو یەکێک ئازار کەوتبێتە گیانی، سەرهەڵدەبڕێ و تەکانێک بە هەوسارەکە دەدا. ئیدی سەبری لەبەر دەبڕێ. تەویلەی بیر دەکەوێتەوە. ئەسپە چکۆلەکەشی وەکو ئەوەی لە مەبەست و نیازی حاڵی بووبێ، بەچوار ناڵە دەکەوێتە رێ.

ئەیونا ، پاش سەعات و نیوێک، لەبەر سۆپایەکی گەورەی پیس دا رۆدەنیشێ. خەڵکی بە چوار دەوری سوپاکەو لەسەر تەختەکان دا لە پرخەی



خەودان. هالاَوی گەرمی سۆپاکە، پیاو تەنگە نەفەس دەکا.

ئەیونا ، نیگایەکی خەڵکە نوستوەکە دەکات، بەدەم خۆ خوراندن و هەڵکڕاندنەوە، پەژیوان دەبێ لەوەی کەوا زوو هاتووە. لەدڵی خۆیدا دەڵێ:«تەنانەت پارەی ئالیکەکەشم پەیدا نەکرد. ئەمەیە خەمی گەورە، کە پیاو ئەرکی خۆی جێ بەجێ بکا هەم خۆی تێر دەخواو هەم ئەسپەکەی هەست بەئاسودەیی دەکات. خەڵکی کەتێر بەسکی خۆیان خواردبێ و ئەسپەکانیان تێربێ، باشیش دەخەون.»

گالیسکەچییەکی گەنج، لەخەو رادەبێ و بۆ شوێنی ئاوی خواردنەوە دەچێ.

ئەیونا ، دەپرسێت:«تینوتە ؟»

ــ بەڵێ، دەمەوێ ئاو بخۆمەوە.

ــ نۆشی گیانت بێ.. دەزانی هاوڕێ، کوڕەکەم مرد... گوێت لێم بوو؟ ئەم هەفتەیە لەنەخۆشخانە.. بەسەر هاتەکەی دورو درێژە.»

ئەیونا ، تاوێک سەیر دەکات، تا کاریگەری قسەکانی خۆی بەدی بکات. بەلاَم چ شتێک لەگۆڕێ نییە، کوڕە گەنجەکە سەری خۆی داپۆشیوەو خەوتوەتەوە. پیرەمێرەکە ئاهێک هەڵدەکێشێ و سەری دەخورێنێ. چەند کوڕە گەنجەکە تینوی ئاو بوو، ئەمیش ئەوەندە تێنوی قسەکردنە. چی وای بۆ هەفتانەی مەرگی کوڕەکەی نەماوە. کەچی تانهو نەیتوانیوە باسی مردنەکەی بۆ چ کەسێک بکات. مرۆڤ دەبێ بەهێواشی و بەوردی باسی بکات و بیگێڕێتەوە: چۆن لەپڕ کەوت و ئیدی راست نەبوەوە؟

چ دەردو ئازارێکی بەسوێی چەشت؟ بەر لەمردن چ قسە گەلێکی کردو چۆن مرد؟ پیاو، دەبێ بەوردی باسی کفن و دفنەکەی بکات، هەروەها باسی چونی خۆی بۆ خەستەخانە تا جل و بەرگی کوڕەکەی وەربگرێتەوە. ئانیسیای کیژی لەگوند ماوەتەوە، دەبێ باسی ئەویبش بکات. ئایا ئەم شتانە شایانی باس کردن نین؟! بێگومان گوێدێر نارەحەت دەبێ، ئاه هەڵدەکێشێ، هاوخەمی لەگەڵ ئەودا دەکات. واچاکە دەردی دڵی خۆی بۆ ژنانیش هەڵڕێژێ؛ چونکە ئەوان ئەقڵیان خەفیفەو بەدوو کەلیمە قسە دەکەونە گریان و لوشک و هوڕ.

ئەیونا ، لەفکران ڕا دەچێ:«بابچم بەلای ئەسپەکەمەوە، وەخت زۆرە بۆ نوستن.

پاڵتۆکەی لەبەر دەکات و روەو تەویلەکان بۆ لای ئەسپەکەی وەرێ

دەکەوێ؛ بیر لەزورات، لەکاو لەهەوا دەکاتەوە. لەتەنیایی دا، ناوێرێ بیر لەکوڕەکەی بکاتەوە. هەر کەسێکی لەگەڵ دا بێ، دەتوانێ باسی کوڕەکەی خۆی بۆ بکات. بەڵام لەتەنیایی دا و بیرکردنەوە لەوو بەرجەستەکردنی ئەو لەبەرچاوی خۆی، زۆر لەبەری گران و بەسوێیە.

ئەیونا، سەیرێکی چاوە گەش و درشتەکانی ئەسپەکەی دەکات و دەپرسێت:«چ دەکەی؟ خەریکە تێربی، دەبخۆ دەی. کە پارەی زوراتت پێ پەیدا نەکرێ، دەبێ بەگیا قاییل بی. بەڵێ من زۆر پیرو کەنەفت بووم، گالیسکەرانی لەمن نایەت، لەکوڕەکەم دەهات... بریا دەما!»

ئەیونا، تاوێ بێدەنگ دەبێ، ئەوجا لەسەری دەڕوات:«ئەمەیە دەردی من ئەسپە پیرەکەم. ئیدی کوزما ئایونیچ نەما. بەجێی هێشتین، ڕۆیی. جاتۆ وەرە بهێنە بەرچاوی خۆت کە جوانوبەکت هەیە، باوکی بووی.. لەپڕ جوانوەکەت وەغر بکاو بەجێت بێڵێ، خەفەتی بۆ ناخۆی؟!»

ئەسپە چکۆلەکە، سەرقاڵی جوینە، گوێ دەگرێ. هەناسەکەی بەردەستی خاوەنەکەی دەکەوێ.

ئەیونا، بەرگەی بیرو خەمەکەی خۆی ناگرێ، شانی لێ قایم دەکاو لەنوکەوە تاکۆتایی. سەربردەی کوڕەکەی خۆی بۆ ئەسپە چکۆلەکە دەگێڕێتەوە.



# هەڵسەنگاندنی چیرۆکی «تازیە باری»

**نوسینی/ کلینت بروکس/ رابرت پن وارن**

چیرۆکی«تازیە باری» وێنەی روداوێکی سۆز بزوێن دەگرێ. گالیسکەچییەکی پیری کوڕ مردوو لەم جیهانە بەرینەدا کەسێکی دەست ناکەوێ تا خەمی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێ؛ سەرەنجام روو دەکاتە تەویلەی شوێنی ئیسراحەتی ولاغان و سەربردەکە بۆ ئەسپەکەی خۆی دەگێڕێتەوە. هەر نووسەرێک خۆی لە قەرەی نوسینی چیرۆکی وەها بدا، زۆر لە گوینە بەرهەمێکی عاتیفی بەدەستەوە بدات. جا لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ سەرنجی ئەو خاڵە بدرێ کە چیخۆف بۆ خۆ دور خستنەوە لە عاتیفی بوونی کەرەستەی کارەکەی چ تەکنیکێکی بەکار هێناوە.

یەکێک لەو خاڵە گەشانەی کە خوێنەر لەچیرۆکی «تازیە باری» دا بەدی دەکات، نیشاندانی بابەتیانەو بێ لایەنانەی روداوەکەیە. نووسەر کۆمەڵێک دیمەن و رووداو دێنێ بێ ئەوەی بۆ مەبەستی تایبەتی، بایەخی پتر بە هیچ یەکێکیان بدات.

لەپەرەگرافی یەکەمدا، بڕوانە وێنەی تەنیایی کابرا کە چۆن لەو سەر شەقامەو بەو درەنگە شەوە، بەفر بەسەر خۆی و ئەسپەکەیدا دەبارێ. ئەم دیمەنە هەرچەندە تەنیایی بەرجەستە دەکات، بەڵام ئەو شەرحەی کە لەوەسف کردنی چیرۆکەکەدا دێ، هاوخەمی ئێمە نابزوێنێ. لە حەقیقەتدا کاتێ کە چیخۆف وەسف کردنی راستەوخۆ و بێ لایەنانەو بابەتیانە وەلادەنێ، بۆ ئەوەیە کە رادەی هاودەردی ئێمە کەم ببێتەوە نەک زۆر ببێ. چونکە دیمەنەکە کەمتر حەقیقی دێتە بەرچاو:«گالیسکەچییەکە لەبەفرا سپی دەچێتەوەو لەتۆ وایە تاپۆیە.»و «ئەسپە چکۆلەکەش سەراپا سپییە، بێ جوڵە لە جێی خۆی وەستاوە؛و بەوحاڵە شەپرێوەوەو بەلاقە تەختە ئاساکانی یەوەو، تەنانەت لەنزیکیشەوە، لەو ئەسپە دارینانە دەچێ کە هەریەکی بە یەک کوپیکە.» بەراوردی پیاوو ئەسپەکە لەگەڵ تاپۆو ئەسپە دارینەدا، پتر بەومەبەستەیە تا دیمەنەکە بەشێوەیەکی زیندوو ورد نیشان بدرێ. بەڵام تاپۆو ئەسپە دارینە شتی خەیاڵین، نەهەستیان هەیەو نە دەرەنجێن، بۆیە ناتوانن هاوسۆزی چ کەسێک بووروژێنن. بەگوتەیەکی دی هەرچەندە دیمەنەکە تەنیایی دەردەبرێ، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا بایەخی زۆری

لەسەربردەی کابرای گالیسکەچی دا هەیە، بەڵام بەشێوەیەک ڕێکخراوە کە بەئاراستەیەکی پێچەوانەی بزواندنی هاسۆزی هاوخەمی بڕوات، نەک بەرەو جۆشدانی هاوخەمی بڕوات. لەتۆ وایە چیخۆف دەیەوێ بڵێ دیمەنی چیرۆک دەبێ تەنیا بەیارمەتی بایەخ و بەهاکانی خۆی، خۆی نیشان بدات.

ئەو پیشاندانە بابەتی و بێ لایەنانەیەی کە سەبارەت بە پەرەگرافی یەکەمی چیرۆکەکە باسمان کرد، لەنێو هەموو ئەو ڕووداوە جۆراو جۆرانەدا کە کاری چیرۆکەکە دەسازێنن، بەدی دەکرێ.

کابرای گالیسکەچی، نەفەرێک سوار دەکا، پێ دەچێ مرۆڤێکی ڕێک و پێک و هێدی و هێمن بێ. ڕواڵەتی ئەفسەرەکە، کابرای گالیسکەچی هاندەدا تا گرێی دڵی خۆی بۆ بکاتەوەو باسی مردنی کوڕەکەی خۆی بکات؛ بەڵام چیخۆف لێرەدا، لەڕوانگەی گالیسکەچییەکەوە چ شتێک لەمەڕ چەمکی واقیعی مردنی کوڕەکە ناڵێ و تەنیا ئەوە بۆ ئێمە دەردەبڕێ کە گالیسکەچییەکە: «بەناچاری بزەیەک دەکاو بەدەنگێکی گیراوەوەو بەزەحمەت دەڵێ» کە کوڕەکەی مردووە، وەسفی چۆنێتی قسەکردنی گالیسکەچییەکە، بۆ یەکەمجار هەستەکانی کابرای پیرە مێرد بۆ ئێمە کەشف دەکا؛ لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، دەبینین کە وەسفی نێوبراو، وەسفێکی بابەتی و لەڕاستیدا تا ڕادەیەک تەم و مژاوییە. ئەم بزەیە چ مەعنایەکی هەیە؟ دەتوانین بڵێین کە لە ڕوویەکەوە، وەڵامێکی هەقناسانەیە دەرهەق بەراستگۆیی ئەفسەرەکە، کە خۆی لەخۆیدا هاوتای هەموو تەنیایی دیمەنەکەیە. بەڵام ئەم بزەیە، وەکو تاپۆکەو ئەسپە دارینەکەی دیمەنی یەکەم، بۆیە قوت کراوەتەوە تارادەی هەر جۆرە هاوخەمییەکی ئێمە لەگەڵ کابرای گالیسکەچی خەمباردا کەم بکاتەوە، نەک زیادی بکات.

بەهەرحاڵ، کاتێ کە گالیسکەچییەکە، هەست بەسەرسامی ئەفسەرەکە دەکات، گالیسکەرانی فەرامۆش دەکات، تا بەوردی باسی مردنی کوڕەکەی بگێڕێتەوە. توڕەبوونی کەسێک لەنێو تاریکییەکەوە قسەکەی پێ دەبڕێ و ئەو جا ئەفسەرەکە پێی دەڵێ پەلە بکات و بۆ ئەوەی بواری قسەکردنی زیاتری نەداتێو پشت دەداتەوەو چاوەکانی دەنوقێنێ.

چونکە ئاگاداری ئێمە لەمەڕ هەستەکانی گالیسکەچییەکە لەڕێگەی گفتوگۆکانی ئەوەوەیە نەک لەڕێگەی شیکردنەوەوە، بۆیە کەم بایەخە. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەم ئاگادارییەش تەواونییە؛ و بەتەواوەتی پەردەی لەسەر لانەبراوە. بەم جۆرە، لێرەدا، نیشاندانی مەیلەو شانۆیی و پەرەپێدانی



چاوەڕوانی خوێنەر، هاوشانی یەکتر دەچنە پێشێ.

هاندەری نێو براو لە دیمەنی دوایی دا، گاڤێ کە گالیسکەچییەکە هەوڵدەدا سەری قسان لەگەڵ نەفەرە لاسارو نامیهرەبانەکاندا بکاتەوە، پەرەسەندنێکی پتر بەخۆوە دەبینێ. دیدی ئەوان سەبارەت بەئەو، دیسان تاکیدە لەسەر تەنیایی ئەو. هەوڵ دەدا سود لەهەستی وان وەربگرێ و دڵیان نەرم بکات. بێگومان ئەم ڕەفتارەی ئەو لەڕویەکەوە، لەوەیە لەبەر ئەمەبێ کە بیەوێ میانەیەکی باشی لەگەڵ نەفەرەکانیا هەبێ و هەروەها نیشانەی پایەی نزمی ئەوە لەنێو کۆمەڵدا. بەڵام لەڕویەکی ترەوە، لەوەیە نیشانەی ئەوەبێ کە کابرای پیرەمێرد بۆیە هەموو لاری و خوارییەک دەکێشێ تا بتوانێ سەر بهوردەکەی خۆی بگێڕێتەوە. بەمجۆرە، ڕەفتاری ئەو بەشێوەیەکی نمایشی ئاماژەیەکە بۆ ئەم زەرورەتە بێ چەندو چونەی کە ئەو ناچارە بەسەرهاتەکەی بگێڕێتەوە. «پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێ کە چیخۆف تەنانەت لێرەشدا کارێک دەکات کە لە تین و تاوی دڵسۆزیمان سەبارەت بە ئەیونا کەم ببێتەوە؛ دەکرێ بگوترێ کە ئەم سێ هەرزەکارە بەئیلزام دڵ ڕەق نین، بەڵکو لەوەیە تەنیا مەست و خەیاڵ بن.» پاش ئەوەی کە هەرزەکارەکان دادەبەزن و کابرای گالیسکەچی هەمدیس بەتەنیا دەمێنێتەوە؛ چیخۆف یەکەمین بۆ چونی خۆی سەبارەت بە شوێنی دیمەنەکە بەراشکاوی دەردەبڕێ: «خەمەکەی، کە بۆ ماوەیەکی کورت ڕەهای کرد، بۆی دەگەڕێتەوەو بەهێزتر لەجاران چنگ دەخاتە دڵی. بەنیگای نیگەران و لەز چاو بەنێو ئاپۆرای خەڵکی هەردوو بەری شەقامەکەدا دەگێڕێ تا بەڵکو تاقە کەسێکی دەست بکەوێ و دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێ.» بەگوتەیەکی دی، چیخۆف هێندە زیرەکە، کە بەر لەوەی مەسئولیەتی دەربڕینی بۆ چونە ڕاشکاوەکەی خۆی وەئەستۆ بگرێ، مەوقیعەتی دیمەنەکە بەشێوەیەکی نمایشی مەحکەم بکات. بەپێچەوانەی دەربڕینی بۆ چونی چون یەک، کە هاوخەمی خوێنەر دەبزوێنێ، ئەم دەربڕینی بۆچونە، ئەوەی کە خوێنەری وردبین و زیرەک لەپێشدا بۆی چووەو هەڵی هێناوە، ئەم خولاسەی کردۆتەوە؛ خولاسەیەک کە تەحلیلی زەین و هزری گالیسکەچییەکەشی گرتۆتە خۆ. گالیسکە چییەکە، لەو ماوەیەدا کە فشە پێوەندی لەگەڵ خەڵکی دا هەبووە، ئەگەر پێوەندییەکی ناخۆشی وەکو ئەوەی هەرزەکارە مەستەکانیش بووبێ. خەمەکەی نیشتووەتەوە؛ بەڵام هەنوکە کە بەتەواوەتی تەنیایە، خەمەکەی زیاتر بووە؛ بەرادەیەک ناچار بووە لەگالیسکەکەی

دابەزێ و بەدوای هاودەمێک دا بگەڕێ. بەڵام هەوڵی ئەم، بۆ کردنەوەی سەری قسە لەگەڵ کابرای کۆڵبەردا بێ ئاکام دەبێ و لەدوا ئەنجامدا بەرەو تەویلەکان دەگەڕێتەوە. لەوێدا مرۆڤ چاوەڕێی ئەوە دەکات کە کابرای گالیسکەچی بەلای کەمەوە لەنێو هاوچینەکانی خۆیدا هاوخەمێک بدۆزێتەوە. بەڵام لەوێندەرێش ناچاردەبێ پەنا بۆ خۆی بەرێ. ئەم خاڵە، زەمینە بۆ نمایشی دووەمی تەحلیلی حاڵەتی زهنی گالیسکەچییەکە خۆش دەکات. چیخۆف، ئێستا بۆ یەکەمجار هەندێ وردەشت لەمەڕ مردنی کوڕەکە بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە. بەڵام ئەم وردەشتانە راپۆرتکارانە نییە؛ بەڵکو سەرەتان بۆ پرسیارێک کە دوای ئەوەی بۆی دەردەکەوێ کەس گوێی لێ ناگرێ، لە قولایی دڵییەوە هەڵدەقوڵێ: «ئایا ئەمانە بایەخی گوتنیان نییە؟ ئایا ئەمانە شایانی گوتن نین؟»

دەڵێی هەستەکانی پیرەمێرد ـ تێنەگەیشتنی ئەو لەجیهان و تەنیایی ئەو لەجیهاندا ـ لەم رستەیەدا خەست دەبێتەوە؛ لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر مەسەلەکە هەر ئەمەندە بوایەو بەمن، چیرۆکەکە پاش نەقڵ کردنی بیرەکەی تری پیرەمێرد: «بابڕۆم فریای ئەسپەکەم بکەوم، کات بۆ نوستن زۆرە...» لەوانەبوو بەکۆتایی گونجاوی خۆی گەیشتبا. بەڵام مەوقیعیەت ئاڵۆزترە، لەبەر ئەمە دوا شیکردنەوە دەکەوێتە ئختیاری ئێمەوە. شیکردنەوەیەک کە بەراستی چاوەڕوانی دەکەین. ئەیونا، هەوڵی دەدا بیر لەزورات، کاو هەوا بکاتەوە. پێ دەچێ بیەوێ خزمەتی ئەسپەکەی خۆی بکات، بەڵام بۆمان بەدیار دەکەوێ کە لە حەقیقەت دا لەم ڕووەوە بیر لەم شتانە دەکاتەوەو بەرەو ئەسپەکەی خۆی دەچێ چونکە توانای ئەوەی نییە بیر لە دەست چونی کوڕەکەی بکاتەوە. هۆی چوونی بۆ تەویلەکەو هەڵڕشتنی خەمەکانی بۆ ئەسپەکەی، لە بڕیارێکی شعورییەوە هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو ئەمە وەلامدانەوەی پێداویستییەکی لا شعورییە. هەرچەند ئەم پێداویستییە لا شعورییە تەواوە پێداویستییە لا شعورییە سەرەتای گفتوگۆی نێوان پیرەمێرەکەو ئەسپەکە بە چ ئاوو تاوێ دەست پێدەکات: «خەریکە تێر ببی؟ خەریکە سکت لە تازیە باری دەربکەی؟» لەتۆوایە پیرەمێردەکە لەگەڵ منداڵێکی خۆیدایە نەک لەگەڵ ئەسپ. بەڵام پێداویستییە لاشعورییەکە هێندە بەرفرەو زاڵە کەپێش ئەوەی پتر لەیەک ـ دوو رستە بدرکێنێ بەسەرهاتی کوڕەکەی خۆی دێنێتە پێشێ. کاتێ کە سەری قسان لەگەڵ ئەسپەکەدا دادەمزرێنێ، شتێک شرۆڤە دەکات کە نەیتوانیوە لەگەڵ چ



کەسێک دا باسی بکات. لێرەدا خاڵی شایانی سەرنج ئەوەیە کە نەک تەنیا ئەوەی پیرەمێرەکە دەیلێ، بەڵکو شێوەی دەربڕینەکەش گرینگە: بەدەنگێکی هێندە نەرم و پڕ حەنین دەدوێ لەتۆ وایە باوکێک لەگەڵ منداڵە ساواکەیدا قسان دەکا: «باوا بلێین، وای دابنێ تۆ جوانویەکت هەبووە، بابی جوانویەک بووی...»

هەموو ئەم روداوە لاوەکی یە. هەرچەندە روداوەکانی پێشینی چیرۆکەکەو هەروەها تەحلیلی دەرونی پێشەکییەک بوون بۆ ئەو ئاوێنەی تەنزێکی سەیرو غافڵگیرانەیە؛ رووداوەکە غافڵگیرانەو کوت و پڕە، چونکە لێبڕانی گالیسکە چییەکە بۆ ڕۆییشتن بۆ تەویلەکە، بەلای کەمەوە لەرووی رواڵەتەوە، وەکو هەرکارێکی ئاسایی دیکە پیشان دەدرێ؛ کابرای گالیسکەچی دەڕوات تا فریای ئەسپەکەی بکەوێ. روداوەکە تەنز ئامێزە چونکە تەفسیرو شرۆڤەیەک دەربارەی جیهانێک بەدەستەوە دەدا کە لەو جیهانەدا، مرۆڤێک تەنیا دەتوانێ دەردی دڵی خۆی بۆ حەیوانێک هەڵڕێژێ. لەمەش بترازێ، ئەم تەنزە کوت و پڕە، چونکە چیخوف دنیای چیرۆکەکەی بەشێوەیەک پیشان داوە کە ئەوەندە پڕ کەرب و کین و زاڵمانە نایەتە بەرچاو: هەندێ لە خەڵکەکە بۆیە گوێ بەپیرەمێردەکە نادەن، چونکە سەرقاڵی کاری خۆیانن، یافریای کاری خۆیشیان ناکەون. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم دنیا بەرواڵەت ئاساییە، دەبێ بەجیهانێک کە مرۆڤێک لەنێو تیرەی هاورەگەزانی خۆیدا کەسێکی دەست ناکەوێ دەردە دڵی بۆ بکات و ناچار پەنا وەبەر حەیوانێکی نێو تەویلان دەبات و ئەم خاڵەش ناوەرۆکی چیرۆکەکە پێک دێنێ.

# حەمە کەریم عارف

* کەرکوکییە و لە ساڵی ١٩٥١ دا لە دایک بووە.
* لە ساڵی ١٩٧٥دا کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردوە.
* لە ساڵی ١٩٧٧ وە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاودەکاتەوە.
* نۆ ساڵی هەرەتی لاوی، بێ وابە ستەگی حیزبی، لە پێشمەرگایەتیدا بەسەر بردووەو، وەکو بەشداریەکی مەیدانی و، ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد دا، شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.
* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکوک، نووسەری کوردستان، کەلتور، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢ بە ناوی؛ گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محمدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح.ع بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.
* لە هەشتاکانەوە تا ئێستا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کوردی کردووە.
* زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە، لە نرخی نەبوودان..

تەنیا ئەوەندەیە لە فەوتان رزگاربوون و هیچی دی، هەندێک لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆک.
٢- کۆچی سوور، چیرۆک.
٣- بەیداخ، چیرۆک.
٤- داوەتی کۆچەریان، کۆ چیرۆک.
٥- لەخۆ بێگانە بوون، کۆ چیرۆک.
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆک بە فارسی.

وەرگێران:

٧- نینا، ڕۆمانی سابت رەحمان.
٨- نامۆ، ڕۆمانی ئەلبێر کامۆ.
٩- ڕێبەر، ڕۆمانی مەهدی حسێن.
١٠- شکست، ڕۆمانی ئەلکساندەر فەیداف.
١١- هاوماڵەکان، ڕۆمانی ئەحمەد مەحمودی «بەرگی ١».
١٢- بێناسنامەکان، ڕۆمانی عەزیز نەسین.
١٣- قوربانی، ڕۆمانی هێرب میدو.
١٤- دووره وولات، ڕۆمانی ع. قاسمۆف.
١٥- ئازادی یا مەرگ، ڕۆمانی کازانتراکیس.
١٦- هاوماڵەکان، ئەحمەد مەحمود «بەرگی ٢»
١٧- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی.
١٨- ئامانجی ئەدەبیات، م. گۆرکی.
١٩- دلێری خۆ ڕاگرتن، یاداشتنامەی ئەشرەفی دەهقانی.
٢٠- مەسەلەی کورد لە عێراقدا، عەزیز شەریف.
٢١- مێژوی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا.
٢٢- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعود ئەحمەد زادە.
٢٣- کورد، گەلی لەخشتە براوی غەدر لێ کراو، د.گوینتەر دێشنەر.
٢٤- لەمەهابادی خوێناویەوە بۆ کەنارێن ئاراس. نەجەف قولی پسیان.



٢٥- گوزارشتی موسیقا، د. فواد زەکەریا.
٢٦- دەربارەی شیعرو شاعیر، رەزا بەراهەنی.
٢٧- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایزلەر.
٢٨- بەدوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل ئەلقەیسی.
٢٩- جولەکەکەدی ماڵتە، شانۆنامە، مالرو.
٣٠- داد پەروەران، شانۆنامە، ئەلبێر کامۆ.
٣١- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە. ئەلبێر کامۆ.
٣٢- چاو بەچاو، شانۆنامە، گەوهەر موراد «غولام حوسێن ساعدی».
٣٣- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە. شکسپێر.
٣٤-گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عبدوللا ئەلبوصێری «لەهەشتاکانەوە لای کاک مەحمود زامدارە».
٣٥- کورد لەئەنسکلۆپیدیای ئیسلام دا.
٣٦- هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی. پلیخانۆف.
٣٧- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنوسی ئافرەت. ئیڤلین ریید.
٣٨- لێکدانەوەیەک لەمەڕ نامۆی ئەلبیر کامۆ.
٣٩- منداڵە دارینە، چیرۆکێکی درێژە بۆ منداڵان.
٤٠- فاشیزم چی یە، کۆ چیرۆک بۆ منداڵان، یەڵماز گونەی.
٤١- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بومنداڵان.
٤٢- زندەخەون، کۆ چیرۆکی چیخۆف.
٤٣-ئەفسانەێن گریکی و ڕۆمانی.
٤٤- هەڵبژاردەی چیرۆکی فارسی(١) کۆ چیرۆک: (جێ پێ).
٤٥- چیرۆکستان.
٤٦- چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، حەمەکەریم عارف.
٤٧- گۆڤەند و زنار- فەرهەنگی فارسی کوردی، حەمەکەریم عارف.
٤٨- پەلکە ڕەنگینە، حەمەکەریم عارف.
٤٩- چەندین چیرۆکی بێگانە.
٥٠- چرنیشڤسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس.
٥١- چایکوفسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٢- صادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی.
٥٣- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی.
٥٤- ڕێبازە هونەریەکانی جیهان.
٥٥- ئەدگارئالن پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- یەڵماز گونەی هونەرمەندی شۆڕشگێر، ژیان و بەرهەمی.
٥٧- ئەهلی دۆزەخ، جاک لەندەن، ژیانی بەرهەمی.
٥٨- ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا.
٥٩- کۆمەڵێک ئەفسانەی جیهانی.
٦٠- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە.

* لەڕاپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی دەکات و بەرهەمی هەمە جۆری نووسراو و وەرگێردراو بڵاودەکاتەوە، بەتایبەتی لە ڕۆژنامەو گۆڤاری: برایەتی، خەبات ، ڕێگای کوردستان، پەیمان، دەنگی میللەت، ڕامان، گوڵان، کاروان، مەتین، گازی، پەیڤ، سەنتەری برایەتی، ڕۆژنامەی یەکبوون.
* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و هەرکەس و گروپ و لایەنێک تەماحی بڵاوکردنەوەی هەبن، ئامادەیە بەخۆڕایی پێشکەشیان بکات...